■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـديق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
MANAGING EDITORS
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان رەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com


■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)











چۆن لە پرۆسەی ژنهێنان فێلم لێکرا ؟





یانەی هەولێر سبەی ڕووبەڕووی یانەی عەربی کوێتی دەبێتەوە


ئەو شاجوانەی خۆی بە جوان دانانێت

# ماڵئاوا



سالار عوسمان

* شـــەش ساڵ و چوار مانگ و بیست ڕۆژە لەم لاپەڕەیە و لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە( گوڵان) بەئێوەی خۆشەویســـت دەگەم، ئەمڕۆ دەمەوێ ماڵئاوایتان لێ بکەم، لە ســـاتەکانی ماڵئاواییدا قسە زۆرە، ئەگەر فریای هەندێکیان بکەوم زۆر باشە، لە نێو ئەو هەندە قسەیەدا بەر لە هەر شت دەمەوێ هۆکاری ماڵئاواییەکەتان پێ بڵێم، بە هەقیقەت شـــەش ساڵ و چوار مانگ و بیست ڕۆژ ماوەیەکی کەم نییە بۆ نووســـینی هەفتانەی گۆشە یان ستوون یان لاپەرەیەک، کەواتە دوای ئەم ماوەیە دەمەوێ جۆری نووسین و مامەڵە کردن دەگەڵ پرۆســـەی نووســـین بگۆڕم بە ئاراستەی قوڵبونەوەی زێتر بەنێو نووســـیندا، چونکە سروشـــتی گۆشـــە و ستوونی ڕۆژنامەنووســـی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە،وەک:- (ڕۆژانەیی + کۆکردنەوەی ڕووداوەکان + خســـتنەڕووی بابەت و دیاردەکان+ بیر و ڕا و چارەســـەرکردن+ پێشـــنیاز)... هەر بۆیـــە بەواتایەکی تر قووڵبوونەوە و شـــرۆڤە کردن و وردەکاریی کەمتـــر بـــە خۆوە دەبینێ، هـــەوڵ دەدەم لەمـــەو دوا پتر بە نێو ئەولایەنە هونەرییانەی نووســـیندا ڕۆ بچم و پانتایی نووســـین و بڵاوکردنەوەکانیشم فراوانتر بکەم.

* بیرۆکەی نووســـینی ئەم لاپەرەیە (ســـەرەتا ستوون بوو، دواتر بوو بـــە لاپەرە) بۆ دیدارێکـــی نێوان برای بەرێـــز کاک بێوار عبدالرحمن و بەندە دەگەڕێتەوە، ئەوکات کاک بێوار عبدالرحمن سەرنووســـەری گۆڤاری گوڵان بوو، یەکەمجار ستوونەکە نێوی (پەنـــد و بەند) بوو کە یەک ســـاڵی خایانـــد،( ٢٠٠٢/١٠/٣٠ تـــا ٢٠٠٣/١٠/٣٠ )، دواتر نێوی گـــۆڕا و بوو بە (ڕۆژباش) و پاشـــانیش هەر بەردەوام بوو بەڵام بێ ناو،هەر لێرەوە بە حورمەتەوە سوپاسی خۆم ئاراستەی کاک بێوار عبدالرحمن دەکەم و هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم .

* لـــە هەموو ئەم ماوەیەدا و تا ئەمڕۆش کە دوا وتار دەنووســـم گۆڤاری گوڵان وشەیەک، دەســـتەواژەیەک، بیروڕایەکی منی سانسۆر نەکرد ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوڵان گۆڤارێکی بڕوا بە خۆ و سەنگین و هەمدیس پانتاییەکە بۆ جیاوازی بیروڕا، چونکە لە نێو نووســـین و بۆچوونەکانی بەندە و نووسەرانی تریش چەندین ڕەخنە و بیروڕای جیاواز دەخوێندرێنەوە ،کە چی گوڵان هـــەر هەموویانی بە هەبوونـــی جیاوازییەکانەوە لە تەک یەک داناوە ، هەر بۆیەشـــە گوڵان وەک بە تەمەنترین گۆڤاری دوای ڕاپەرین خاوەن زۆرترین خوێنەری جدییە لە کوردستاندا.

*هەمووئەمنووسیانەی لە گوڵان نووسیومن لە کتێبێکدا بە چاپیان دەگەیەنم، چونکە بڕوای تەواوم بەوە هەیە کۆکردنەوە و لە چاپدانی وتاری ڕۆژنامەنووسیی، یا گۆشە و ستوونەڕۆژنامەنووسییەکان هاوکاری نووسینی قۆناغە مێژووییەکان دەکەن، چونکە وتاری ڕۆژنامە نووسیی ڕەنگدانەوەی زەمەنی نووسینە، بە واتایەکی تر یەکێ لەئامرازەکانی خوێندنەوەی زەمەنی مێژویی نووسینەکانی هەمان ئەو زەمەنەیە جا لە هەر بوار و لایەنێکەوە بێت.

* هەفتـــە نەبـــوو ئازیزێک یان هاوڵاتییەک یـــان هەندێ جار بەرپرسێک تەلەفون نەکات و باری سەرنجی خۆی لەمەڕ وتارەکە دەرنەبڕێ، هەندێ کەرەت دەستخۆشیی و هەندێ کەڕەتیش ڕەخنە و هەندێ جارانیـــش تووڕەیی هەندێ لایەن و بەرپرس و دەزگا و دایەرە...بەڵام هەر هەمووی هاندەری ئەو کات و مایەی سوپاسی ئێستان.. سوپاسیان دەکەم و ئەوەی من نووسیومە بڕوام پێی بووە و لە پشت هەموو نووسینەکانیشمدا تەنها بەرژەوەندیی کوردستان و خۆشەویستی مرۆڤەکان بوونی هەبووە.

* بـــڕوای نەگۆڕم بەوە هەیە نووســـین بەرپرســـێتییە، تەنانەت تێکستە شـــیعرێکیش کە تەنێ جوانی وەک ئامانج هەڵدەگرێ ئەویش هەر بەرپرسێتییە، چونکە جوانیش وەک چەمک و وەک بوون و دواتریش ژیان لەپێناویدا پڕاوپڕە لە بەرپرسێتی!!

هەموو ئەو نووسینانەی بەرپرســـێتی بەلاوە دەنێن دواجار دەبن بە ئاگر و بـــەر لە هەر کەس نزیکترین نزیک دەســـووتێنن کە قەڵەمەکانە!!

* بـــۆ من گـــوڵان ، ئەمـــڕۆ وەک گۆڤـــار و دوێنێ وەک دەزگایەکی گەورەی ڕاگەیاندن لێوانلێوە لە یادو بیرەوەریی تاڵ و شیرین، لەوانەیە ڕۆژێک بێت یاد و بیرەوەریەکانی خۆم لە بواری کاری ڕاگەیاندن بنووسمەوە و پاژێکی گرنگ و سەرنجڕاکیشی نێو ئەوبیرەوەرییانەش دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان بێت...

بەڵام ئەوەی ئێستا مەبەســـتمە گۆڤاری گوڵانە، بەهەقیقەت هەرلە سەرنووســـەر -کاک فواد ســـدیق-ەوە بگرەتا هەموو ئەو خوشـــک و برایانەی لەو گۆڤارە کار دەکەن خۆشەویستی منن، دەستیان دەگوشم و لە دڵەوە سوپاسیان دەکەم، چونکە لەو ماوەیەدا هەفتانە ماندووم کردوون، خوا نموونەیان زیاد بکات.

* پێشـــتر گوتم گۆڤاری گوڵان بەتەمەنتریـــن گۆڤاری دوای ڕاپەڕینـــە، دیارە قۆناغـــی دوای ڕاپەڕینیش گرنگترین قۆناغی مێژوویی ڕۆژنامەگەریی کوردییە،بەتەمەنترین گۆڤار لە گرنگترین قۆناغدا واتە بەردەوامیی و ســـوربوون و بڕوابەخۆبوون،هەربۆیەشە دەخوازم گۆڤاری گوڵان لەهیچ سەردەم وقۆناغێ و لەژێر گوشاری هیـــچ بارودۆخێ ڕانەگیـــرێ، هەمدیس دەخـــوازم پتر بایەخی پێبدرێت چونکە ئێستا لەنێوەندی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا فرەیی لەمێژوو جۆرو چارەسەرکردنی ڕۆژنامەگەرییانە لەپێشکەوتندایە ولەتەک ئەو پێشکەوتنەشدا کێبڕکێی بەردەوامە،بۆئەوەی گوڵان وەک ناوێکی گەش لەڕیزی پێشـــەوەی فرەیی و پێشـــکەوتن و کێبڕکێکانی نێو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بێت پێویستە بەردەوام بایەخی پێ بدرێت وگوڵان-یش وەک گۆڤار هەمیشە لەنوێبونەوەو خۆگۆڕیندا بێت.

* دواجار،سوپاســـی گەرم بۆهەموو خوێنەرانی ئازیز،کە هەموو هەفتەیـــەک لەڕێگای ئـــەم لاپەرەیەوە چەندســـاتێک لەگەڵ مندابوون،لەمـــەودوا لەزۆرشـــوێنی تر وشـــە لەســـەر خوانی پڕ بەرەکەتی خۆی کۆماندەکاتەوە..

**ماڵئاوا لەئێوەی ئازیز**
**ماڵئاوا لەگوڵان**

# سەرۆکایەتی ئیئتیلافی یەکگرتوو لەنێوان حزبی دەعوەو ئەنجوومەنی باڵادا



فەیسەڵ دەباغ

ئەو شێوازەی کە ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراقی پێ بەڕێوە دەچێت شاراوە نییە، بەتایبەتی لەلای ئەو کەسانەی کە ئاگاداری ڕێڕەوی ئەو ئیئتیلافەن، کە لەسەرەتادا لەحزبی دەعوە بە هەردوو باڵی ئیسلامی و ڕێکخستنی عێراق و ڕەوتی سەدر و حزبی فەزیلەو هەندێ لەکەسانی سەربەخۆ پێکهاتبوو، ئەمە سەرەڕای ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەگشت پێکهاتەکانییەوە، وەك دەزگای شەهیدی میحراب و ڕێکخراوی بەدر.

شێوازی بڕیار وەرگرتن لەناو ئەو ئیئتیلافە و بەشداری هەندێ لەلایەنە سەرەکییەکانی لەگەڵ چەند لایەنێکی دیکەی دەرەوەی ئەو ئیئتیلافە لەچەند بەرەیەکی ئاست بەرزدا، دوو هۆکاری سەرەکین کە وایانکرد ئەو ئیئتیلافە لاواز بێت و لەیەك بترازێ و چەند لایەنێکی لێ دەربچێ وەك ڕەوتی سەدر و حزبی فەزیلە.

ئەو تەوافوق و ڕێککەوتنەی کە پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی یەکگرتووی عێراق ئاماژەی پێکردبوو، وای لەگشت لایەنەکانی کرد بۆ سەرۆکایەتیکردنەکەی تەنازول بۆ سەید عەبدولعەزیز ئەلحەکیم بکەن، ئەمە سەرەڕای چەند هۆکارێکی دیکە کە بەر لەهەموویان:

-١سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵایە، کە ئەو کات لەرووی جەماوەرییەوە لە پێش حزبی دەعوە بوو.

-٢بە تەمەنترین کەس بوو لەسەرکردایەتیەکەی .

-٣بەها ئیعتبارییەکەی لەسەرکردایەتی کردنی لەلایەن کەسێکی بنەماڵەی ئەلحەکیم.

لەبەرامبەردا سەرۆکایەتی وەزیران درا بە حزبی دەعوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی ڕەوتی سەدر ئەو پۆستەی ڕەتکردەوە، نەوەکو یەکێکی ئەو لەو پۆستەدا نەتوانێ بەدروستی هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزی هاوپەیمانااندا بکات و ئەم هەڵسوکەوتەش ببێتەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکان، کە ئەمەیش هەمان هۆکار بوو کە وای لە موقتەدا سەدر کرد، واز لە هەموو پۆستێکی سیاسی بێنێ، کە تایبەتمەند بوو بە ئیئتیلافی یەکگرتووەوە، کە ئەمەیش لە بەرژەوەندی ئەنجوومەنی باڵا بوو و پێگەیەکی دیکەی پێ بەخشی سەرەڕای ئەم پەیوەندییە رووکەشە، ناکرێ بڵێین کە هەر یەك لە دوو ستوونە سەرەکییەکەی ئیئتیلاف، حزبی دەعوەو ئەنجوومەنی باڵا دیدێکی جیاوازیان نەبوو دەربارەی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئیئتیلاف و شێوازی بڕیار وەرگرتن تیایدا، هەروەها لەچۆنییەتی بەڕێوەبردنی حوکمی عێراق لەرێی سەرۆکایەتی وەزیران و دەستەی سەرۆکایەتییەوە.

بەدرێژایی تەمەنی ئەو ئیئتیلافە، هەوڵی وەرگرتنی بڕیار بەشێوەیەکی تاکڕەوانەو لەچەند مەسەلەیەکدا دووبارەبوونەوە، وەك پشتگیریکردنی ئەنجوومەنی باڵا لە داواکاری کورد بەلابردنی د. ئیبراهیم ئەلجەعفەری لەپۆستی سەرۆك وەزیران و هەوڵی سەپاندنی د. عادل عەبدولمەهدی لەجێگەکەی و هەروا بەشداری هەردوولا، واتە دەعوەو ئەنجوومەنی باڵا لەهاوپەیمانییە چوار قۆڵییەکە لەگەڵ دوولایەنی کوردیدا بەبێ ئەوەی پرس بەلایەنەکانی دیکەی ناو ئیئتیلافەکە بکەن.

ئەوەی زانراوە ئەو شێوازەی کە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی پێی بەڕێوە دەبرێت جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەو شێوازەی کەحزبی دەعوەی پێ بەڕێوە دەبرێت.

ئەوەی روونە لەناو حزبی دەعوە دا جۆرە پەراوێزێکی فراوان هەیە بۆ دانوستان و بڕیار وەرگرتن کە ئەمەیان لەناو ئەنجوومەنی باڵادا بەدی ناکرێ.

هۆی سەرەکی لەبوونی ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی باڵا بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی ئەو پەیوەندییە باوەڕهێنانە بە بیردۆزی ویلایەتی فەقیهـ کە بەدیدی زۆربەی بیرمەندانی شیعە جۆرە دیکتاتۆریەتێکە کە پێی دەگوترێ دیکتاتۆریەتی ئیسلام، کە ئەم پەیوەندییەش ڕێ بۆ عەمار ئەلحەکیم خۆش دەکات، بۆ ئەوەی جێی باوکی بگرێتەوە لەسەرۆکایەتیکردنی ئەنجوومەنی باڵادا و بەهۆی ئەو نەهجەوەش توانرا حەکیمی کوڕ ببێتە جێگری باوکی وەك هەنگاوێك بۆ ئەوەی لەباری کۆچی دواییکردنی باوکیدا بکرێتە سەرۆکی ئەنجوومەنەکە، ئەمە لەکاتێکدا چەند کەسایەتییەکی دیکەی سیاسی و ئایینی لەسەرکردایەتی ئەو ئەنجوومەنەدا هەیە کە توانایەکی رادەبەدەریان هەیە، ئەم شێوازو ئەم نەهجە لەگەڵ شێوازو نەهجەکەی حزبی دەعوەی ئیسلامی یەك ناگرێتەوە کە باوەڕی بەکاری دامەزراوەیی و سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵ هەیە وەك ئەمانەش گشتی و مەکتەبی سیاسی، کە ئەمەیش وامان لێ دەکات بە نەهج و شێوازەکەی حزبی عەدالەت و پەرەپێدانی تورکیا بیشوبهێنی کە هەردووکیان دەیانەوێ لەژێر پەردەی ئیسلامیدا دەوڵەتێکی مەرکەزی بەڕێوە ببەن و گشت نەتەوەکانی دیکەی غەیرە عەرەب لە عێراقدا و غەیرە تورك لە تورکیادا لەناو بۆتەی ئەو دەوڵەتە ئیسلامیەدا بتاوێننەوە.

حزبی دەعوە دیدێکی عروبەوی هەیە ئەگەر بۆی بلوێ بەهەموو هێزێکییەوە هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کورد دەدات، نموونەی ئەو هەڵسوکەوتەشی زۆرن و پێویست بەدووبارە و سێبارە کردنەوەیان ناکات، هەروا حەز لەحوکمێکی مەرکەزی دەکات، کە ئەمەیش دژی حەزو ویستەکانی ئەنجوومەنی باڵایە کە دەیەوێ هەرێمێکی فیدراڵی شیعی لەناوەڕاست و باشووری عێراقدا دابمەزرێنێ.

ئەنجامەکانی دوا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

و وەدەستهێنانی حزبی دەعوە ١٢٦ کورسی بەرامبەر بە ٥٣ کورسی ئەنجوومەنی باڵا وایان لەو حزبە کردووە کە لەریزبەندی یەکەمدا بێت پاش ئەوەی کە لەساڵانی رابردوودا لە ریزبەندی دووەمدا بوو، بەتایبەتی لەناوچە شیعەنشینەکاندا، کە ئەمیش لە ئەگەری دامەزراندنی ئەو هەرێمە شیعییەی کەمکردۆتەوە و ئەم ئەنجامەش جێی نیگەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

شتێکی سروشتییە حزبی دەعوە ئاگاداری هەنگاوی دانانی عەمار ئەلحەکیم بێت وەك جێگری ئەنجوومەنی باڵا، کە لە ماوەیەکی کورتدا، ئەگەر ئیئتیلافەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەوانەیە ببێتە سەرۆکی ئیئتیلافەکەش و هەروەها بە جدییەت بۆ رێکخستنی ئەولەویاتەکان هەڵسوکەوت بکات کەبەر لە هەموو شتێك بونیادنانەوەی ئیئتیلافی یەکگرتووە بەپێی دەرهاویشتە مەیدانییە نوێیەکان، بە حیسابی ئەوەی کە لەپێش لایەنەکانی دیکەدایە.

بەپلە یەك ئەوەی وا لە حزبی دەعوە دەکات کە سەرلەنوێ ئیئتیلافەکە بونیاد بکاتەوە، رەزامەندی گەڕانەوەی ئەو لایەنانەیە کە پێشتر لێی کشابوونەوە، مادامەکی شێوازی بڕیار وەرگرتنەکە دەگۆڕێ و کەسیش پشتگوێ ناخرێ، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە رەوتی سەدر ئەوەی سەلماند کە یاریزانێکی بەهێزە و کەس ناتوانێ پشتگوێی بخات و ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی بخرێتە ناو سەبەتەکەی حزبی دەعوە، ئەوا ئەو حزبە دەتوانێ لەبەرامبەر ئەنجوومەنی باڵا زۆرینە پێك بهێنێ.

ناکرێ لەو هاوکێشەیەدا پاشەکشەی ئەنجوومەنی باڵا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا پشتگوێ بخەین کە هۆکارێکە بۆ دووبارە هەیکەلەکردنی ئیئتیلافی یەکگرتوو لەلایەك و کاریگەری ئەو پاشەکشەیە لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە بڕیار وایە لە کۆتایی ئەمساڵدا بەڕێوەبچێت.

لەبەرامبەردا پێشکەوتنی حزبی دەعوە بەو جیاوازییە زۆرە حەتمەن لە پێش هەموو لایەنەکانی دیکە دەبێ بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی ئەو ئیئتیلافە.

پرسیار ئەوەیە: ئایا کاردانەوەی ئەنجوومەنی باڵا لە بەرامبەر هەر ئەگەرێکی وا چی دەبێت؟

لەوانەیە وەڵامی ئەو پرسیارە هێشتا پێویستی بە کاتێکی زیاتر هەبێت، بەڵام دەکرێ لەو رووەوە ئاماژە بە جوڵەی ئەم دواییەی ئێران بکەین، بەتایبەتی دوا سەردانەکەی هاشمی رەفسنجانی بۆ عێراق و دیدارەکەی لەگەڵ سیستانیدا، کە بەقسەی خۆی بۆ دیراسەی ناکۆکییەکانی ئەو هێزانە بوون کە لاگیری لە شۆڕشی ئیسلامی دەکەن و مەبەستیشی لەم قسەیە ناکۆکییەکانی نێوان حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵابوو، کە ئێستا سەرەڕای هەندێ مەسەلە، لەسەر هەموارکردنی دەستوور بەشێوەیەك کە رێ بە حزبی بەعس بدات بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەران بدات ئەو ناکۆکییانە زیاتر بوونەتەوە، لە کاتێکدا مالیکی ئەنجوومەنی باڵا بەکارکردن بۆ دابەشکردنی عێراق تۆمەتبار دەکات لەبەرامبەردا ئەنجوومەن سەرکردایەتی جوڵەیەکی کرد دژ بە مالیکی بە مەبەستی کەمکردنەوەی بودجە و هەروەها دژ بە هەوڵی مالیکی بەدانوستان لەگەڵ بەعسییەکاندا.

ئەو بەرپرسە ئێرانییە کاتێ سەردانی نەجەفی کرد، ویستی سیستانیش هەڵبقورتێنێتە ناو ئەو شەڕەی کە دژ بە مالیکی بەڕێوە دەچێت، هەتا ئەگەر بە لێدوانێکیشی بێت کە تیایدا ئاماژە بەوە بکات کە پێویستە حکومەت سەبارەت بە مەسەلەی هەرێمەکان و دەسەڵاتەکانیان پابەندی دەستوور بێت.

ئێران دژی ویستەکەی مالیکییە بۆ بە مەرکەزیەتکردنی دەوڵەتی عێراق، ئەم هەڵوێستەی ئێرانیش لەگەڵ ویستی کورد یەك دەگرێتەوە کە پێیان وایە ئەم ویستەی مالیکی پێچەوانەی دەستوورە کە تیایدا تەئکید لەسەر بەهێزکردنی هەرێمەکان دەکرێتەوە. بەپێی راپۆرتێکی ئەلغەدی ئەردەنی وەنەبێ مالیکی هەستی بەو نیازەی رەفسنجانی نەکردبێ، بۆیە بەو گەرمیە پێشوازی لە رەفسنجانی نەکرد کە سەرۆك کۆمار لێی کردبوو، بۆیە هەر زوو راوێژکارێکی خۆی نارده واشنتۆن بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە کە کورد بە لاگیری کۆماری ئیسلامی ئێران خەریکی پیلانێکە دژ بە ئەو و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیش کەپشتگیری لەو هەنگاوەیاندا دەکات.

ئەگەر ئەو راپۆرتەی ئەلغەدی ئەردەنی راست بێ، ئەوا بەو واتایە دێ کە ئێستا حزبی دەعوە یاری لەسەر پەتەکەی ئەمەریکا دەکات و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیش لەسەر پەتەکەی ئێران.

عەبدولعەزیز ئەلحەکیم خاڵی سەرەکی پەیوەندی بوو لە نێوان ئەمەریکا و ئێران، هەردوولا پشتیان بە نێوانبەرییەکەی دەبەست لە مەسەلەی رێکخستنی هەماهەنگی و هاریکاری نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و میلیشیاتی تایفی کە ئێران پشتگیریان لێ دەکات، لە چوارچێوەی هەوڵی هاوبەشی هەردوولا لە هێنانەدی سەقامگیری لە عێراقدا و هەروا لە دابەشکردنی بەرژەوەندییەکان لە نێوانیاندا  بەهۆی ئەو هەماهەنگییەش بڕیاروابوو ئامادەکاری پێویست بکرێ بۆ ئەوەی عادل عەبدولمەهدی جێی نوری مالیکی بگرێتەوە، بەڵام ئەمەریکا لەو هەنگاوە پاشگەز بووەوە نەوەکو عێراق بە هاتنی عادل عەبدولمەهدی خۆی لە بازنەی ئێران قەتیس بکات، ئەمە سەرەڕای گرەوی مالیکی لەسەر سەرکەوتنی ئۆباما و پشتگیری ئۆباماش و بایەخدانی بە مالیکی وایکرد کە پێگەی ئەنجوومەنی باڵا پاشەکشە بکات.

ئێستا ئەمەریکا و ئێران پێویستیان بە نێوانبەرێکی نوێ هەیە بۆ هەماهەنگی کردن لە نێوان ئەمەریکا و ئێران بەشێوەیەك کە زامنی سەقامگیرییەك بێ لەناو هاوپەیمانی شیعیدا و هەروا زامنی وەدەستهێنانی کورسی پێویست بێ بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ پاش هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەروا چاوخشاندنەوە بە میکانیزمی کشانەوەی ئەمەریکا بۆ ئەوەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هێزی تر کار نەکاتە سەر هاوکێشەی ئێستا.

دوا پرسیار ئەوەیە ئایا ئێران رازی دەبێ حزبی دەعوە سەرۆکایەتی ئیئتیلافی یەکگرتوو بکات و ببێتە ئەو نێوانبەرەی کە ئاماژەمان پێ کرد؟ وەڵامی ئەو پرسیارەش پێویست بە کات دەکات.

●●●

**حزبی دەعوە دیدێکی عروبەوی هەیە ئەگەر بۆی بلوێ بەهەموو هێزێکییەوە هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کورد دەدات، هەروا حەز لەحوکمێکی مەرکەزی دەکات، ئەمەیش دژی حەزو ویستەکانی ئەنجوومەنی باڵایە کە دەیەوێ هەرێمێکی فیدراڵی شیعی لەناوەڕاست و باشووری عێراقدا دابمەزرێنێ**

●●●

●●●

**ئێران دژی ویستەکەی مالیکییە تۆ بە مەرکەزیەتکردنی دەوڵەتی عێراق، ئەم هەڵوێستەی ئێرانیش لەگەڵ ویستی کورد یەک دەگرێتەوە کە پێیان وایە ئەم ویستەی مالیکی پێچەوانەی دەستوورە وەنەبێ مالیکی هەستی بەو نیازەی رەفسنجانی نەکردبێ، بۆیە بەو گەرمیە پێشوازی لە رەفسنجانی نەکرد هەر زوو راوێژکارێکی خۆی نارده واشنتۆن بۆ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە کە کورد بە لاگیری کۆماری ئیسلامی ئێران خەریکی پیلانێکی دژ بە ئەو و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیش کە پشتگیری لەو هەنگاوەیاندا دەکات**

●●●

# هێشتا عێراق پێویستیی بە مانەوەی ئەمریکا هەیە



سامی شۆڕش

لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا، زنجیرەیەك تەقینەوەی خۆكوژی و تیرۆریستی شاری بەغداو دەوروبەری و موسڵ و باقووبەی گرتەوە. زیانێكی ماددی زۆرو قوربانیەكی گیانیی زۆریان لێكەوتەوە بە تایبەتی لە ناو خەڵكی سیڤیل. حكومەتی عێراق، ماوەی چەند مانگێك بوو بەردەوام دووپاتی ئەوەی دەكردەوە گوایە باری ئەمن و ئاسایشی لە عێراق كۆنترۆل كردووەو توانستێكی باشی پەیدا كردوە بۆ ئەوەی ئیتر، ئەگەر هێزەكانی ئەمریكا خاكی عێراقیش بەجێ بهێڵن، ئەوا دەزگاكانی ئەمن و پۆلیس و سوپای حكومەت، بارودۆخەكە بە شێوەیەكی هێمن بپارێزێن. بەڵام ئەوەی ئەم تەقینەوانە بۆ هەموو لایەكی سەلماند، چەند راستیەكی گرنگ بوو كە هەق وایە هەموو لایەك، بە ئەمریكاوە، بە دیققەت لێ ورد بێتەوە:

یەكەم، هێزەكانی پۆلیس و دەزگاكانی ئەمن و ئاسایشی حكومەتی عێراق هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەیانتوانیوە بە شێوەیەكی رێك و پێك بكەونە سەر پێ و بە بێ یارمەتیەكی راستەوخۆی هێزە سەربازیەكانی ئەمریكا بارودۆخی ئەمن و ئاسایش لە شارە گەورەكانی عێراق كۆنترۆل بكەن.

دووەم، هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئەمریكا، بە پەلە پەل سوپاكەی خۆی لە عێراق بكێشێتەوەو باوەڕ بەوە بكات كە بەراستی عێراق ئیتر جێگیرو سەقامگیرە. راستە، لە دوا ئەنجامدا دەبێت ئەو هێزانە لە خاكی عێراق بكشێنەوە، بەڵام ئەو راستیە رەنگە پراكتیزە نەكرێت هەتا عێراق مەترسیی ئەلقاعیدەو تیرۆرو دەست تێوەردانی دەوڵەتانی دەوروپشتی لەسەر بێت. كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا بۆشاییەكی زۆر لە عێراق دروست دەكەن. پڕ كردنەوەی ئەو بۆشاییە، وەك تەقینەوەكان دەریدەخەن، بە هێزەكانی ئەمن و پۆلیس و سوپای عێراق ناكرێت. بگرە بە هیچ دەوڵەتێكی دیكەیش رەنگە نەكرێت. تەنیا هێزەكانی ئەمریكا، بە هۆی شارەزایی و بەرفرازانیی بڵاو بوونەوە، توانستی جێ بە جێ كردنی ئەو ئەركەیان هەیە.

سێیەم، هێمن بوونەوەی بارودۆخی ئەمن و ئاسایش لە عێراقدا، هەر تەنیا بە چەك و پڕ چەك كردنی حكومەتی عێراق و بە توانستی سەربازی و مەشق پێدان و زیاد كردنی ژمارەی سەربازو پۆلیس و دەزگای ئەمنی ناكرێت، بەڵكو زۆر لەوانە گرنكتر، چارەسەر كردنی گیروگرفتە سیاسیەكانی ناو عێراق بە تایبەتی لە سەر ئاستی ئاشتەوایی نیشتمانی یەك لە مەرجە گرنگەكانی هێمن كردنەوەی بارودۆخی تەواوی عێراقە لەسەر هەموو ئاستەكاندا.

راستە، حكومەتی عێراق دەستی داوەتە ئاشتەوایی لەگەڵ بەعسیەكان. بەڵام ئەوە ئاشتەوایی نیشتمانی نیە. بەڵكو هەوڵێكی رەشە بۆ كۆكردنەوەی زۆرترین ناوەندی دژ بە دیموكراسی لە عێراقدا بۆ فشار خستنە سەر كوردو خواستە دەستووریەكانی. ئەگەر حكومەتی عێراق ئاشتەوایی راستەقینەی دەوێت ئەوا پێویستە لەگەڵ تەواوی پێكهاتەی سوننەی عەرەب لە لایەك و لەگەڵ كورد لە لایەكی دیكە، ئاشتەوایی بكات. ئاشتەواییش تەنیا ماچ كردنی ریشی یەكتری نیە، بەڵكو جێ بە جێ كردنی دەستوورو بە ئەنجام گەیاندنی خواستە دەستووریەكانی ئەو پێكهاتە گرنگانەیە. هەروەها دەست هەڵگرتنە لە سیاسەتی پشتگیریی دوژمنانی ئەم پێكهاتەو ئەو پێكهاتەیە، چونكە ئەو دوژمنانە هەر تەنیا دوژمنی كورد نین بەڵكو، بە پلەی یەكەم، دوژمنی دیموكراسی و دەستوورن لە عێراقدا.

ئەوەی هەتا ئێستا پێ دەچێت، ئەوەیە كە مەبەستە گەورەكەی واشنتۆن لە كشاندنەوەی هێزەكانی لە عێراق چەند شتێكە: لە لایەك، دەیەوێت خۆی لە قوڕاوو زەڵكاوەكەی عێراق رزگار بكات. لە لایەكی دیكە، بەرەی شەڕ لە دژی رێكخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان گەشە پێ بدات بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەو رێكخراوە بە شێوەیەكی بەرچاو بەرەو قووڵایی پاكستانیش خەریكە هەڵدەكشێت. لە لای سێیەمەوە، ئەو راستیە بۆ جیهان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رای گشتیی ئەمریكا بسەلمێنێت كە لەمەو دوا نەك تەنیا بە چەك و سوپاو شەڕ، بەڵكو بە دیپلۆماسی و دایەلۆگ و شێوازی هێمن، هەوڵی چارەسەر كردنی كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهان دەدات. بەڵام، ویستی ئەمریكا لەم بوارەدا تاكە مەرجی پێوانەكە نیە. ئەمڕۆ بەرژەوەندیەكی زۆری ناوچەكە بەستراوەتەوە بە چۆنیەتی رەفتار كردنی واشنتۆن بەرامبەر بە عێراق.

دوای شەش ساڵ لە بارودۆخی شەڕو پێكدادان و روو بە روو بوونەوەی تیرۆرو تیرۆریستان لە عێراق، ئێستا بەرپرسیارێتیەكی زۆر گرنگ و ورد شانی واشنتۆنی گرتۆتەوە كە ئەویش نەك تەنیا دامەزراندنی بارودۆخێكی گونجاوی ئەمن و ئاسایشە، بەڵكو مسۆگەر كردنی هێمنیەكی سیاسی بەرچاوو تەخت كردنی تەگەرەكانی بەردەم میللەتانی ناو عێراقە. ئینجا دروست كردنی كەشوهەوایەكی گونجاوی ناوچەییە لەبەردەم تاقی كردنەوە دیموكراسیەكەی عێراق. ئەگەر لەو دیدەوە ئەمریكا

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ڕەفتـــار لەگەڵ عێراق نەکات و ئەگەر بەر لە کشـــاندنەوەی هێزەکانـــی، نەك تەنیا گیروگرفتی ئەمن و ئاســـایش، بەڵکو گیروگرفتـــە سیاســـیەکانی ناوەخۆی عێراقیش چارەســـەر نەکات، ئـــەوا زەرەرو زیانێکی زۆر بە راســـتگۆییەکەی و بە بەرژەوەندیەکانی و بە بەرژەوەندیەکانی ئەمن و سەقامگیری لە عێراق خۆی و بە کەشوهەوای هێمنی و ئاسایش لە دەوروبەری عێراق و بە دەوڵەتانی دەوروپشتیشی دەگات.

راستە، رژێمی پێشـــووی عێراق بە هۆی بەرداشی شەڕی ئازاد کردنی عێراق، بەر لە شـــەش ساڵ، تەفروتونا کرا. بەڵام لەوە زۆر راســـتتر ئەوەیە کە هێشتا ئەگەری گەڕانەوەی ئەو رژێمە رەگەزپەرست و دیکتاتۆری و خوێناویە، چ بە شێوەیەکی راستەوخۆو چ بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی پێشوو، هێشتا ماوە. تا ئێستا ئایدیۆلۆژیای رەگەزپەرستی و مەزهەبی لە عێراقدا بەهێزە. تا ئێستا خواستی تاکڕەوێتی لە ناو پرۆسەی سیاسی دا بەهێزە. تا ئێستا بەرپرسانی عێراق وەکو پێویست باوەڕیان بەو دەستوورە دیموکراسیە نیە کە لە عێراقدا هاتۆتە پێش. تا ئێستا ئەگەری شەڕی مەزهەبی و نەتەوەیی لە ئارا دایە.

ســـەرباری ئەمانە، ئەگەر ئیدارەی ســـەرۆك باراك ئۆباما دەوڵەتی عێراق بۆ واقیعە لاوازەکەی ئەمڕۆی بەجێ بهێڵێت، ئـــەوا دەوڵەتانی دەوروپشـــتیش کەلکێکی زۆر لە لاوازیی ئەو دەوڵەتە وەردەگرن و هەوڵ دەدەن زۆرتر دەست لە کاروبارەکانی ناوەخۆی وەربدەن و بە ئاراســـتەیەکی دژ بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا پاڵی پێوە بنێن. تا ئێستا ئەو دیموکراسیەی ئەمریکا و میللەتانـــی عێراق و دەوروپشـــت چاوەڕێیانـــە لە عێراق بە شێوەیەکی تۆکمەو بەهێزو کاریگەر دانەمەزراوە. بگرە مەترسیی ئەمنی و سەربازیی ناوەخۆو دەوروپشتیشی هێشتا لەسەر ماوە. بۆیە، هەر کشانەوەیەکی بە پەلەی هێزەکانی ئەمریکا، رەنگە زەمینەیەکی لە بار بێنێتە پێشـــەوە بۆ ئەوەی عێراق تووشـــی داهێزران بێت.

پێش چەند رۆژێك یەك لە بەرپرسە سەربازیەکانی ئەمریکا لـــە موســـڵ رایگەیاند کە ئەگـــەر عێراقیـــەکان بیانەوێت هێزەکانیان لەو شارە بمێنێتەوە، ئەوا رەنگە ئیدارەی واشنتۆن بڕیـــاری هێشـــتنەوەی ئەو هێـــزە بدات. ئـــەم راگەیاندنە، خۆی لە خۆی دا، نیشـــانەیەکی گەشەداری ئەو راستیەیە کە ئیدارەی ســـەرۆك ئۆباما ئـــاگاداری ئەوەیە کە وەزعی عێـــراق تا ئێســـتا خۆی نەگرتـــووەو پێویســـتیی زۆرە بە مانەوەی هێزەکانیان. بەڵام، رەنگـــە ئەمریکا کارێکی باش نەکات بەوەی ئەم جۆرە هەڵوێســـتانە بۆ چەند ئەفســـەرێك و بەرپرسێکی ســـەربازی بهێڵێتەوە، بەڵکو هەق وایە لە سەر ئاستی سیاسی، هەوڵی گونجاندنی جەدوەلی کشانەوەکانی خۆی لەگـــەڵ رێککەوتننامە ئەمنیەکەی پار بدات. ئینجا ئەوەش رابگەیەنێت کە ئەگەر بارودۆخی عێراق پێویســـتی کـــرد ئەوا دوای رێککەوتننامەکـــەش دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە راگەیاندنانە، یارمەتیەکی زۆری بارودۆخەکە دەدەن. یەکەم، گروپـــە تیرۆریســـتیەکان بێ ئومێد دەکەن لەوەی ســـبەی رۆژێ دەست بەکاروکردەوە تیرۆریستیەکانیان بکەنەوە. دووەم، هەڵوێستی لەم بابەتە جۆرە فشارێکیش پێك دەهێنێت بۆ سەر حکومەتی عێراق تا بە زوویی هەوڵی چارەسەر کردنی کێشە ناوخۆییەکانی عێراق بدات بە شێوەیەکی سیاسی.

ئەوەی راستی بێت، هەندێك دەوڵەتی دەوروپشت، ئەوانەی راســـتەوخۆ دەســـت لە کاروباری ناوەخۆی عێراق وەردەدەن، بەرژەوەندیەکی زۆریان نەك لە کشـــانەوەی ئەمریکا، بەڵکو لە مانەوەیەتی لە عێراق. واشنتۆن، لە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەو راستیەشی لەبەرچاوە، بۆیە پەلە لە کشاندنەوەی هێزەکانی دەکات. ئەو دەوڵەتانە پێیان وایە، مانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق هەمیشـــە وەك بارمتـــە وایەو دەتوانن لە هەموو کاتێکدا فشـــار بخەنە سەر ئەمریکا لە رێگەی فشار خستنە سەر ئەو هێزانە. لەوە بەولاتر، ئەم دەوڵەتانە کە چەندین ناکۆکیی گەورەیان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، وای لێك دەدەنەوە هەر کشانەوەیەکی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق رەنگە دەستی واشـــنتۆن، یان ئیســـرائیل، بەڕەڵلا بکات لەوەی گورزێکی کوشـــندەی ســـەربازی لەوانیش بدات. لەوانەش زۆرتر، ئەو دەوڵەتانـــە پێیان وایە، ئەمریکا زەرەرو زیانێکی سیاســـی و دیپلۆماسی زۆری بەردەکەوێت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییشدا ئەگەر درێژە بە مانەوەی هێزەکانی خۆی بدات لە عێراقدا.

دیارە، واشنتۆن حسێبێکی ورد بۆ هەڵوێستی ئەو دەوڵەتانە دەکات و دەیەوێت هەرچی زووە هێزەکانی لە عێراق بکێشێتەوە. کاتی خۆی، هەر واشـــنتۆن بوو قەناعەتی بە ئیسرائیلیەکان کرد هەتا زووە هێزە سەربازیەکانی خۆیان لە خوارووی لوبنان بکێشـــنەوە چونکە دەوڵەتانی دەوروپشتی لوبنان، مەبەستیان سوریا بوو، کەلك لە مانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە خوارووی لوبنان وەردەگرن.

بێگومان، ئەمریکا، وەك پێشـــتریش گوترا، بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی هەیە لە کشاندنەوەی هێزەکانی. بەڵام واشنتۆن دەبێت حســـێب بۆ ئەوە بکات کە عێراق یەك لە بەرژەوەندیە گەورەکانیەتی. پاراستنی عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی جێگیرو بێ گیروگرفت لـــە عێراق، خزمەتێکی زۆر گەورە بە بەرژەوەندیە ســـتراتیژیەکانی ئەمریـــکا دەکات نەك تەنیا لە سەر ئاســـتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیشـــدا. بۆیە، وەك چۆن واشنتۆن خەم بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیەکانی دیکەی دەخوات لە ناوچەکەدا، پێویستە خەم بۆ عێراقیش بخوات. پێویستە بەر لە کشانەوەی، یارمەتیەکی راستەوخۆی چارەسەر کردنی کێشە سیاسیەکانی ناو عێراق بدات و فشـــار بۆ سەر حکومەتی نوری ئەلمالیکی ببات تا هەرچی زووە ئەو کێشـــانە بە پێی دەســـتوورو بە شێوەیەکی سیاســـی چارەســـەر بکات. مانەوەی ئەو گیروگرفتانە بێ چارەسەری سیاسی، مانەوەی ئاشتەوایی نیشتمانیە بێ جێ بە جێ کردن. ئەوەش مانەوەی عێراقە لە ناو گۆماوی خوێن و شەڕی ناوەخۆ.

●●●

**حکومەتی عێراق دەستی داوەتە ئاشتەوایی لەگەڵ بەعسیەکان. ئەوە هەوڵێکی رەشە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ناوەندی دژ بە دیموکراسی لە عێراقدا بۆ فشار خستنە سەر کوردو خواستە دەستووریەکانی**

●●●

●●●

**ئەگەر ئیدارەی سەرۆک باراك ئۆباما دەوڵەتی عێراق بۆ واقیعە لاوازەکەی ئەمڕۆی بەجێ بهێڵێت، ئەوا دەوڵەتانی دەوروپشتیش کەلکێکی زۆر لە لاوازیی ئەو دەوڵەتە وەردەگرن**

●●●



**بە كۆیلەكردنی جەماوەر بۆ حزب و بۆ ئایدۆلۆژیای حزب(ئەگەر ئایدیۆلۆژیا هەبێ)، واتە ئیرادەی راستەقینەی جەماوەرت سڕکر**

# راپەڕین

# لە زەماوەندی یەكگرتنی ئیرادەوە بۆ پرسەی نائومێدی و بێ ئیرادەیی

**بە ئایدیۆلۆژیا گەندەڵی چارەسەر ناكرێت، مێژووی هەموو ئایدیۆلۆژیاكانیش ئەم راستییە دەسەلمێنێت ئایینیش هەر ئەوكاتە مەترسی گەورەی هەڵگرت كاتێک خەڵكانێک دەستیان لە ئایین وەرداو بۆ بەرژەوەندی خۆیان كردیان بە ئایدۆلۆژیا.**




**لەوانەیە جوانترین پێناسە بۆ دەربڕینی نائومێدی لە ماناكانی ئیرادەی راپەڕین، ئەو ساتانە بێت كە تاكی كورد لە رۆژانی بۆنەكانی راپەڕیندا كەناڵی تەلەفزیۆنەكەی لە تەلەفزیۆنەكانی پارتی ویەكێتی و حزبە كوردستانیەكانی دیكەوە، دەگۆڕێت و بەدیار ئەو كەناڵانەوە دادەنیشێت كە حزبە ئیسلامیەكان لە كوردستان لەژێر سایەی ئەو ئازادیەی ئیرادەی راپەریوی خەڵكی كوردستان بەرهەمیهێناوە پەخشی دەكەن**

هەتا ئێستاش زۆربەی ئەو پرسیارانەی كە یادكردنەوەی راپەڕین دەیورووژێنێت و هەموو ساڵێك سەرشاشەی تەلەفزیۆن و، نووسینی نێو رۆژنامەكان و دەنگی نێو رادیۆكانی پێ قۆرخدەكەنەوە، ئەو پرسیارانەیە، كێ راپەرینی كرد؟، كام حزب رێبەرایەتی راپەرینی كرد و كوردستانی رزگار كرد؟ شانە چەكدارەكانی كام حزب لە شانەچەكدارەكانی حزبەكەی دیكە ئازاتربووو؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دیكە كە هەموویان بۆ بێگیانكردن و لەباربردنی دەستكەوتەكانی راپەڕین و دابەشكردنی میراتی راپەرینە بەسەر حزبەكاندا، ئەمە لەجیاتی پەرەپێدان بە ئیرادەی راپەڕین و زیندووكردنەوەو بەرزراگرتنی ئەو ئیرادەیەی كە راپەڕینی دروستكرد.

بۆیە بە پێویستمانزانی لەم راپۆرتەدا بە دیدێكی جیاواز سەیری راپەرین و ئیرادەی راپەریوی گەلی كوردستان بكەین،بەو پێیەی ئەم راپۆرتە هەوڵێكە بۆ بەرهەمهێنانەوەی گوتارێك كە لە راپەڕیندا خۆرسكانە لە دایكبوو، هەربۆیە ئەو پرسیارانەی ئەو راپۆرتانە دەیورووژێنێت جیاوازە لەو پرسیارانەی



# ئیرادەی ڕاپەڕین

# بە ڕزگارکردنی جەماوەر لە ئایدیۆلۆژیای سیاسیی حزبەکان بەرهەمدێتەوە



پێشتر وروژێنراون، ئەم ڕاپۆرتە گەلی کوردستان هان نادات بۆ ئـــەوەی ببنە کۆیلەی حـــزب و ئایدۆلۆژیای حزب، چونکە بە کۆیلەکردنی جەماوەر بۆ حزب و بۆ ئایدۆلۆژیای حزب(ئەگەر ئایدیۆلۆژیـــا هەبێ)، واتە ئیرادەی ڕاســـتەقینەی جەماوەرت سڕکرد و ئیرادەی حزبیت بەرهەمهێنا، کە دوور و نزیك پەیوەندی بەئیـــرادەی جەمارەوە نییە، بۆیە هەر دەســـەڵاتێك لەو ئیرادەیە دروست بێت، ئەو دەسەڵاتە حزبۆکراتیە، نەك دیمۆکراتی (وشەی حزبۆکراتی ئەو وشەیەیە کە ئالان تۆرین لە کتێبی،دیموکراسی چییە؟بەکاری هێناوە، ماناکەی حوکمڕانی حزب دەگەیەنێت نە حوکمڕانی گەل.

ئەم ڕاپۆرتە ئەو پرسیارە ئاراستەی حزبەکانی کوردستان دەکات ئایا ئامانـــج بونیادنانی دیموکراتیە یـــان حزبۆکراتی؟هەروەها هەڵوەســـتە لەســـەر ئەوەش دەکات کاتێك دیـــاردەی گەندەڵی دەکرێت بە ئایدیۆلۆژیای سیاســـیی، بێ ئیرادەکردنی جەماوەر نیشـــاندەدات. کە دواتر بەزەحمەت ئومێدێك دروســـتدەکرێتەوە، چونکە بە ئایدیۆلۆژیا گەندەڵی چارەسەر ناکرێت،، مێژووی

●●●

**کەناڵی حزبە ئیسلامیەکان لەو هەموو جۆش و خرۆش و سروودە نیشتمانیە بێبەش دەبیت کە سەرلەنوێ جۆش وخرۆشی ڕۆژانی ڕاپەڕین زیندوو دەکاتەوە، وات لێدەکات لە ڕۆژانی ٥-٧/٣/ ٢٠٠٩ بەدیار کەناڵێکەوە دابنیشی کە بەرانکوچۆغەوە گوێ لە خوێندنەوەی مەولودنامە بگریت بە زمانی عەرەبی و بە ژێر نووسی کوردی گوێ لە گۆرانیەکانی تەلەفزیۆنی ئیقرا (اقرا) بگریت. ١١ی ئادار، کە یادی ئازادکردنی هەولێری پایتەخت و ڕۆژی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارە، بە دیار تەلەفزیۆنی حزبێکی ئیسلامی دیکەوە دابنیشت و گوێ لە کۆلکە خوێندەوارێک بگریت و باسی فەریزەی حەجمان بۆ بکات (کە هیچ بۆنەیەکی حەج لە ئارادا نییە)**

●●●

●●●

**وای لێهاتبوو هەر حزبێک لەوە سەرکەوتووتر دەبوو کە پێشمەرگە وئەندامەکانی خۆی بەو ئاراستەیە گۆشبکات کە شەڕی یەکتر بکەن، بەڵام نەیانتوانی گەلی کوردستان بەو ئاراستەیە گۆش بکەن، شەڕعیەتی شەڕی براکوژی لێوەربگرن،بۆیە هەرچی بیانوو پاکانەیەکیان بۆ ئەو شەڕە دروستدەکرد، گەلی کوردستان یەک داوای هەبوو یەکبگرن. کە زووش یەکیان نەگرت ئامانجەکەیان بینی، بێگومان ئەگەر زووتر یەکیانبگرتایەو بەرەیەکی کوردستانی پێکبهاتبایە دۆخەکەو ئامانجەکەش بە ئاراستەیەکی تر دەبوو**

●●●

**ئەو زانكۆیانەی ببوونە ناوەندێكی ڕێكخستن و پۆل پۆل لە كوڕو كیژۆڵان دەچوونە ڕیزی ڕێكخستنەكان و ئامادەی هەموو قوربانیدانێک بوون، لە بنەڕەتدا بۆ سەركەوتنی كورد و كوردستان بوو،بۆ لەگۆڕنانی دیكتاتۆرییەت و نەهێشتنی پاوانخوازی بوو، ئیرادەی یەكگرتوویی و لەبن نەهاتوویی گەل ئەو كاتە بەرەو كەرتبوون چوو،كە پێشمەرگەی كوردستانیان كردە پێشمەرگەی پارتی و یەكێتی وحسک وشیوعی ویان پاسۆک یان هەر حزبێكی دیكەی كوردستان و لەوەش زیاتر هەر یەک لە لای خۆیەوە ئەوەندەی بۆی كرا پێشمەرگەیان كرد بە ئالەتی بەرژەوەندی پاراستنی نفوزی حزبەكانیان، كە هیچ مایەی شانازی نەبوو بۆ كورد**

هەموو ئایدیۆلۆژیاكانیش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت كە لە جیاتی بەهەشت دۆزەخ دێتە ئاراوە. ئایینیش هەر ئەوكاتە مەترسی گەورەی هەڵگرت كاتێك خەڵكانێك دەستیان لە ئایین وەرداو بۆ بەرژەوەندی خۆیان كردیان بە ئایدۆلۆژیا.

لەم ڕوانگەوە ئەم ڕاپۆرتە دەیەوێت ئاكامە ترسناكەكانی ئەو ساتە پیشانبدات، كە تیایدا میللەت هەست دەكات بێ ئیرادەیە، ئەو كاتەی ئەم هەستە دروست بوو نائومێدی جێگەی ئیرادە دەگرێتەوە، كە نائومێدیش بووە سیمای باوی كۆمەڵگە ئیتر كەس جەسارەتی ئەوە ناكات ئەسڵەن هەر بیریش لە گۆڕین بكاتەوە،بێگومان ئەمەش مەترسیدارترین حاڵەتە كە كۆمەڵگە تێی دەكەوێت.

## ئەو ساتەی میللەت هەست دەكات بێ ئیرادەیە

لەوانەیە جوانترین پێناسە بۆ دەربڕینی نائومێدی لە ماناكانی ئیرادەی ڕاپەڕین، ئەو ساتانە بێت كە تاكی كورد لە ڕۆژانی بۆنەكانی ڕاپەریندا كەناڵی تەلەفزیۆنەكەی لە تەلەفزیۆنەكانی پارتی ویەكێتی و حزبە كوردستانیەكانی دیكەوە، دەگۆڕێت و بەدیار ئەو كەناڵانەوە دادەنیشێت كە حزبە ئیسلامیەكان لە كوردستان لەژێر سایەی ئەو ئازادیەی ئیرادەی ڕاپەریوی خەڵكی كوردستان بەرهەمیهێناوە پەخشی دەكەن، كە كەناڵی تەلەفزیۆنەكە دەگۆڕیت بۆ سەر كەناڵی حزبە ئیسلامیەكان،تاكی كورد ئیسراحەت دەكات هەست دەكەیت لە كوردستان نیت، ڕاستە كەناڵەكە لە كوردستان پەخشدەكرێت،بەڵام ئەوەی باسی نەكەن یادو بۆنەكان و مێژووی كورد وگەلی كوردستانە، ڕاستە لە هەولێرو سلێمانی و دهۆك پەخشدەكرێن،بەڵام ئەوەی باسی نەكەن یادی ڕاپەرین و بەحزبیكردنی ناوی یادكردنەوەی ڕاپەرینە،هەربۆیە ئەو سوودەی ئەو كەناڵانە لەو ڕۆژانەدا بە تاكی كوردی دەگەیەنن، شایستەی ئەوەیە هەر تاكێكی كورد خۆی بە قەرزداریان بزانێت لەبەر ئەم هۆكارانە:

_ كە كەناڵی تەلەفزیۆنەكە دەگۆرێت بۆسەر یەكێك لە كەناڵی حزبە ئیسلامیەكان، ڕاستە ئاگات لەوە نامێنێت یادەوەریەك هەیە ناوی ڕاپەرینی گەلی كوردستان بێت، بەڵام لەوە خۆشترە بزانیت یادی ڕاپەرینەو ئیرادەی گەلی ڕاپەریووی كوردستان بەزۆر بكرێت بەبەر ئیرادەی حزبێكدا (مەبەست هەموو حزبەكانی ناو بەرەی كوردستانییە ) كە لەگەڵ یەكەم هەڵمەتی ڕاپەرین لە ڕانیەوە تا دهۆك لە ڕانیەوە تا خانەقین وتەماشاكەر بوون نەك بەشداریكەر.

- كە كەناڵی تەلەفزیۆنەكەت دەگۆریت بۆسەر كەناڵی حزبە ئیسلامیەكان ڕاستە لەو هەموو جۆش و خرۆش و سرووده نیشتمانیە بێبەش دەبیت كە سەرلەنوێ جۆش وخرۆشی ڕۆژانی ڕاپەرین زیندوو دەكاتەوە، بەڵام لەو تورەبوونەش دووردەخاتەوە كە هەموو ئیرادەی خەڵكی ڕاپەریوی كوردستان دەشارێتەوە ولە ئیرادەی چوار پێشمەرگەی حزبێك دەرخواردی نەوەكانی ئایندە دەدرێت.. بۆیە توڕەبوون لەو كەناڵانەی كە ئیرادەی گەلت لێبكاتە ئیرادەی چوار كەس یان دە كەس، وات لێدەكات لە ڕۆژانی ٥-٧ /٢٠٠٩/٣ بەدیار كەناڵێكەوە دابنیشی كە بەرانكوچۆغەوە گوێت لە خوێندنەوەی مەولودنامە بگریت بە زمانی عەرەبی و بە ژێر نووسی كوردی گوێ لە گۆرانیەكانی تەلەفزیۆنی ئیقرا (اقرأ) بگریت، خۆشترە لەرۆژی ١١ی ئاداردا، كە یادی ئازادكردنی هەولێری پایتەخت و ڕۆژی ئیمزاكردنی ڕێككەوتنی ١١ی ئادارە، بە دیار تەلەفزیۆنی حزبێكی ئیسلامی دیكەوە دابنیشت و گوێ لە كۆلكە خوێندەوارێك بگریت و باسی فەریزەی حەجمان بۆ بكات (كە هیچ بۆنەیەكی حەج لە ئارادا نییە ) شیعرەكانی مەحویت بە حەماسەوە بۆ بخوێنێتەوە، نەك لە پێناوی ئەوەی ژیانت خۆش بوێت بەڵكو بۆ ئەوەی مردنت خۆش بوێت و هەموو هەوڵو تواناكان ڕابوەستن بۆئەوەی نەك كاربكەیت وگوناهبار بیت، بەڵی هەموو ئەمانە لەوە خۆشترن بەدیار كەناڵی تەلەفزیۆنێكەوە دابنیشت بە ناوی یادكردنەوەی ڕاپەڕینەوە ئیرادەی ڕاپەریوی خەڵكی كوردستان تاڵان فرۆش بكرێت.كەواتە بیرمەندان ڕاستیان گووتووە،كاتێك خەڵك ڕوودەكاتە حزبە ئیسلامیەكان كە هەست دەكات نائومێد بووە و ئەم دنیای لەدەست چووە و نایەوێت ئەو دنیاشی لەدەست بچێت، ئەوكاتە ناچاردەبێت، گوێ لە گۆرانیەكانی تەلەفزیۆنی (اقرأ) بە ژێر نووسی كوردی بگرێت، كە هەستدەكەیت سروودە نیشتمانیەكان مانای نیشتمانپەروەرەی تیادەرهێنراوەتەوە، ئەوكاتە بەوە ڕازی دەبیت كۆلكە خوێندەوارێك شەرحی پەیامی پەروەردگارت بۆبكا،كە هیچ عەشقێكی ئیلاهی بۆ ئەو پەیامەی لانییە بێجگە لە عەشقی كورسی و دەسەڵات، ئەوكاتە گوێ بۆ ئەو كەس دەگریت كە گۆڕین و چاكسازی دەگۆڕێت بۆ بردن بەرەو ئایدۆلۆژیا ئیرادەی گەلی كوردستان داڕمێنێ.

## دەبێت لە توڕەیی و نائومێدی جەماوەری كوردستان تێبگەین

ئەو پارت ولایەنە سیاسیانەی جا بەهەر هۆیەك بێت جەماوەر توڕە دەكەن، وازیان لەو پەندانە هێناوە كە مێژوو فێرمان دەكات، دەنا دەبوو هیچ پارتێكی سیاسیی لە كوردستان ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو و ناوەڕاستی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردووی بیر نەچێتەوە.

چەند نموونەیەك لە سەر ئەو توڕەبوونانە:

١- لە دەستپێكی ساڵانی هەشتاكاندا عەقڵییەتی دیكتاتۆری بەعس پەرەیسەندبوو،ئەم پەرەسەندنە وای لە سەدام حوسێن كرد خۆی لەشەڕێكەوە بگلێنێ، كە كەس پێشبینی ئەنجامەكەی نەدەزانی، بە هەموو مەزەندەیەكی تاكی كوردیش ئەو شەڕە دەبوو سەرەتایەك بێت بۆ خولقاندنی زەمینەیەك بۆ ئەوەی جارێكی دیكە پارتەسیاسیەكانی كورد یەكبگرن و زیاتر خۆیان ڕێكبخەنەوە و ئەو ئیرادە لەبننەهاتووەی گەل ڕێكبخەنەوە كە گەلی كوردستان ئامادەیە پێشكەشی شۆرشی كوردستانی بكات، ئەو كات هەستی نەتەوەیی ئومێدێكی قووڵی لە ناخی هەر تاكێكی كورددا دروستكردبوو، كە سەرلەنوێ بزووتنەوەی كوردایەتی گوڕوتینی دەخستەوە ناو دڵی كورد.چی لەوە گرنگترە كە پێشمەرگە بە چاوی فریشتە سەیر دەكرا، شیعرو چیرۆك و ئەدەبیاتی كوردی لەوكاتدا كە ئێستا هەمووی دەستدەكەون ڕاستی ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنن. تەنانەت چەندین شاعیرو چیرۆكنووس بەو جۆرە ناووناوبانگیان دەركرد

**سەیركەن ئایدۆلۆژیەتی حزبەكان لە ناوچە ئازادكراوەكان كە لێكجیابوونەوە شەڕی بەرهەمدەهێنا، بەڵام كوردایەتی لەناو ماڵەكان و لەسەر شەقامەكان و تەنانەت لە ناو ئەو فەوجانەش كە بەعس بۆ سڕكردنی كوردایەتی دروستی كردبوون، دواجاریەكگرتن ویەكریزی بەرهەمهێنا**

که گرنگیان به بزووتنەوەی کوردایەتی و گیانی لەخۆبردوویی هێزی پێشمەرگە دەدا، بە شێوەیەك ئەوانەی لە ناوشاریش بوون و لە ژێر دەسەڵاتی بەعس رۆژیاندەکردەوە، کەچی شیعرو چیرۆکەکانیان دەربڕی پێشمەرگەی کوردستان بوو، نموونە لەم بارەیەوە زۆر زۆرە.. ئەمە نیشانەی هەستانەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان بوو،کە هەموو ئومێدێکی لە پێشمەرگە ولە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەوە دەبینی، ئەو ئیرادەیە بەرهەمی ئەو تێڕوانینە بوو کە تفەنگی شانی پێشمەرگە بە یەك ئاراستە تەقە دەکات ئەو ئاراستەیەش رووە و دوژمنە، نەك رووە و برایەکی دیکەی پێشمەرگە،کە هەموو هیواو ئاوات وئامانجیان یەکە، تەنها ئایدۆلۆژیایان جیاوازە.هەربۆیە ئەو زانکۆیانەی ببوونە ناوەندێکی رێکخستن و پۆل پۆل لە کوڕو کیژۆڵان دەچوونە ریزی رێکخستنەکان و ئامادەی هەموو قوربانیدانێك بوون، لە بنەڕەتدا بۆ سەرکەوتنی کورد و کوردستان بوو، بۆ لەگۆڕنانی دیکتاتۆرییەت و نەهێشتنی پاوانخوازی بوو، هیچی تر.

ئیرادەی یەکگرتوویی و لەبن نەهاتوویی گەل ئەو کاتە بەرەو کەرتبوون چوو،کە پێشمەرگەی کوردستانیان کردە پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی وحسك وشیوعی و یان پاسۆك یان هەر حزبێکی دیکەی کوردستان و لەوەش زیاتر هەر یەك لە لای خۆیەوە ئەوەندەی بۆی کرا پێشمەرگەیان کرد بە ئالەتی بەرژەوەندی پاراستنی نفوزی حزبەکانیان، کە هیچ مایەی شانازی نەبوو بۆ کورد.

ئەو سەربازەی بڕوای بەشەڕی قادسیەی دۆڕاوی سەدام حوسێن نەبوو، هەر شەڕە دۆڕاوەکەی نەدەکرد. بەڵکو زۆربەیان دەچوون لە فەوجەکانی خەفیفە بێ مووچە ناوی خۆیان تۆمار دەکرد و وەرەقەیەکیان(کە مۆڵەتنامە بوو) وەردەگرت و لەماڵەکەی خۆی دادەنیشت، بە بێدەنگی تووڕەبوونی خۆی پیشاندەدا، بەشێکی کەمی بە ناچاری دەبووە چەك هەڵگر لە ناو فەوجەکان، بەشێکی دیکەشیان کە ئیمکانیەتیان هەبوو دەچوونە هەندەران، زۆر زۆر کەم بوون ئەوانەی دەبوونە پێشمەرگە. بۆ؟ چونکە ئەزموونێکی تاڵ لە شاخ بەڕێوە دەچوو کە هیچ جێگەی شانازی نەبوو، ئاخر چۆن دەبێت پێشمەرگە بیت و شەڕیش لەگەڵ پێشمەرگە بکەیت.وای لێهاتبوو هەر حزبێك لەوە سەرکەوتووتر دەبوو کە پێشمەرگە وئەندامەکانی خۆی بەو ئاراستەیە گۆشبکات کە شەڕی یەکتر بکەن، بەڵام نەیانتوانی گەلی کوردستان بەو ئاراستەیە گۆش بکەن، شەرعیەتی شەڕی براکوژی لێوەربگرن،بۆیە هەرچی بیانوو پاکانەیەکیان بۆ ئەو شەڕە دروستدەکرد، گەلی کوردستان یەك داوای هەبوو یەکبگرن.کە زووش یەکیان نەگرت ئامانجەکەیان بینی، بێگومان ئەگەر زووتر یەکیانبگرتایەو بەرەیەکی کوردستانی پێکبهاتبایە دۆخەکەو ئامانجەکەش بە ئاراستەیەکی تر دەبوو.

٢- بەرەی کوردستانی لە رۆژگارێکدا دروستبوو کە هەموو حزبەکان ئاکامی یەکنەگرتنیان بینی، بۆیە درەنگ لە دایکبوو، بەڵام دیسان وێڕای درەنگ لەدایکبوونیشی، جۆرێك لە ئومێدی دروستکردەوە، چونکە هێشتا قۆناخی خەبات لە بەرامبەر دیکتاتۆرییەتی بەعس زەروورەتی ئەو یەکگرتنەی دەخواست، ئەو ئومێدەش دوای دروست بوونی بەرە لە ناخی خەڵکی کوردستاندا بە تەواوی دروست بوو، هۆکارەکەی کاریگەری ئایدۆلۆژیای هیچ حزبێکی سیاسیی نەبووە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو ئایدۆلۆژیای حزبەکان کاریگەری لەسەر جەماوەر نەبووە، ئەوجا ئەو حزبەی لە ساڵانی ٨٩ و١٩٩٠ ئەم واقیعە رەتدەکاتەوە ئازادە بەڵگەکانی خۆی بخاتە روو، سەیرکەن ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان لە ناوچە ئازادکراوەکان کە لێکجیابوونەوە شەڕی بەرهەمدەهێنا، بەڵام کوردایەتی لەناو ماڵەکان و لەسەر شەقامەکان و تەنانەت لە ناو ئەو فەوجانەش کە بەعس بۆ سڕکردنی کوردایەتی دروستی کردبوون، دواجاریەکگرتن ویەکریزی بەرهەمهێنا.

سەیرکەن کە بەرەی کوردستانی دامەزرا شۆڕشی کوردستان لە دۆخێکی باش نەبوو، زۆر جار سەرکردەکانی ناو بەرەی کوردستانیش ئەو ئیعترافە دەکەن و دەڵێن شەقی زەمانە ئێمەی یەکخستەوە.، بەڵام لەبەر ئەوەی ئایدیۆلۆژیا خرایە دواوە و کوردایەتی هاتە پێش، سەیرکەن چ ئیرادەیەکی دروستکرد،کوردایەتی بووە هۆی ئاشتکردنەوەی گەلی کوردستان و پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، بووە هۆی ئاشتکردنەوەی ئەو کەسانەی کە چەکیان بۆ رژێم هەڵگرتبوو، بووە جاڕدانی زەماوەندی یەکگرتن، کە ئەویش راپەڕینی جەماوەری کوردستان بوو.

**٣- ئەوانەی دەیانەوێت ئیرادەی راپەرین لە گەلی کوردستان بسەننەوە، ئەو پرسیارەیان لێدەکەین، باشە لە راپەرین دیاردەیەکی زۆر سەیر دروست بوو ئەویش راو ورووت بوو کە پێیان دەگووت هێزی (RR) ئەوانەی ئێستا تەمەنیان لە ٣٥ ساڵ زیاترە زۆرباش دیاردەی (RR) یان بینیوە، پرسیار ئەوەیە ئایا (RR) بەشێك بووە لەبەرنامەی حیزبەکان؟ باشە ئەگەر حیزبەکان راپەرینیان کرد بۆچی رێگەیان بە هێزی (RR) دا؟بۆچی سنوورێکیان بۆ دانەنا؟ (ئەم پرسیارانە بۆ هەموو حزبەکانی بەرەی کوردستانیە،نەك حزبێکی دیاریکراو) ئێستا کە باسی RR دەکرێت دەڵێن میللەت تووڕە بوو لەودامودەزگایانەی بەعس بۆیە دەستی کرد بە RR،ئەمەش واتە میللەت RR ی کردووە و حزبەکانیش راپەرین، ئایا ئەمە شێواندنی راپەرین نییە؟ بۆچی؟ لەبەر ئەم هۆکارانە:**

أ- میللەت کە شوێنێکی ئازاد دەکرد، کەس نەبوو تەسلیمی بکات،چەکدارەکان و موستەشاری فەوجەکان،پۆلیسەکان، شەرعیەتی ئەوەیان نەبوو وەك دەسەڵاتێکی شۆڕشگێری ببنە ئەمری واقیع، خواخوایان بوو،بەس میللەت وازیان لێ بێنێت، هەربۆیە ئەوان دەسەڵاتی شۆڕشگێری ئەمری واقعیان نەدەویست، بۆیە بێجگە لە نەخۆشخانەکان کە دەکرا پزیشکە بەرێزەکان شەرعیەتی ئەوەیان پێبدرێت سەرپەرشتی بکەن، لەبەر ئەوەی نەخۆشخانە پێویستی هەموو لایەك بوو، شوێنی تیمارکردنی بریندارەکان بوو، بۆیە نەخۆشخانەکان تا رادەیەك تالان نەکران، هەر چەندە لە هەندێ شوێن هێزی ئاڕ ئاڕ کۆمەڵێك ئامێری باشیان برد. ئەمە یەك مانای هەبووە، کاتێك راپەرین کراوە، دەسەڵاتی شۆڕشگێری ئەمری واقیع بوونی نەبووە، ئەگەر هەبووە، بۆ راو ورووت کراوە؟

●●●

**ئەگەر کۆڕەو هەموو جیهانی نەهاژاندایەو بریاری ٦٨٨ دەرنەچووبایە، ئایا چیمان پێدەکرا؟ کەواتە سەرکەوتنی کۆڕەویش دیسان سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان بووە**

●●●

●●●

**ئەو لایەنەی دان بە ئیرادەی گەلەکەی خۆی نەنێ،بێگومان ئازادیەکانیشی لێ زەوت دەکات**

●●●

●●●

**ململانێی دیموکراتی برایەتی بەهێزتر دەکات و هەستی نیشتمانیش قووڵتر دەکاتەوە**

●●●

●●●

**ئەم شەڕەش(١٩٩٤-١٩٩٨) بێماناکردنی ماناکانی راپەرین بوو، بۆیە زۆربەی خەڵکی کوردستان ئامادەنەبوو،لەو وڵاتەشدا دابنیشێت کە تیایدا راپەرینی تیا بێ مانا دەکرێت**

●●●

ب- کۆڕەو باشـــترین وەڵامدانەوەی پرســـیارەکانە، لە کۆڕەودا میللەت بڕیـــاری دا ڕەو بکات،وڵات بەجێبێڵێت، ئەی باشـــە بۆچی بەرەی کوردستانی نەیتوانی بەرگری لە شارەکان بکات، لە هەمـوو کــۆڕەودا بەرەنگاربوونەوەکان زۆر کەمترو بچووکترن لە هەنبەر کۆچڕەوەکە. دوو(٢) بەرەنگاربوونەوەی دیار ڕوویدا، یەکەمیان لە کۆرێ بوو بە ســـەرکردایەتی ســـەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەوکاتی بەرەی کوردستانی کە مسعود بارزانی بوو، دووەمیشیان لە ئەزمەر بوو. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر کۆڕەو هەمـوو جیهانی نەهاژاندایەو بڕیاری ٦٨٨ دەرنەچووبایە،ئایا چیمان پێدەکرا، ئەم دوو (٢) بەرەنگاربوونەوەیە ئەنجـام و بەرهەمێکی باشـی دەبوو؟؟، کەواتە سـەرکەوتنی کۆڕەویش دیسان سـەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان بووە، ئایا زوومـی ئەو کامێرایانـەی ئیـرادەی بڕیاردانی گەلی کوردســـتانیان (یان ژیان بە ئازادی یان مەرگ بۆ هەمووماں) گواســـتەوە بۆ بەردەم ڕای گشتی، بووە هەوێنی بڕیاری ٦٨٨، یان دبلۆماتیەتی کوردی؟، باشە کە ڕاپەڕین و کۆڕەو بەرهەمی ئیرادەی گەلی کوردســتان بێت بۆ ئازادی یان مەرگ، چۆن ئێســتا لە یادکردنەوەی ئەم ڕۆژەدا ئیرادەکەی لێدەســەننەوە. ئەو لایەنەی دان بە ئیـــرادەی گەلەکەی خۆی نەنێ،بێگومان ئازادیەکانیشی لێ زەوت دەکات.

٤- لــە دوای ڕاپەڕیــن ٢ بڕیار هەن کە جێگەی هەڵوەســتە لەسەرکردنن :

أ- بڕیاری هەڵبژاردن

ب- بڕیاری شەڕی ناوخۆ

- لێـرە ئێمە نە بۆ بڕیاری هەڵبژاردن ئاماژە بەکەس دەکەین نە بۆ بڕیاری شـــەڕی ناوخۆش،بەڵام هەڵبژاردن و شەڕی ناوخۆ دوو بڕیاری هەرە گرنگــی دوای ڕاپەڕینن،هەردوو بڕیارەکەش دوو گۆڕانی گەورەیان بەســەر واقیعی کوردستان هێناوە، بەڵام با بزانین گەلی کوردستان چۆن پێشوازی لەم دوو بڕیارە کرد.

سەبارەت بەیەکەمیان کە بڕیاری هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢/٥/١٩ ی کوردستانە، بینیمان گەلی کوردستان چۆن پێشوازی لێکرد، بۆئەوەی گەلی کوردســتان دڵنیابێت،کە ململانێی دیموکراتی برایەتی بەهێزتر دەکات و هەستی نیشتمانیش قووڵتر دەکاتەوە، هەر تاکێکی کورد گوزارشــتی لە ڕاو بۆچوونی خۆی دەکرد و ئازادانە دەنگی بۆ حیزبێکی کوردستانی دەدا،ڕاستە دەنگدەران بــەزۆری یان دەنگیان بە پارتی یان بە یەکێتی دەدا، بەڵام لای لایەنگرانی هەردووڵا پرۆسەکە لە پارتی ویەکێتی گرنگتر بوو، هەموو وەك جەژنێکی نیشتمانی بێت، هەڵدەپەڕین و ئاهەنگی یەکگرتنیان دەگێڕا. گەلی کوردســتان بۆیە دەچوو نەخۆش و پەککەوتەی لەناو جێگە و بـــە عەرەبانە دەهێنا بۆ دەنگدان بۆ ئــەوە نەبوو دەنگ دەدات بە پارتی یـــان بە یەکێتی،بەڵکو بۆ ئەوەبوو کــە هەموو کەس ئیرادەی خۆی بـــۆ بونیادی ئایندە پیادە بکات،ئەوان بەم پێشکەشکردنەی ئیرادەی خۆیان بۆ پارتی و یەکێتی دەیانویســت بڵێن، ئەگەر ئێــوە یەکگرتوو بن و ڕێز لە ئیرادەی ئێمــەش بگرن، ئێمە شــەرعیەتی خۆمان بە ئێوە دەدەین.



- ســەبارەت بە خاڵی دووەم کە شەڕی ناوخۆیە، ئێمە بە باشی نازانین بچینەوە ســەر ئەو پەتایەی کە هەموومانی گرتبۆوە، تەنها دەڵێین لە ماوەی ئەو چەند ساڵەناخۆشە(١٩٩٤-١٩٩٨) پارتی ویەکێتـی دەتوانن ئاماری ئەو گەنـج ولاو خێزانانەی کوردســتانمان پێ بڵێن کە کوردستانیان بە جێهێشتووە؟دیاریشە لەبەرچی وڵاتیان جێهێشـــتووە ئێســـتا خەریکە تاك تاك لێرەو لەوێ دەگەڕێنەوە بۆ نیشـــتمان، ئایا دەتوانن پێمان بڵێن ڕێژەی کۆچکردنی ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ چەند هێندەی هەموو ڕێژەی کۆچکردوانی کوردستانن بە درێژایی شۆرشەکانی کوردستان؟ ئەم شــەڕەش(١٩٩٤-١٩٩٨) بێماناکردنـی ماناکانی ڕاپەڕین بوو، بۆیە زۆربەی خەڵکی کوردستان ئامادەنەبوو،لەو وڵاتەشدا دابنیشێت کە تیایدا ڕاپەڕینی تیا بێ مانا دەکرێت.

٥- بۆ ئێستاش وێڕای ئەو هەموو ناڕەزاییەی خەڵکی کوردستان دەریدەبڕێت، دەبینین نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی خەڵك بۆچوونی خۆی بەئاراســـتەیەك بگۆڕێت، کە پشـــت لە پارتی و یەکێتی بـــکات، بۆچی؟ لەبـــەر ئەوەی پارتی و یەکێتی هەتا ئێســـتا بڕوایـــان بەیەکگرتنـــە و بڕوایـــان بەوەیە پێکەوە ئـــەم قۆناخە ســـەختە تێپەڕێنن،چونکە چارەنووسی ئەو میللەتە هەر بەدەست ئـــەم دوو حیزبەوەیە، دیارە حیزبە ئیســـلامییەکانیش و تەواوی حیزبە بچووکەکانیش ناتوانن چارەنووســـی ئەو میللەتە بگرنە ئەستۆی خۆیان، چونکە وەئەستۆ گرتنی چارەنووسی نەتەوەیەك

وەئەستۆگرتنی چارەنووسی نەتەوەیەک بە قسەی قەڵەو قەڵەو و بە دروشمی شۆڕشگێڕانەی ڕووت و بریقەدار نابێت. ئەم وەئەستۆگرتنە قوربانیشی دەوێت

ئایا ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە کاری دامەزراوەیی و ڕێوشوێنی گونجاو گرتنەبەر چارەسەر دەکرێت، یان بە گوتاری حەماسی و نووسینی پڕ لە هەڵچوون و قسەی ڕەنگاو ڕەنگ، بە شێوەیەک دیانەوێ هاووڵاتی ئینتیمای بۆ نیشتمانەکەشی نەمێنێت؟!، ئایا هەموو ئەوانەی دەیانەوێ شەڕی گەندەڵی بۆ بەرەو هەڵبژاردن جۆش و ئامادە بکەن مەبەستیان چارەسەرکردنی گەندەڵییە یان دەیانەوێ، شەڕی دەسەڵاتی پێ بکەن؟ ئەی ئەمە هەڵخەڵەتاندنی میللەت نییە

دەبێت بنبڕکردنی گەندەڵی ئامانجی حکومەت بێت، نەک سندوقەکانی دەنگدان

**لە وڵاتێکدا کولتووری لیبرالیزم نەبێت، دیموکراسی گەندەڵی بەرهەمدەهێنێت، دەسەڵاتێک کە بە یاسا و لە چوارچێوەی سەروەری یاسا حوکمڕانی نەکردبێت و ماف وئازادیەکان و موڵکداریەتی تایبەت بە یاسای نەپاراستبێت ویاسا لەو وڵاتە ریشەی دانەکوتابێت، ئەوا هەر هەڵبژاردنێک بکرێت، ئەو هەڵبژاردنە چەند ئازاد بێت، چەند نەزیه بێت، حکومەتێکی دیموکراتی گەندەڵ دروست دەکات نەک حکومەتێکی دیموکراتی لیبرالی**

**ئەوانەی کەمێک لە حوکمڕانی دیموکراتی و حوکمڕانی باش شارەزان، دەزانن لە گۆڕینی ئابووری مەرکەزی بۆ ئابووری بازاڕ، گەندەڵی دروست دەبێت، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەک وڵاتی ئێمە کە نەک بەیاسا موڵکداریەتی تایبەت نەپارێزراوە، ئێستاش لەگەڵدا بێت خەڵک نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە سیستەمی بانکی مامەڵە بکات،سیستەمی بانکیمان لەوئاستەدانییە کە متمانەی تەواوی پێبکرێت، ئایا هاتن بە حکومەتی کوردستان بڵێن فەرموو ئێمە هاوکاری تۆین و ئەوە دەزگاکانی راگەیاندنیش تەرخان دەکەین بۆ ئەوەی خەڵک خۆمان و وەبەرهێنی بیانی هانبدەین سیستەمێکی بانکی بەئاستی سیستەمی بانکی جیهانی بونیاد بنێین؟**



بە قسەی قەڵەو قەڵەو و بە دروشمی شۆڕشگێڕانەی رووت و بریقەدار نابێت. ئەم وەئەستۆگرتنە قوربانیشی دەوێت.عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیر چارەگە سەدەیەك زیاترە وتوویەتی هەموو شیعارە شۆڕشگێڕییەکان ناگات بە لەتێ نان بۆ سکی برسییەك (ناوەڕۆکی شیعرەکە ئەم مانایە دەدات).

کە قسە لەسەر گەندەڵیش دەکرێت دەپرسین، ئایا رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بە کاری دامەزراوەیی و رێوشوێنی گونجاو گرتنەبەر چارەسەر دەکرێت، یان بە گوتاری حەماسی و نووسینی پڕ لە هەڵچوون و قسەی رەنگاو رەنگ، بە شێوەیەك دەیانەوێ هاووڵاتی ئینتیمای بۆ نیشتمانەکەشی نەمێنێت؟!، ئایا هەموو ئەوانەی دەیانەوێ شەڕی گەندەڵی بۆ بەرەو هەڵبژاردن جۆش و ئامادە بکەن مەبەستیان چارەسەرکردنی گەندەڵییە یان دەیانەوێ، شەڕی دەسەڵاتی پێ بکەن؟ ئەی ئەمە هەڵخەڵەتاندنی میللەت نییە، رۆبەرت دال لە کتێبی (الديمقراطيه و نقادها السياسيون) بە شێوازی دیالۆگی نێوان دوو کارەکتەر جیاوازیەکانی نێوان سیستەمی دیموکراتی و سیستەمی لیبرالیزم دەردەبڕێت و، هەریەك لەو دوو سیستەمە پرسیاری زۆرگرنگ ئاراستەی یەکتری دەکەن، ئێمە لە گۆڤاری گوڵان سەبارەت بەم شێوازە لە رۆبەرت داڵی تەمەن ٩٦ساڵیمان پرسی، ئەو لەوەڵامدا پێی راگەیاندین پێویستە لە بەراوردکاری نێوان هەردوو سیستەمەکە بتوانم هەردوو لا بەدیاربخەم. ئێمەش بە هەمان شێوازی رۆبەرت داڵ دەڵێین با ئەوانەی دەانەوێ شەڕی دژە گەندەڵی بەرزبکەنەوە با بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵك ئاشکرابکەن و لەگەڵ هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراوردی بکەن و گەلی کوردستانیش با خۆی حاکم بێت، ئێمە نالێین گەندەڵی نییە، دەشزانین بۆ نالێین گەندەڵی نییە،ئاخر لە وڵاتێکدا کولتووری لیبرالیزم نەبێت، دیموکراسی گەندەڵی بەرهەمدەهێنێت، کە دەشڵێین کولتووری لیبرالیزم، واتە لە وڵاتێکدا پێشینەکەی ئۆتۆلیبراڵی نەبێت، واتە دەسەڵاتێك کە بە یاسا و لە چوارچێوەی سەروەری یاسا حوکمڕانی نەکردبێت و ماف وئازادیەکان و موڵکداریەتی تایبەت بە یاسای نەپاراستبێت ویاسا لەو وڵاتە ریشەی دانەکوتابێت، ئەوا هەر هەڵبژاردنێك بکرێت، ئەو هەڵبژاردنە چەند ئازاد بێت، چەند نەزیه بێت، حکومەتێکی دیموکراتی گەندەڵ دروست دەکات نەك حکومەتێکی دیموکراتی لیبرالی،ئەمە ئایدۆلۆژیەت نییە هەتا تۆ موناقەشەی بکەیت یان نە، ئەمە بونیادنانە، ئەمە وەك یاسای فیساگۆرس وایە کە دوو لای سێ گۆشەیەکی وەستاوت پێدەدا و لای سێیەمی پێدەدۆزیتەوە، ئەمە ئایدۆلۆژیەت نییە، هەتا پێی بڵێین ئەوە مۆدێلی رۆژئاوایە یان مۆدێلی رۆژهەڵاتە، ئەوە ئەو شێوازەیە کە مرۆڤایەتی بۆ حوکمڕانی باش پێی گەیشتووە، ئەو شێوازەیە کە دەڵێیت باجدان نەبوو نوێنەرایەتیش نییە، واتە ئەگەر باجدان نەبوو،پەرلەمانتاریش بوونی نییە،

**ئایا تائێستا ئاماژە بەوە کراوە کە بونیادنانەوەی کوردستان چۆن دەکرێت؟ یان هەموو کارەکە تەنها ئەوەبووە مایکرۆفۆن بۆ خەڵکی بەستەزمانی کوردستان رابگرن و لێی بپرسن: ئەریَ خاڵە تۆ لەسەرفکردنی بودجەی حکومەتی کوردستان رازیت؟ کابراش دەڵێت نەوەڵا، ئەمە دەقاودەق وەک ئەوە وایە لەو پیرەمێردە هەژارە بپرسیت : ئەری خاڵە تۆ حەز دەکەیت سلێمانی وەک پاریسی لێ بێت وبەبێ پرسی تۆ شەو کچکەت بچێتە دەرەوە؟ بێگومان کابرا کە پاریسی نەبینوە دەڵی نەوەڵا من ئەو بێ ئەخلاقیەم ناوێت**

**هەموو ئەوانەی باسی گەندەڵی دەکەن، ئایا بەیانیەک خەویان لە خۆیان حەرامکرد و چوون چوار وێنەی یەکێک لە رێگاکانی شار بگرن و پاشان ئاماری ٣-٦ مانگی ئەو رێگەیە و ئەو قوربانیانەی بە هۆی خراپی رێگەوبانەوە لەو رێگەیە روویداوە بکەن بەراپۆرتێک و لەگەڵ وێنەکاندا پێشکەشی حکومەتی کوردستانی بکەن و بڵێن، فەرموو ئەوە ئەو رێگەیەی کە تۆ چەندین ملیۆن دۆلارت تیا سەرفکردووە، ئەگەر سەرپێچی کاران سزا نەدەیت، ئەوا ئێمە ئەو راپۆرتە لە میدیاکان بڵاو دەکەینەوە و، ئاماژەش بەوە دەکەین کە حکومەت سزای گەندەڵکار نادات؟ بۆچی کەس نەیکردووە، ئەی ئەمە ئەرکێکی نیشتمانی نییە؟**

کە دەڵێین پەرلەمانتار نییە، مەبەستمان ئەوەنییە بڵێین، بەبێ سیستەمی باجدان پەرلەمانتار دروست نابێت، بەڵی پەرلەمانتار دروستدەبێت، بەڵام نوێنەری گەل نابێت چاودێری حکومەت بکات،بەڵکو فەرمانبەری حکومەت دەبێت، فەرمانبەری حکومەتیش نەبێت، فەرمانبەری حزبەکەی دەبێت. با بە چەند نموونەیەك ئەم مەسەلەیە روونەکەینەوە:

أ- پێش ئەوەی پرسیارەکانمان بورووژێنین، ئاماژە بەوە دەکەین، ئایا ئەوانەی دژی گەندەڵی دەخرۆشێن و دەجۆشێن (مەبەستمان لەسەر ئاستی گرووپ و لایەنی سیاسییە، نەك تاکی جیا جیا) دەتوانن راشکاوانە بە خەڵکی کوردستان بڵێن لەو وڵاتێکدا کولتووری لیبرالیزم نەبوو (گەندەڵی بەرهەمی دیموکراتیە)، بۆیە پێویستە و دەبێت بنبرکردنی گەندەڵی ئامانجی حکومەت بێت، نەك سندوقەکانی دەنگدان،ئایا هەموو ئەوانەی خەریکن گەندەڵیی بەرەو ئاراستەیەك دەبەن کە هیچیان تێدا نەهێشتۆتەوە و بۆیان بکرێ دەیشیکەن بە ئایدیۆلۆژیا، دەتوانن تەنها یەك بەڵگە پیشانی خەڵکی کوردستان بدەن بڵێین ئێمە دەستخۆشی لەم هەنگاوانەی حکومەتی کوردستان دەکەین کە کەمکردنەوە و قەلاچۆکردنی گەندەڵی کردۆتە ئامانجی حکومەت و ئەم هەنگاوانەی هەڵگرتووە و بەڵام ئەم هەنگاوانەش ماون.

ب- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، دەبێت دەسەڵاتی دادوەری لە وەزارەتی داد جیابکرێتەوە، بۆئەمەش ئێستا کۆمپانیایەك خەریکی ئەو پرۆژەیە،ئایا هاتن ئەم هەنگاوە گرنگە کە بەردی بناخەی ریشەکێشکردنی گەندەڵیە، بەخەڵکی کوردستان بڵێن و بیکەن بە وشەی سەر زاری خەڵك بۆ ئەوەی حکومەت بخەنە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی دوا وادەی ئەم کارە بە خەڵکی کوردستان بگەیەنن، پرسیار ئەوەیە ئەگەر دروشمی گەندەڵی ئایدۆلۆژیای شەری دەسەڵات نییە، بۆچی گەلی کوردستان لەم هەنگاوە گرنگە ئاگادارناکەنەوە؟.

ت- هەموو ئەوانەی کەمێك لە حوکمرانی دیموکراتی و حوکمرانی باش شارەزان، دەزانن لە گۆڕینی ئابووری مەرکەزی بۆ ئابووری بازار، گەندەڵی دروست دەبێت، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمە کە نەك بەیاسا موڵکداریەتی تایبەت نەپارێزراوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەڵك نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە سیستەمی بانکی مامەڵە بکات،سیستەمی بانکیمان لەوئاستەدانییە کە متمانەی تەواوی پێبکرێت، ئایا هاتن بە حکومەتی کوردستان بڵێن فەرموو ئێمە هاوکاری تۆین و ئەوە دەزگاکانی راگەیاندنیش تەرخان دەکەین بۆ ئەوەی خەڵکی خۆمان و وەبەرهێنی بیانی هانبدەین سیستەمێکی بانکی بەئاستی سیستەمی بانکی جیهانی بونیاد بنێین؟

ث- ئایا هاتن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵێن، پەرەپێدانی کوردستان و رێکخستنەوەی ژێرخانی کوردستان و بازدانی پێشکەوتن پێویستی بە دەیان و بگرە سەدان ملیار دۆلارە و،ئەگەر بەتەمای بودجەی حکومەتی عێراقیش بن ئەوا ٥٠ساڵی دیکە کوردستان وادەبێت، بۆیە ئێمە پشتگیریت دەکەین و تۆش هەوڵبدە ئەو سەرمایەیە بێنە کوردستان، ئێمە هانی گەنجانی تازەدەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان دەدەین لەکەرتی تایبەت کاریان بۆ پەیدا بکرێت و کولتووری ئیش نەکردن و تەمەڵی ریسوا دەکەین، ئایا تائێستا ئاماژە بەوە کراوە کە بونیادنانەوەی کوردستان چۆن دەکرێت؟ یان هەموو کارەکە تەنها ئەوەبووە مایکرۆفۆن بۆ خەڵکی بەستەزمانی کوردستان رابگرن و لێی بپرسن : ئەریَ خاڵە تۆ لەسەرفکردنی بودجەی حکومەتی کوردستان رازیت؟ کابراش دەڵیت نەوەڵا، ئەمە دەقاودەق وەك ئەوە وایە لەو پیرەمێردە هەژارە بپرسیت : ئەری خاڵە تۆ حەز دەکەیت سلێمانی وەك پاریسی لیَ بێت وبەبێ پرسی تۆ شەو کچکەت بچێتە دەرەوە؟ بێگومان کابرا کە پاریسی نەبینوە دەڵی نەوەڵا من ئەو بێ ئەخلاقیەم ناوێت،باشە لەبری ئەم پرسیارە ئایا هەموو ئەو لایەنانەی باسی گەندەڵی دەکەن وکردوویانە بە ئایدۆلۆژیای سیاسیی، هاتن ئامارێك رێکبخەن، لە کۆمەڵێك فەرمانبەر بپرسن و بڵێن: بێ زەحمەت لەم بەشە چەند کەس کار دەکات؟ حەتمەن دەڵیت ٦-١٠ فەرمانبەر. ئینجا لێی بپرسێت : ئەم ئیشەی ئێوە بە چەند کەس دەکرێت؟ دڵنیابە دەڵیت بە ٢ کەس دەکرێت، ئینجا لێی بپرسێت ئایا کەمترین مووچەتان چەندە؟ بێگومان ئەگەر دەرچووی کۆلێژ بن لە ٤٠٠ هەزار کەمتر نییە و دەگاتە ١,٥ ملیۆن دیناریش. باشە بۆ نایەن بەو گەنجانە بڵێن،باشە گوناە نیە ئیشێك بە ٢ کەس دەکرێت ١٠ کەس مووچەی لەسەر وەردەگرێت، بۆ ناچن وەك ئەرکێکی نیشتمانی کارێکی دیکە بدۆزنەوە و ئەرکی حکومەت کەمبکەنەوە،بۆ باسی ئەوەیان بۆ ناکەن راستە لە ئەوروپا سۆشیال هەیە، بەڵام ئەوەی پشت بە سۆشیال ببەستێت بە چاوی رێز سەیر ناکرێت.

ج- ئایا هەموو ئەوانەی باسی گەندەڵی دەکەن، ئایا بەیانیەك خەویان لە خۆیان حەرامکرد و چوون چوار وێنەی یەکێك لە رێگاکانی شار بگرن و پاشان ئاماری ٣-٦ مانگی ئەو رێگەیە و ئەو قوربانیانەی بە هۆی خراپی رێگەوبانەوە لەو رێگەیە روویداوە بکەن بەراپۆرتێك و لەگەڵ وێنەکاندا پێشکەشی حکومەتی کوردستانی بکەن و بڵێن، فەرموو ئەوە ئەو رێگەیەی کە تۆ چەندین ملیۆن دۆلارت تیا سەرفکردووە، ئەگەر سەرپێچی کاران سزا نەدەیت، ئەوا ئێمە ئەو راپۆرتە لە میدیاکان بڵاو دەکەینەوە و، ئاماژەش بەوە دەکەین کە حکومەت سزای گەندەڵکار نادات؟ بۆچی کەس نەیکردووە، ئەی ئەمە ئەرکێکی نیشتمانی نییە؟.

لەم خاڵانە مەبەستمان ئەوەنیە بەرگری لە گەندەڵی بکەین، بەداخەوە گەندەڵی، ئەو پەتا ترسناکەیە، هەموو نەخۆشیەکی بەدوایەوەیە هەر لە هەموو نە خۆشیەکانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەوە،تا دەگاتە نەخۆشیە بایۆلۆژییەکانی تایبەت بە خودی تاك، دانیاڵ کۆفمان بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بانکی نێودەوڵەتی دەڵێت، خۆشت نازانیت قەلاچۆکردنی گەندەڵی چ سحرێك بە دوای خۆیدا دێنێت، نازانیت چۆن لەماوەی چەند ساڵێکدا داهاتی تاکەکەس دەیان جار زیاد دەکات، بەدەق دەڵێت نازانیت چۆن داهاتی تاکەس لە ٤٠٠ دۆلارەوە بەرزدەبێتەوە بۆ ١٠٠٠٠ دە هەزار دۆلار، نازانی چۆن سیستەمی خوێندنی تەقلیدی دەگۆڕێت بۆ خوێندنی مۆدێرن، نازانی چۆن سیستەمی چاودێری تەندروستی دەگۆڕێت بۆ سیستەمێك کە

چاودێری تەندروستی هەر تاکێك دەکات، ئەمە بایەخ و گرنگی ریشەکێشکردنی گەندەڵیە، بەڵام وەرە ئەم ئامانجە پیرۆزە بگۆڕە بۆ ئایدیۆلۆژیایەکی ستۆك و کرچ وکاڵ و شەری دەسەلات و کورسی پێگە، چاو لە هەموو میکانیزمەکان بپۆشیت و هەموو رێگەکان لە سندوقی دەنگدانا چڕبکەیتەوە، ئەمە وەك ئەوە وایە کابرایەك پاڵەپەســتۆی خوێنی هەبێت،تۆ کیلۆیەك ڕیواسی بە کیســەیەك خوێوە بەدیاری بۆ بنێریت، چۆن ئەو دیاریە دیاری خۆشەویستی نییە و ژەهرە بۆ ئەو کەسەی پاڵەپەستۆی خوێنی هەیە، ســندوقی هەڵبژاردنیش وەك ئەو ڕیواس و خوێیە وایە بۆ چارەســەرکردنی گەندەڵی، ئەوجا بۆ ئەوەی لە سندووقەکەی هەڵبژاردنیش بە هەڵە تێنەگەن، ئێمە ناڵێین سندووقی هەڵبژاردن خراپە، هەروەك چۆن کەس ناتوانێت بڵێت خوێ و ڕیواس خراپە، نەخێر دەڵێین چارەســەرکردنی گەندەڵی بە سندوقی هەڵبژاردن ناکرێت و ناکرێت چارەسەرکردنی گەندەڵی بکرێتە ئایدۆلۆژیای شەری هەڵبژاردن کە لە ئێستاوە خەریکە ئەو شەڕە ئامادەباشی بۆدەکرێــت، بە لکو ئەوە خەڵك چەواشــە کردنــە، لە بنەڕەتدا چارەســەرکردنی گەندەڵی ئامانج و میکانیزمی خۆی هەیە، دەکرێت قسە لەسەر میکانیزمەکان بکرێت، بەڵام ناکرێت بکرێتە ئایدیۆلۆژیای شــەڕی هەڵبژاردن، بابڵێین تۆ بەو ئایدۆلۆژیایە هاتیتە دەسەلات، بەڵام کە میکانیزمی قەلاچۆکردنی گەندەڵی بوونی نەبوو،چۆن گەندەڵی چارەسەر دەکەیت ئایا کودەتا بەسەر دیموکراتــی و بازاری ئازاد دەکەیت؟ ئایا دەبیتەوە بە دیکتاتۆر بە ئابــوری مەرکــەزی ژێرخانی ئابوری کوردســتان بونیاد دەنێیتەوە؟ئەمە ئەو پرســیارانەیە کە وەڵامدانەوەی ڕاستگۆیانە رێگە لــەوە دەگرێت گاڵتــە بە ئیرادەی خەڵکــی ڕاپەریوی کوردستان بکرێت.

## جیاکردنەوەی ئیرادەی جەماوەر لە ئایدۆلۆژیەتی حزبی مانا بەخشینەوەیە بەو ئیرادەیەی ڕاپەرینی دروستکرد

کــە دەڵێین دەبێت ئیرادەی جەماوەر لــە ئایدۆلۆژیای حزبەکان جیابکرێتــەوە، مانای ئەوەنیە حزبــەکان واز لە ئایدۆلۆژیەتی خۆیان بهێن وچالاکی حزبایەتی خۆیان نەکەن، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە ئەو شتانەی دەزانن بکرێتە ئایدۆلۆژیا و زیان بە ئیرادەی ئــەو میللەتە دەگەیەنێت، بیکەن بە خەتی ســوور و میللەتی پێ چەواشــە نەکەن، لەبەر ئەوەی کاتێــك باوەڕێك دەکرێت بە ئایدۆلۆژیــا هەم حزبەکە پێی جێ بەجــێ ناکرێت و هەمیش خەڵك دووچــاری نائومێدی دەکات،بۆیە کە دەڵێین نابێت باوەڕ بکرێت بە ئایدۆلۆژیا مەبەســت تەنها حزبێك ودوان نیە بەڵکو مەبەست هەموو حزبە سیاســیەکانی کوردستانە، بۆ نموونە لە ژمارەی پێشــووی گوڵان و لە ڕاپۆرتی ســاڵیادی مســتەفا بارزانی نەمردا،پێش هەرلایەك ئەم پرســەمان ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، بەوەی نابێت گوتاری نێو ڕێبازی بارزانــی بگۆڕێت بۆ چەند وشــەیەکی بێگیــان، بۆ نموونە نووســیومانە نابێت ئەو گوتەیەی بارزانی نەمر دەڵێت (شانازیە مــرۆڤ خزمەتکاری گەلەکەی خۆی بێــت) وەك تابلۆیەکی بێگیان لەپشت بەرپرســێکەوە هەڵبواسرێت و لە کاتێکدا خۆی شــەرم لەوە بکات خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت، ئەوجا زۆر بەدرێژیش باســـمانکردووە و مانا و دەلالەتی ئەو رستەیە چییە، بۆیە نابێت پێش هەموان کادری پارتی دیموکراتی کوردســـتان ئەم ڕێبــازە بگۆڕێت بــۆ ئایدۆلۆژیا، بەڵــی دەکرێت ڕەفتار وکردەوەکانی هاوســەنگی ئەو ڕێبازە بکات کە ئەمری پێدەکات دەبێت خزمەتــکار بیت، ئەوکاتە کە ڕەفتارەکانی هاوســەنگ بوو لەگەڵ ڕێبازی بارزانی نەمر، وشــەکان ڕۆح دێتەوە بەری پێویســت نییە لە ناو چوارچێوەیەکی بێگیاندا هەڵبواســێت، بارزانی نەمر ئەو قســەیەی نەکردووە بۆ ئــەوەی دیوارەکانی پێبرازێنینەوە، یان دروشــمێکی هەڵبــژاردن نەبووە تا پارتی لە هەڵبژاردنێکدا پێ راســتبکاتەوە، بە پێچەوانەوە، لەو کاتەدا ئەو قسەیەی کردووە، کە گەلی کوردستان تێکرا ئەوەی پارتی بووە و ئەوەشی پارتی نەبووە، خۆی بەبە شێك لەو شۆڕشە زانیوە کە بارزانی نەمر سەرۆکایەتی کردووە، کەواتە لە بنەڕەتدا ئەم ڕێبازە بۆ خۆشــگوزانی خەڵکی کوردستانە بۆ تێگەیشتنە لە مانای حوکمرانی، چۆن دەبێت ئەو وشانە بکرێن بە دروشمێکی بێگیان و خەڵکی پێ چەواشــە بکرێت، بۆیــەش لە پارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە دەســـتمان پێکرد لەبەر ئەوەی هیــچ لایەك بە قســەکانمان نیگەران نەبێت، ئەگەر شێوازێکی ڕەخنەگرانە بە ئاراســتەی ئەو وەربگرێت، هەروەها بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی کوردســـتان پەرت نەبێت بۆ ڕووبەڕووبونــەوەی گەندەڵی، نابێت ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیش بەرەو ئایدۆلۆژیا مل بنێ، بەڵکو بەرنامــەی بنبرکردنی گەندەڵی دەبێت بێتــە پێوەر،دەبێت بۆ ڕووبەڕووبونــەوەی گەندەڵی بەرنامــە هەبێت، گەندەڵی چەند بەهێز بێت لە ســەدام حوسێنی دیکتاتۆر بە هێزتر نابێت، چەند بە هێز بێت لــە کیمیاباران و ئەنفال بەهێزتر نابێت، چۆن دەبێت لە کوردستاندا دووبەرە هەبێت، بەرەیەك گەندەڵ بێت و بەرەیەك دژی گەندەڵی بێت، راســتە گەندەڵی هەیە، بەڵام نابێت کەس لەبەرەی گەندەڵیدا بێت چارەســەرکردنی ســکاندڵی گەندەڵی گەورەتریــن هۆکارە بــۆ زیندووکردنەوەی ئیــرادەی ڕاپەریوی گەلی کوردســتان، ئــەو ئیرادەیەی بە چەنــد رۆژێك هەموو دامودەزگاکانی بەعســی بەکەرکویشەوە لە کوردستان ڕاماڵی، ئەو ئیرادەیەی بە ٨ ڕۆژ ســیفەری پێش ٨٠ ســاڵیی زیندوو کردەوە،بــەڵام بەکارهێنانی گەندەڵی بــۆ نائومێدکردنی خەڵك گاڵتەکردنە بەو ئیرادەیە، ئاشــکراکردنی ســکاندڵی گەندەڵی شــتێکە و کردنی گەندەڵی بە ئایۆلۆژیای سیاســیی شتێکی دیکەیە،بۆ نموونە، لــە ڕاپۆرتێکی گوڵاندا ئاماژەمان بەوەکرد کوری لی بیونگ ی ســەرۆکی کۆمپانیای سامسۆنگ کە خاوەنی زیاتر لە ٢٥٥ هەزار کارمەندو لە ٥٨ وڵات لقی هەیە، بە بەڵگە ســەلمێنرا کە لە پێدانــی باج بە حکومەتی کۆریای باشور گەندەڵی کردووە،کێ ئەمەی ورووژاند میدیاکانی کۆریا، کێ دادگاییکرد دەسەڵاتی دادوەری کۆریای باشوور، سزاکەشی ڕاگەیەنرا، ١٠٩ ملیۆن دۆلار ســزانی ماددی و ٣ ســاڵ بەند کــردن و، ئیتر کەس نەهات ئەم گەندەڵیە بکات بە ئایدۆلۆژیاو شــەری دەســەڵاتی پێبکات، جیاوازییەکە ئەوەیە لەوێ میدیا کە باســی گەندەڵی دەکات شــەری عەدالەتی پێدەکات، نەك شەری دەســەڵات و لەخشتە بردنی خەڵك. لەچیلی سکاندڵی

●●●

**چارەسەرکردنی گەندەڵی بە سندوقی هەڵبژاردن ناکرێت و ناکرێت چارەسەرکردنی گەندەڵی بکرێتە ئایدۆلۆژیای شەری هەڵبژاردن کە لە ئێستاوە خەریکە ئەو شەرە ئامادەباشی بۆدەکرێت، بابڵێین تۆ بەو ئایدۆلۆژیایە هاتیتە دەسەڵات، بەڵام کە میکانیزمی قەلاچۆکردنی گەندەڵی بوونی نەبوو،چۆن گەندەڵی چارەسەر دەکەیت ئایا کودەتا بەسەر دیموکراتی و بازاری ئازاد دەکەیت؟ ئایا دەبیتەوە بە دیکتاتۆر بە ئابوری مەرکەزی ژێرخانی ئابوری کوردستان بونیاد دەنێیتەوە؟**

●●●

●●●

**نابێت ئەو گوتەیەی بارزانی نەمر دەڵێت (شانازیە مرۆڤ خزمەتکاری گەلەکەی خۆی بێت) وەک تابلۆیەکی بێگیان لە پشت بەرپرسێکەوە هەڵبواسرێت و لە کاتێکدا شەرم لەوە بکات خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت، بارزانی نەمر ئەو قسەیەی نەکردووە بۆ ئەوەی دیوارەکانی پێبرازێنینەوە، یان دروشمێکی هەڵبژاردن نەبووە تا پارتی لە هەڵبژاردنێکدا پێ راستبکاتەوە، بە پێچەوانەوە، لەو کاتەدا ئەو قسەیەی کردووە، کە گەلی کوردستان تێکرا ئەوەی پارتی بووە و ئەوەشی پارتی نەبووە، خۆی بەبە شێک لەو شۆڕشە زانیوە کە بارزانی نەمر سەرۆکایەتی کردووە**

●●●



**گەندەڵی چەند بەهێز بێت لە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بە هێزتر نابێت، چەند بە هێز بێت لە کیمیاباران و ئەنفال بەهێزتر نابێت، چۆن دەبێت لە کوردستاندا دووبەرە هەبێت، بەرەیەک گەندەڵ بێت و بەرەیەک دژی گەندەڵی بێت، راستە گەندەڵی هەیە، بەڵام نابێت کەس لەبەرەی گەندەڵیدا بێت**

هەبووە، بەڵام بە (٢) ساڵ ئەو سکاندالە سەلمێنراوە،کە ئەو سکاندالەش سەلمێنراوە، لەو وڵاتە عەدالەت زیاتر چەسپیوە، لە وڵاتی ئێمە باسکردنی گەندەڵی بۆ چەواشەکردن و ونکردنی راستیەکانە لەبەردەمی عەدالەتدا، ئامانج پاڵەوانبازی سیاسەت و نمایشکردنی ماسوولکەی هێزە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا شەڕی دەسەڵات نابێت بکرێت؟ لەوەڵامدا دەڵێین ئاساییەو لە هەموو وڵاتێکدا شەڕی دەسەڵات هەیە، بەڵام نابێت، کەرەستەیەك بۆ ئەو شەڕە بەکاربهێنرێت ببێتە هۆکارێك بۆ بێئومێدکردنی میللەت، لە ژمارەی رابردووی گوڵان و لە راپۆرتێکدا سەبارەت بە ماناو چەمکی کارێزماو رۆڵی لە بونیادی نەتەوە، لە یەکێك لە پسپۆرەکانی سۆسیۆلۆژیامان پرسی، بۆچی باراك ئۆباما لە یەکەم وتاری وەك سەرۆکی ئەمریکا، ئیرادەی باوکانی دامەزرێنەری وەبیر گەلی ئەمریکا هێنایەوە؟ لەوەڵامدا وتی مەبەستی ئۆباما ئەوەیە بۆش ئەو ئیرادەیەی لەبیرکردبوو، باشە گریمان ئیرادەی باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا بەرامبەر ئیرادەی راپەریوی گەلی کوردستان دادەنێن، ئایا ئەوەی گاڵتە بەم ئیرادەیە بکات بۆ شەڕی هەڵبژاردن و ململانێی سیاسیی،ئایا مێژوو لە ئایندەدا چی پێدەڵێت؟ ئایا ئەگەر ئەوە ئامانجیان نییە، ئەوانەی کە ئەم وشەیەی گەندەڵییان کردووە بەکراسەکەی عوسمان، چەندین رۆژنامەو چەند کەناڵی ئاسمانی و کەناڵی ناوخۆیش هەن، برەوی پێدەدەن،کوا بەڵگەکان بۆ ئەوەی یەکێك لەو گەندەڵکارانە (ئێمە ناڵین نییە، دەڵێن هەیە) بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان ئاشکرا بکەن.

ئەم هەڵوەستەیەمان بەپێویست زانی، لەبەر ئەوەی هەستدەکەین ئیرادەی گەلی راپەریوی کوردستان گەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی کە پێی دەگوترێت (لاحول لنا ولا قوە) ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت،ئەوەی کە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن نەبێت دەسەڵاتە، بەڵکو ئەو مانایە دەگەیەنێت هەموو دەستکەوتەکانی راپەرین لەمەترسیدایە، مانای ئەوەیە ئەو ئیرادەیەی راپەڕین دروستی کرد پەرت و بڵاو بوونەتەوە، مانای وایە دەستکەوتەکانی راپەڕین خراپ سوودی لێوەرگیراوە و بۆتە هەوێنی پروپاگەندەی حزبی،ئیرادەی گەلی کوردستان قبوڵ ناکات ماناکانی راپەڕین سووکایەتیان پێبکرێت وبۆ مەبەستێك بەکار بهێنرێن کە دوورە لە ئامانجە راستەقینەکانی راپەرین، هەربۆیە دەبینین هەموو ئەو چالاکییە سیاسیانە دەبنە هەوڵێك بۆ بەحیزبیکردنی راپەرین، رایەڵێکی کۆمەڵایەتی یەکگرتوو کۆیناکاتەوە.ئەم حاڵەتە واتە کەوی کردنی ئیرادەی جەماوەر، بە ئاستێك بێ ئیرادەی کردووین کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بڵێین هەموو کاروبارەکان لە دەرەوەی ئیرادەی میللەت بەرێوەدەچن، کەواتە پەرتکردنی ئیرادەی جەماوەری راپەرین، بۆ ئەوەیە حزبەکان ئیرادەی تاکاکەنانی ناو جەماوەر کەوی بکەن.

**میدیا کە باسی گەندەڵی دەکات شەڕی عەدالەتی پێدەکات، نەک شەری دەسەڵات و لەخشتە بردنی خەڵک. لە وڵاتی ئێمە باسکردنی گەندەڵی بۆ چەواشەکردن و ونکردنی راستیەکانە لەبەردەمی عەدالەتدا، ئامانج پاڵەوانبازی سیاسەت و نمایشکردنی ماسوولکەی هێزە**

## چۆن ئەم حاڵەتە چارەسەردەکرێت؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین بەڵی مێژوو پێمان دەڵیت، رێگە



چارەی ئەم نائومیدەییەش هەیە، بەڵام ئەو ڕێگاچارەیەی کە تاکی کورد لە دوو بەندایەتی ڕزگار دەکات :

١- بیرکردنەوە بە چەمکەکانی حزب، تەفسیرکردنی ڕووداوەکان بە کەرەستەکانی حزب و بۆ بەرژەوەندیەکانی حزب.دەبێت چیدیکە کەسبکردنی جەماوەر بۆ ناو حزبەکان داگیرکردنی ئەقڵی جەماوەر نەبێت، بەڵکو دەبێت هەڵسوڕاوی کادری حزب بێت بۆ نزیککردنەوەی ئایدۆلۆژیەتی حزب لە خواستی کۆمەڵگە نەك بەپێچەوانەوە.

٢- بەندایەتی ئایدیۆلۆژیەتی باوی ناو گرووپ و پارتە سیاسیەکان و دوورکەوتنەوە لە ئیرادەی جەماوەر، ئیستا ئەو ئایدۆلۆژیەتانەی لە نێو کوردستاندا باوی هەیە دەخوازێت وهەوڵدەدات ئاراستەی بیرکردنەوەی تاکی کورد بە ئایدیۆلۆژیەتەکەی خۆی لغاو بکات، ئەو پرسانەی تاکی کورد ئامانجیەتی بە ئایدۆلۆژیەتی خۆی تاکی کورد بە کاردەهێنێت،نەك بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی تاکی کورد ئامانجیەتی، بەڵکو بۆ ئەو ئامانجەی ئایدۆلۆژیەتی حزبەکە مەبەستێتی.کەواتە دەبێت ئایدۆلۆژیای حزبی لغاوکردنی بیرکردنەوە نەبێت بە ئایدۆلۆژیەتی حزبەکان.

ئەگەر بتوانین تاکی کورد لە بەندایەتی حزب و بەندایەتی ئایدیۆلۆژیای حزبەکان ڕزگار بکەین، ئەوا هەستکردن بە نائومێدی لە ناو ناخی کوردا دەگۆڕین بۆ بەشداریکردن و هاوبەشی لە پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیدا.

کەواتە ئەم شێوازەی پارتە سیاسیەکان کە دەیانەوێت ڕاپەرین سیماو تایبەتمەندی حزبەکانیان وەربگرێت، بۆتە کۆمەڵیك وشەی توندپێکەوەبەستراو بۆ ئەوەی خەڵکیش بەو جۆرە لە ڕاپەرین تێبگات کە حزب ئومێدی بۆ دەخوازێت.ئەمەش بێ مانا کردن و بێ ناوەرۆککردنی مانا ڕاستەقینەکەی ڕاپەڕینە، بۆ ئەوەی ئەم واقیعە کۆتایی بێت، ئەوا دەبێت ئەو قۆناخە کۆتایی بێت، کە حزب ناوەندی تەفسیر و تۆمارکردنی مێژوو و ڕووداوە مێژووییەکان بێت.نابێت هەمان ڕێنووس هەمان زارەوەی کە حزبەکان بە کاریدەهێنن بۆ نووسینەوەی ڕووداوەکان بەکاربهێنرێت. دەبێت تەفسیری بۆنە مێژووییەکان و تۆمارکردنیان لەو کۆمەڵە دەستەواژە خۆرسکانەوە دەستپێبکات،کە بە شێوەیەکی هاوسەنگ و هەماهەنگ لە سیستەمی تێگەیشتنی گەل بۆ ئەو زاراوانە پێکهاتوون. بۆئەوەی گوتارێکی ڕاستەقینە بۆ ڕاپەرین بەرهەمبهێنین،دەبێت ئەو وشانەی بوونەتە دروشمی ڕاپەڕین لە چوارچێوەی ڕاستەقینەی خۆی دابنێینەوە،دەبێت سەرلەنوێ زنجیرەی ڕووداوەکان دروستبکەینەوە و لە نێوان ئەو زنجیرانەشدا زنجیرەی تازە بۆ بەستنەوەی بەئەمرۆوە دروستبکەین و سەرلەنوێ گوتاری ڕاپەڕین پێناسە بکەینەوە،ئەو شێوازە بەرهەمبهێنینەوە کە چۆن وەك بەرەنجامی یەك ئیرادەیی و یەك هەڵوێستی لە بنەڕەتدا لە دایکبوون، وەك یەکەیەك ناوەرۆکی فیکری ئەو گوتارانە دابرێژرێنەوە.ئەوکاتە دەبینین ئیرادەی ڕاپەڕین هەر زیندووە و نائومێدی نەیتوانیوە و ناشتوانێت چۆکی پێدابدات.

●●●

**لە هەموو وڵاتێکدا شەڕی دەسەڵات هەیە، بەڵام نابێت، کەرەستەیەک بۆ ئەو شەڕە بەکاربهێنرێت ببێتە هۆکارێک بۆ بێئومێدکردنی میللەت**

●●●

●●●

**ئەگەر بتوانین تاکی کورد لە بەندایەتی حزب و بەندایەتی ئایدیۆلۆژیای حزبەکان ڕزگار بکەین، ئەوا هەستکردن بە نائومێدی لە ناو ناخی کوردا دەگۆڕین بۆ بەشداریکردن و هاوبەشی لە پرۆسەی گۆڕان و وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیدا**

●●●

# نەورۆز لە پێناوی پاراستنی مێشکی لاوەکانمان لەدایک بوو

## ئەمڕۆش دەبێت پارێزگاری (زمان)مان بکەین بۆئەوەی مێشکی لاوەکانمان داگیرنەکرێت



●●●

داگیرکەر ئەگەر بیەوێت خاکمان داگیربکات، پێشتر هەوڵدەدات ئەقڵمان داگیربکات، بەڵام ئەگەر بیەوێت ئەقڵمان داگیر بکات هەوڵدەدات زمانمان داگیربکات

●●●

●●●

هەموو داگیرکەرانی کوردستان یەک ناویان هەیە ئەویش ناوی زوحاکە، ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە، جیاوازی ئەو مارانەیە کە مێشکی لاوی کوردی پێداگیر دەکەن و مێشکی لاوی کوردیان دەرخوارد کردووە

●●●

●●●

ئەوەشی کتێبی نەورۆز نەخوێنێتەوە، هەموو زمانی دنیا بزانێت نازانێت بە کوردی بیربکاتەوە

●●●

((داگیرکەر ئەگەر بیەوێت خاکمان داگیربکات، پێشتر هەوڵدەدات ئەقڵمان داگیربکات، بەڵام ئەگەر بیەوێت ئەقڵمان داگیر بکات هەوڵدەدات زمانمان داگیربکات)).

نەورۆز تەنها وشەیەك نییە، بەڵکو ناونیشانی کتێبێکیشە کە پێشەکیەکەی ئەو ئاگرەیە تاریکی نێو زیندانەکانی مێژوو ڕووندەکاتەوە، ئەو پەیامەیە کە دروشمی شۆرشەکەی لەو ئیرادە ئیلاهیەوە سەرچاوەی گرتووە کە سوورانەوەی زەوی بەدەوری خۆیداو بەدەوری رۆژدا دروستکردووە، لە وساتەدا لە دایکبووە کە پەروەردگار بە پێویستی دەزانێت شەو رۆژ یەکسان بێت، بۆیە نەورۆز لەناو بەپێویست زانینی یەکسانی پەروەردگاردا، پێویستی یەکسانی ناو مرۆڤەکانی بە مرۆڤایەتی راگەیاند .

نەورۆز ناونیشانی ئەو کتێبەیە کە مێژووی گەلێکی زیندووی وەك مرۆڤ، وەك نەتەوە . وەك میللەتێکی بەشدار لە دارشتنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە، کە کتێبی نەورۆز دەکەینەوە پێمان دەڵێت باو و باپیرانمان ئیمراتۆربوون، پێشمان دەڵێت چەوساوە وسەرکوتکراویش بووین، کە کتێبی نەورۆز دەکەینەوە پێمان دەڵێت سەردەمانێك لاوی کورد چەند ملکەچ و بێ ئیرادەبووە،پێمان دەڵیت پۆل پۆل بە بێ ئیرادە ریزیان دەبەست بۆ ئەوەی زوحاك مێشکیان داگیربکات و دەرخواردی مارەکانی سەرشانیان بدات، نەورۆز پێمان دەڵێت هەر داگیرکەرێك ئامانجی بێت زمان و خاکمان داگیر بکات و هەوڵدەدات مێشکی لاوەکانمان کەلانەی ئەقل وداهێنانی تاکی کوردە داگیری بکات و دەرخواردی مارەکانی بدات.،نەورۆز پێمان دەڵێت هەر داگیرکەرێك ویستێتی کوردستان داگیر بکات، ماری مێشکخۆری لاوەکانی کوردستانی هەبووە و مارەکانیش لەسەر شان و لە ناو مێشکی بووە،بەڵام لە ناو دێرەکانی کتێبەکەی نەورۆزدا ئەوەش نووسراوە داگیرکردنی مێشکی لاوی کورد تاسەر کارێکی ئاسان نەبووە و کارێکی قبوڵکراو نەبووە، بۆیە کاتێك ماری داگیرکەران بە داگیرکردن وخواردنی مێشکی لاوەکانمان مەست دەبن لەو کاتەدا کاوەیەکی ئاسەنگەری دیکە لە دایکدەبێت، پێش ئەوەی بەرنامە بۆ ئازادی و رزگاری دابرێژێت،خۆرسکانە لە شوێنی کارەکەیەوە ' بەرکۆشەکەی دەکاتە بەیداخ و چەکوشەکەشی دەکاتە چەکی دەستی و ئەو سەرانەی پێدەپەرێنێت کە هەموو ئامانجیان داگیرکردنی ئەقڵ و داگیرکردنی مێشکی لاوەکان بووە.

لە ساڵانی هەفتاکان و دوای ئەوەی رژێمی بەعس بریاریدا هەنگاو بەهەنگاو خوێندن بەزمانی کوردی نەهێڵێت، قوتابیانی ١٠-١٢ساڵەی کورد بێئەوەی بەوردی بەناو کتێبی نەورۆزدا گەڕابن، بێ ئەوەی کاوەیەك بیری نەتەوەیی پێگووتبن دەرژانە سەرجادەو شەقامەکان و هاواریان دەکرد ( چەکوشەکەی دەستی کاوەین )، ئەمە بەو مانایە چەکوشەکەی دەستی کاوەین بۆ مێشکپژانی ئەوانەی دەیانەوێت زمانەکەمان داگیربکەن وەك سەرەتایەکیش بێت بۆ داگیرکردنی ئەقڵمان، نەورۆز پێمان دەڵێت داگیرکەر شێوەیان زۆرە، پێمان دەڵێت لەبیرتانە داگیرکەران چۆن دەیانویست راوی منالانی کورد بکەن، دەیزانی بە فرۆکە ناتوانێت، لەبەر ئەوەی کە دەنگی فرۆکە هات خۆیان دەشارنەوە، دەیزانی بەتۆپ ناتوانێت لەبەر ئەوەی تەنها تۆپی یەکەم کاریگەری دەبێت و منداڵان خۆیان دەپارێزن، بۆیە دەهاتن بارووتی ناو ناپالم وتۆپەکانیان دەخستە ناو یاری منداڵان و لە شوێنەجیاجیاکانی کوردستاندا بڵاویاندەکردەوە بۆ ئەوەی منالان لاوان عاشقی بن و خۆیان بچن بە خۆیاندا بتەقێنەوە، نەورۆز پێمان دەڵێت کە ماندووبوون ویستان لەژێر سیبەری دارشاتوویەك، دار گوێزێك، دار بەڕوویەك پشووبدەن، لەو ساتانە لەبری ئەوەی ماندوویێتی خەوتان لێبخات، ئێوە ماندوویێتی ماندوو بکەن، مەنوون هەوڵبدەن داربەڕووەکە یان شاتووەکە یان دارگوێزەکە بێننە قسە، ئەو دارانە تەمەنیان زۆرە ئەگەر هەموو مێژووشیان لە ناخی خۆیاندا تۆمار نەکردبێت هەریەکەیان مێژووی چەند سەدەیەکی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە، لێیان بپرسن لەماوەی تەمەنی تۆدا چەند داگیرکەر هاتوون و لە ژێر سێبەری تۆدا دانیشتوون، پاشان لقەکانتانی شکاندووە و ئاگری پێکردۆتەوە، لێی بپرسن ئایا کە لە ژێر سێبەری تۆ دانیشتوون سەرگوزەشتەکانیان چیبوون؟ لێی بپرسن ئایا چەند جۆر داگیرکەرت بینیوە؟ چیان دەگووت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە کتێبی نەورۆزدا نووسراوە، بۆیە نەورۆز بێباکە پێمان دەڵێت بچن خۆتان لەو سەرچاوانە بپرسن کە پێشتر من لێم پرسیون و تۆمارمکردووە، هەموو داگیرکەرانی کوردستان یەك ناویان هەیە ئەویش ناوی زوحاکە، ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە، جیاوازی ئەو مارانەیە کە مێشکی لاوی کوردی پێداگیر دەکەن و مێشکی لاوی کوردیان دەرخوارد کردووە، نەورۆز دەڵێت ماری داگیرکەران یەك جۆر نیی\ن، هەن پێمان دەڵین ئێوە بە تورکی قسە بکەن باشتر لە دنیا تێدەگەن، کە تورکیتزانی پێویستت بە زمانی تر نییە، بەشێکی دیکە پێمان دەڵین کورد وفارس هەردووکیان ئارین و کە فارسیت زانی لە کوردیش تێدەگەیت، بەشێکی دیکەش پێمان دەڵین عەەبی زمانی قورئانە، زمانی پێغەمبەرە (د.خ) چۆن دەبێت موسڵمان بیت و عەرەبی نەزانیت، چۆن دەبێت موسڵمان بیت وهەوڵنەدەیت خۆت فێری عەرەبی بکەیت، بێگومان نەورۆز دەڵێت داگیرکەران بۆ ئەوە فێری زمانێکی ترمان ناکەن تا جیهانبینیمان فراوان بێت، بۆ ئەوە فێری فارسیمان ناکەن تا شاکاری فردۆسی و شیعرەکانی حافزی شیرازی پێبخوێنینەوە، بۆ ئەوە فێری تورکیمان ناکەن نازم حکمەت بە تورکی بخوێنینەوە، یان بزانیین بێشکچی چۆن بە زمانی تورکی بەرگری لە کورد کردووە، بۆ ئەوەش فێری عەرەبیمان ناکەن لە گەوهەری قورئان تێبگەین، بۆ ئەوە فێری عەرەبیمان ناکەن بە زمانی ئۆریجن شیعرەکانی قەبانی یان پاکانەی هادی عەلەوی لە ئومەی عەرەبی بخوێنینەوە، نەورۆز دەڵیت بۆیە رۆڵەکانم فێری ئەو زمانانە دەکەن بۆ ئەوەی هەموو کتێبی دنیا بخوێننەوە بەڵام نەتوانن کتێبی نەورۆز بخوێننەوە، ئەوەشی کتێبی نەورۆز نەخوێنێتەوە، هەموو زمانی دنیا بزانێت نازانێت بە کوردی بیربکاتەوە، کەواتە نەورۆز پێمان دەڵیت ئەوان دەیانەوێت ئێمە بە کوردی بیر نەکەینەوە، داگیرکەران بۆ ئەوەی فێرمان بکەن بە ئەقلی ئەوان بیربکەینەوە، ناوی شاخ و گوند و قوتابخانەو مزگەوتەکانمان دەگۆڕن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ناوانە دەربڕی بەشێك لە مێژووی نەتەوەکەمن، دەیانەوێت چواردەورمان بکەن بە مێژووی بێگانە،بۆیە نەورۆز پێمان دەڵیت : لە ناو مێژووی فارسدا بیر بکەیتەوە وەك فارس بیردەکەیتەوە، چۆن لە ناو مێژووی فارسدا بیردەکەیتەوە ئەو کاتەی فێری زمانی فارسیت دەکات و کتێبە مێژوویەکانی فارسیشت لەبەردەم دادەنێت بیخوینیتەوە، نەورۆز دەڵیت کە تۆ تێکەڵاوی شانامە بوویت لە کوێ من دەخوێنیتەوە، کە فێری تورکیت دەکەن لە ناو مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ون دەبیت و خۆت نادۆزیتەوە، کە فێری عەرەبییشت دەکەن، تێکەڵاوی مێژوویەکت دەکەن کە تەمەنی مرۆڤ بەشی ئەوە ناکات تەنها لە جاهیلەتییەکەی بگەی نەك مێژووی دوای جاهیلیەتەکەی، چۆن دەپەرژێیتە سەر ئەوەی بە ناومـا بگەڕێیت و گەوهەرەکانمان لە ناو دەشت و چیاو ئەشکەوتەکانی کوردستاندا بدۆزیتەوە.

●●●

**نەورۆز دەڵێت داگیرکەران بۆ ئەوە فێری زمانێکی ترمان ناکەن تا جیهانبینیمان فراوان بێت، بۆ ئەوە فێری فارسیمان ناکەن تا شاکاری فردۆسی و شیعرەکانی حافزی شیرازی پێبخوێنینەوە، بۆ ئەوە فێری تورکیمان ناکەن نازم حکمەت بە تورکی بخوێنینەوە، یان بزانیین بێشکچی چۆن بە زمانی تورکی بەرگری لە کورد کردووە، بۆ ئەوەش فێری عەرەبیمان ناکەن لە گەوهەری قورئان تێبگەین، بۆ ئەوە فێری عەرەبیمان ناکەن بە زمانی ئۆریجن شیعرەکانی قەبانی یان پاکانەی هادی عەلەوی لە ئومەی عەرەبی بخوێنینەوە، نەورۆز دەڵێت بۆیە رۆڵەکانم فێری ئەو زمانانە دەکەن بۆ ئەوەی هەموو کتێبی دنیا بخوێننەوە بەڵام نەتوانن کتێبی نەورۆز بخوێننەوە**

●●●

●●●

**لە ناو مێژووی فارسدا بیر بکەیتەوە وەک فارس بیردەکەیتەوە، کە فێری تورکیت دەکەن لە ناو مێژووی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ون دەبیت و خۆت نادۆزیتەوە، کە فێری عەرەبییشت دەکەن، تێکەڵاوی مێژوویەکت دەکەن کە تەمەنی مرۆڤ بەشی ئەوە ناکات تەنها لە جاهیلەتییەکەی بگەی نەک مێژووی دوای جاهیلیەتەکەی**

●●●



داگیرکەر هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت لە ئاگری نەورۆز ترساوە

شیعری (٢٧) ساڵەی بێکەس ی گەورە شاعیری کورد لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ نەبوو کە سینگی ئەدمۆنزی گرت و وەک گرمەی هەوری بەهار گرماندی بەسەریداو وتی ٢٧ ساڵە من ڕەنجبەری تۆم ............. ئەم شیعرە ئەگەر لە ڕووی هونەری شیعریشەوە لاواز بێت، چونکە شیعرێکی شۆڕشگێڕییە، بەڵام گەورەترین سەروەری بۆ بێکەسی شاعیرو بۆ تەواوی نەتەوەی کورد لە هەنبەر داگیرکەراندا خولقاند

ئەوانەی کردنەوەی ئاگری نەورۆز بە ئاگر پەرستی دادەنێن هەر ئەوانەن کوردیان بە جنۆکە لە مێژووی خۆیاندا تۆمارکردووە

## ئاگری نەورۆز کە لە ناخدا کوژایەوە کتێبی نەورۆز ڕەشدەبێتەوە

ئەوانەی ڕووڕەشـــی قاپی پەروەردگار دەبن چەند لە ئاگری دۆزەخ دەترسن،داگیرکەرانی کوردســـتان و ئەوانەی بە بیری داگیرکەرانی کوردستانیش بیردەکەنەوە هێندە لە ئاگری نەورۆز دەترسن، تەنها یەک ئایدیۆلۆژیەتێك نییە دژی ئاگری نـــەورۆز بووبێت، داگیرکەر هەر ئایدیۆلۆژیەتێکی هەبێت لە ئاگری نەورۆز ترســـاوە، هەر بۆنموونە لە سەردەمی حکومە پادشایەتی عێراقدا،بە فیعلی ئینگلیز حاکمی عێراق بووە، کەچی ئاگری نەورۆز هەر قەدەغە بووە، مەگەر شیعری (٢٧) ســـاڵەی بێکەس ی گەورە شاعیری کورد لە نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥ نەبوو کە ســـینگی ئەدمۆنزی گرت و وەك گرمەی هەوری بەهار گرماندی بەســـەریداو وتی ٢٧ ســـاڵە مـــن ڕەنجبەری تۆم ............. ئەم شیعرە ئەگەر لە ڕووی هونەری شیعریشەوە لاواز بێت، چونکە شیعرێکی شۆڕشگێڕییە، بەڵام گەورەترین سەروەری بۆ بێکەســـی شاعیرو بۆ تەواوی نەتەوەی کورد لە هەنبەر داگیرکەراندا خولقاند. لەدوای ئەوانیش بەعســـیەکان قەدەغەیان کرد،هەتا لەدوای ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ جەژنی نەورۆز وەك جەژنی نیشتمانی و سەری ساڵی کوردی پێناسە کرا، هەندێك ئایدۆلۆژیای خوازرا و ئێستا لە کوردســـتاندا هەن و ئەوانەی ئەو ئایدیۆلۆژیەتەیان پێبڕاوەتەوەب ئاگر کردنەوە بە ئاگر پەرســـتی تەفسیر دەکەن .ئەگەر ئەمە ڕاست نییە،دەتوانن بە فیعلی ئێوارەی ٢٠/٣/ ٢٠٠٩ کە تەنها چەند ڕۆژێکی کەمی ماوە لەسەر بانی بارەگاکانتان و هاوشان لەگەڵ ئەو ئالآیەی هەڵیان کردووەو بە ئالآی ئیسلامی دەزانن، بائاگری نەورۆز بکەنەوە، ئێمەش ئەوکات لێکدانەوەی ترمان دەبێت. ئەوانەی کردنەوەی ئاگری نەورۆز بە ئاگر پەرســـتی دادەنێن هەر ئەوانەن کوردیان بە جنۆکە لە مێژووی خۆیاندا تۆمارکردووە، ئایا ئەوانەی خۆیان بە شوێنکەوتووی ئەوان دەزانن، دەتوانن ناوی تەنها یەك بیرمەندی عەرەبی وەك بەڕێز هادی عەلەویمان پێی بڵێن کە لەســـەر بێدەنگـــی عەرەب بەرامبەر کارەساتی هەڵەبجە حاشـــای لەنەتەوەکەی خۆی کردو شەرمەزاری خۆی نیشاندا کە ئەویش عەرەبەو ئەو فرۆکەوانەی کە کیمیا بەسەر خەڵکی بێ دیفاع دەڕژێنێ ئەویش عەرەبە،حاشـــای لە عەرەببوونی خۆی کردو داوای لێبوردنیشـــی کرد.. ئایا هەموو مێژووی عەرەبی بیرمەندێکی تیایە لەسەر ئەوەی کورد بە جنۆکە تۆمارکراوە حشا لە مێژووی عەرەب بکات .

## مانای و دەلالەتی ئاگری نەورۆز

پـــەروەردگار پێمـــان دەڵێت : ئاگر نەبوو ژیـــان نابێت،ئەی ئەوە نیە ئەســـتێرەکی بە ناوی ئەســـتێرەی ڕۆژ دروســـتکردووە و کۆمەڵێك ئەســـتێرەی دیکەشـــی بە دەوریدا دروســـتکردووە و بۆ ئەوەی ژیان بەردەوامـــی هەبێت، واتە بۆ ئەوەی ژیـــان بەردەوامی هەبێت دەبێت هەموو لە دەوری ئاگر کۆببینەوە، دیکارت دەڵێت سیســـتەمی کەون بە یاســـای گەورە بە ڕێوە دەچێت، بەڵام یاساکان لەو پەری سادەیی دانراون، ئایا ئێمە دەتوانین پەیامی ئاگر لە ڕۆژ و لە کەوکەبی ڕۆژ فێرببیـــن، بەڵی مێژووی فیکر پێمان دەڵێت چۆن لێی فێرنابین، ئەی ئـــەوە نییە بچووکترین گەردیلە کە بە چاو نابینرێت بە سیســـتەمی کەوکەبـــی ڕۆژ کاردەکات و ئەوە نیە ئەلکتـــرۆن بەدەوری پرۆتۆندا دەخولێتـــەوە، ئەی ئەوە نیە ئیســـحاق نیوتن گەورەترین بیردۆزەی لە کەوتنە خوارەوەی ســـێوێکەوە بەرهەمهێنا، ئەی ئەوە نییە چاپکردن لە شـــێی دارەوە دۆزرایەوە، کەواتە سیستەمی کەون(گەردوون)، ئەو سیســـتەمەی پەروەردگار ئەو کەونەی پێ هەڵدەسورێنێت هەمان ئەو سیســـتەمەیە کە گەردی مادیەکیشی پێهەڵدەســـورێت،ئەوە نییە ئاینیشـــتاین لە پێوانی خێرای ڕووناکی چرایەکەوە، ســـاڵی تیشکی دانـــا و ماوەی نێـــوان زەوی و ڕۆژ و زەوی ئەســـتێرەکانی دیکەی بە مەتـــر بەرهەمهێنا، بۆیە ئەگەر ئاگر ئەگـــەر هەندێك کاڵفام بە دژی ئیســـلامی لە قەڵەمبدەن، ئەمە ڕووە ناشرینەکەی خوێندنەوەی



مانـــای ئاگره، دەكرێت رۆژیش ئەو ئاگره بێت كە هەموو ژیانی پێوه بەنـــدە، دەكرێت روویەكی دیكەی خوێندنەوه بـــۆ ئاگری نەورۆز لە خوێندنەوەمان بۆ ئاگری دۆزەخ ئیلهامی لێوەربگرین، واتە هەر ئاگره سنوور بۆ ئەو كەسانەش دادەنێت كە پەیامی پەروەردگار دەشكێنێت، ئایا بۆچی نابێت لە حیكمەتی پـــەرەردگارەوه ماناو دەلالەتی ئاگر لێكبدرێتەوه؟ ئەی بۆ دەبێت بە جاهەلەتی كەســێك لێكبدرێتەوه كە نەك ئاگر بەلكو كوردیشی بە جنۆكە تۆمەتبار كردووه؟

كەواتە بە سوود وەرگرتن لە ویاسایەی كە پەروەردگار بۆ رێكخستنی كەون و بەردەوامی ژیان لەســـەر ئەستێرەی زەوی، بەو سیستەمەی بـــۆ رێكخســـتنی پەیوەندیەكانی مـــرۆڤ لەگەڵ یەكتـــردا، ئاگر فاكتەرێكی ســـەرەكی حیكمەتی پـــەروەردگارە، پەروەردگار ئاگری كردۆتە ســـەرچاوە بۆ بەردەوامی ژیان و ئاگری كردۆتە یاســـا بۆ رێكخستنی ژیان، پرسیار ئەوەیە ئایا ئاگری نەورۆزیش هەمان مانا و دەلالەتی لێدەخوێنرێتەوه؟

لـــە وەڵامدا دەڵین بەڵی . ئاگری رۆژ چۆن نیشـــانەی بەردەوامی ژیانی مرۆڤایەتیە لەســـەر زەوی، ئاگری نەورۆزیش بە هەمان شێوه نیشانەی بەردەوامی ژیانی مرۆڤی كوردە لە كوردستان، داگیركەران بۆیە رێگامان لێدەگرن لە كوردستان ئاگربكەینەوه بۆ ئەوەیە ژیانمان لە ناو كوردستاندا رابگرن .

ئاگـــری نەورۆز هەیـــەو، ئاگری دۆزەخیش هەیـــە، بەڵام بۆكێ ؟ پەروەردگار پێمـــان دەڵیت بۆ ئەوانەی پەیمانی خوا دەشـــكێنن، بۆ ئەوانەی برایەتی نێوان مرۆڤەكان تێكدەدەن،دەكرێت ئاگری نەورۆزیش دۆزەخ بێت بۆ ئەوانەی دژی ئەو یەكســـانیە بن كە خوا لە نەورۆزدا بەپێویســـتی دەزانێت كە ئەویش یەكســـانی شەو و رۆژە، ئێمە دەبێت ئاگری نەورۆز بكەینە دۆزەخ بۆ ئەوانەی بڕوایان بەیەكسانی كورد و نەتەوەكانی دیكە نییە، بیكەین بە دۆزەخ بۆ ئەوانەی پێیان وایە ئەوان نەتـــەوەی برا گەورەن و كورد نەتەوەی برا بچووك، بۆ ئەوانەی پێیان وایە مافی موســـڵمانی عەرەب لە مافی موسڵمانی كورد زیاترە، بۆ ئەوانەی پێیان وایە ئاســـاییە موسڵمانی عەرەب شانازی بەنەتەوەی خۆی بكات بەڵام كوفرە كورد شانازی بە نەتەوەی خۆی بكات .

## نەورۆز وەک مێژوو، وەک خوێندنەوەی مێژوو بۆ ئاینده ئازادی و یەكسانی و دادپەروەرییە

هەتا ئێستاش نەورۆز هەر سیما خۆرسكەكەی ناو بیری نەتەوەیی كوردەو ســـاڵانەش ئەو یادە دەكرێتـــەوە و هەموو كورد بۆ رۆژی دوایـــی بەبەرگی كوردی و بە یەك شـــێوه خواردن ( مەبەســـت دۆڵمەیە، دەتوانیـــن بڵێن دۆڵمە وەك پلاوی جەژنی نەورۆز وایە )، ئـــەم چوونە دەرەوەیە و ماڵ بەجێهێشـــتنە لە رۆژی نەورۆز چەند مانایەكی دروست كردووە كە هەمووومان پێكەوە وەك نەتەوە دروســـتمان كردووە و بەتەنها موڵكی هیچ كەسێك نییە .دەكرێت تەنها لە پیادەكردنی بۆنەی نەورۆز ئەم رەهەندانە بخوێنینەوە:

١-لە نـــەورز دەبێتە ئەو رۆژەی كە هەموو كەس دەبێت لە ماڵی خـــۆی دەربچێت و رووبكاتە دەشـــت و دەرو ئەو رۆژە بە مانای وشـــە هەســـت بە ئازادی بكات،بەڵام ئازادیـــەك كە بە ئاگری نەورۆز رێكخـــراوە، لەو رۆژەدا هەموو گەنـــج وپیر، كور وكچ، ژن و پیاو، بەو پەری خۆرازاندنەوە، بەو هەموو پۆشـــاكە ئاڵ و واڵایەی لەبەری دەكەن . لێرە لە رۆژی نەورۆزدا كورد هەست بە گەڕانەوەی كەرامەتی خۆی دەكات، كە داگیركەران لێرەو لەوێ لێ زەوت دەكەن،ئاخر نیللەتێـــك خەباتی بۆ ئازادییەكەی خۆی نەكردبێ، كوا هەست بە بوونی كەرامەتی دەكات..

٢- لەو رۆژەی نەورۆزدا رێزی ئاگری نەورۆز لە ئاكاری خەڵكدا دەبێتە داد پەروەری، خەڵك دەچێت بۆ سەیران بەڵام هەرگیز قەت وەك ئـــەو رۆژە بەرامبەر بەیەكتری دادپەروەر و لێبوردە نابن، ئەو رۆژە خەڵك هەســـت دەكات لێبوردەو دادپەروەرە، باوك كە رۆژی پێش نەورۆز قبـــوڵ ناكات كچەكەی بچێت بۆ بازاڕ لەو رۆژەدا خۆی قبوڵ دەكات پێكەوە هەڵپەڕن، برا كە لە گەڵ خوشكەكەی یـــان دایكی نـــا لێبوردەیە لـــەو رۆژەدا لێبـــوردەو گوێڕایەڵە، كەســـەرپێچییەك دەكرێت تەنها ئەوەندە بەســـە بەكەسێك بڵێت ( كاكـــە تۆ هاتویت نەورۆز بكەیت یان نـــەورۆز تێكبدەیت) ئەمە مانـــای ئەوەیە ئەو رۆژە نەورۆز تێكەڵی ئاكاری كۆمەڵایەتیمان دەبێت .

٣-ئەو خواردنە ســـەرەكیەی بۆ نەورۆز كەكەس نازانێت چۆن بووە بە خواردنی رۆژی نەورۆز ( دۆڵمەیە، بێگومان ئەگەر ســـەرنج بـــدەن چەند خواردن بۆ ئەو رۆژە ئامـــادە بكرێت، دۆڵمە هەر بە خواردنی سەرەكی دەمێنێتەوە) ئەم خواردنە لەگەڵ ئەوەی ئێستا بۆ رازاندنەوەی نەورۆز فەنتازیـــای تیادەكەن، بەڵام لە بنەڕەتدا خواردنی هـــەژار و دەوڵەمەندە، خواردنی جوتیارێكە و خواردنی ئاغایەكـــە، خواردنـــی هاوڵاتیەكە خواردنی ســـەرۆك كۆماری كوردستانیشـــە، كەواتە كە بڕیارت دا نـــەورۆز بكەیت ئەو رۆژە خواردنی هەمـــوان وەك یەكی لێدێت، ئەمە ئـــەو تەنها رۆژەیە كە هەموو میللەت لەســـەر یەك سفرە ( كە باوەشی كوردستانە ) هەموومان یەك جۆر خواردن دەخۆین كە ئەویش دۆڵمەیە .

كەواتە نەورۆز پێمان دەڵێت میللەتی ئێمە پێویستی بە ئازادی و یەكســـانی و دادپەروەرییە و،بۆ ئەوەی هەموو رۆژێكمان بكەینە نەورۆز دەبێت ئازادی ویەكسانی و دادپەروەری بكەینە بەرنامەی ژیانی رۆژانەمان.

●●●
**دیكارت دەڵێت سیستەمی كەون بە یاسای گەورە بە رێوە دەچێت، بەڵام یاساكان لەو پەری سادەیی دانراون**
●●●

●●●
**لە رۆژی نەورۆزدا كورد هەست بە گەڕانەوەی كەرامەتی خۆی دەكات، كە داگیركەران لێرەو لەوێ لێ زەوت دەكەن،ئاخر نیللەتێک خەباتی بۆ ئازادییەكەی خۆی نەكردبێ، كوا هەست بە بوونی كەرامەتی دەكات**
●●●

●●●
**لەو رۆژەی نەورۆزدا رێزی ئاگری نەورۆز لە ئاكاری خەڵكدا دەبێتە داد پەروەری**
●●●

●●●
**نەورۆز تێكەڵی ئاكاری كۆمەڵایەتیمان دەبێت**
●●●




# ئەو دیکتاتۆرەی خەریکە لە سندوقی دەنگ
# دەبێت بەدەستووری عێراق ئەقلیەتی بگۆڕێت

هەتا دەسپێکی ئەم راپۆرتەش ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان پێمان وابوو، ئەو گوتەو لێدوانانەی لەسەر زاری ئەسیل نجێفی و لیستی حەدبا دژ بە کورد وپێکهاتە غەیرە عەرەبییەکانی دیکەی موسڵ بڵاو دەکرێنەوە، بەشێکە لە پروپاگەندەی هەڵبژاردن و تەنها گێژاوێکە بۆ هەڵبژاردنەکان هەڵیکراوە و دوای هەڵبژاردنەکان دەنیشینەوە، چونکە لامان سەیر بوو ئەقلیەتێك بیەوێت بەرێگەی سندووقی دەنگدان ودیموکراتی بێتە ناو پرۆسەی دەسەڵاتی پارێزگایەکی وەك موسڵ، کەچی بڕوای بەعێراقی ئازاد و دەستووری عێراق نەبێت، بڕوای بە پێکەوەژیانی برایانەی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو شارە نەبێت، کە تێکرای پێکهاتەکانی عێراق هەرلە (عەرەب بە سونەو شیعەوە) کورد (بە موسڵمانی سونەو شیعە،ئێزدی، شەبەك) تورکمان (بە سونەو شیعەوە، کریستیان بە کلد وئاشورەوە، ئەمانە هۆکاری جیدی بوون وای لە ئێمە کرد بڕیاربدەین راستەوخۆ لەسەرئەم




مەسەلەیە لەگەڵ ئەسیل نجێفی سەرۆکی لیستی حەدبا قسە بکەین (دەقی قسەکانی لەم راپۆرتە بڵاو دەکەینەوە) لە ئاکامدا ئەوەی گوێمان لێبوو، نەك هەر ئاماژەبوو بۆ ئەقلیەتێکی دیکتاتۆری شۆڤێنی، بەڵکو بەرامبەر لیستی برایەتی نەینەوا هەندێك قسەی کرد ئەگەر لەو چوارچێوەیە حسابی بۆنەکەین نەقلی کفر کفر نییە قسەکان رووی ئەوەی نییە کەسێك بیکات کە بەشداری هەڵبژاردنێکی دیموکراتی کردبێت و بڕوای بەهەڵبژاردن بێت، بەمجۆرە بۆمان دواوە:

١- لە ناو پارێزگای موسڵ لیستی برایەتی نەینەوا دەنگی نەهێناوە.

٢- لیستی برایەتی نەینەوا ١٢ کورسی هێناوە هیچ کام لەو کورسیانە بەر کاندیدی کورد نەکەوتوون.

٣- ئێمە بە بریاری زۆرینەو کەمینە کاردەکەین.

٤- دەبێت یەك ناوەندی بڕیاردان هەبێت و دەبێت ئەو ناوەندەش بە هێز بێت.

رۆژی هەینی رابردوو هەر ئەسیل نجێفی لە لێدوانێکدا بۆ ئەسوات عێراق و لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە پارێزگاری نەینەوا، رایدەگەیەنێت،دەبێت ئەمریکیەکان بۆ مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانیان لە موسڵ، قسە لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگای تازە بکەن (هێشتا ئەو ئەنجوومەنەی نجێفی باسی لێوەدەکات هەر پێکنەهاتووە) بەڵام لە هەنبەر ئەو داوایەی نجێفی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵی ئێستا داوایکردووە بەشێك لە هێزەکانی ئەمریکا لەموسڵ بمێنێتەوە، ئەسیل نجێفی دەڵیت: ئەوان بۆیە ئەو داوایە دەکەن دەزانن دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا جێگەیان لە موسڵدا نابێتەوە.

ئەمە بیرۆبۆچوونی سەرۆکی ئەو لیستەیە کە لیستی برایەتی نەینەوا بە نیازە دانوستاندنی لەگەڵ بکات بۆ ئەوە ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوای لەگەڵ پێکبهێنێت وبەشێوازێکی دیموکراتیانە شارێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینی وەك نەینەوای لەگەڵدا بەڕێوە بەرێت.

## کاندیدکردنی دڵدار زێباری وەک پاڵێوراوی لیستی حەدبا

دڵدار زێباری برازای ئەرشەد زێباری یە،لەوەتەی شۆرشی کوردستان دەستی پێکردووە لەدژی شۆرشی کوردستان، شۆرشی ئەیلوول و دوای ئەیلوولیش دژی هەموو لایەنە سیاسیەکانی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان هەر لە نۆکەریی بۆ رژێمی بەعس بەردەوام بووە، لە دوای ئازادکردنی عێراقیشەوە بەشێك بووە لە پیلانی ئەو ئەقلیەتە شۆڤێنییەی کۆنە بەعسیەکان و بەردەوام دژی گەلی کوردستان و ناشیرینکردنی رووی کورد لەسەرئاستی عێراقی و عەرەبی و جیهانی درێغی نەکردووە و کۆنە بەعسیەکانیش کە هەرگیز چاویان بەوە هەڵنایەت وشەی کورد بە دەمیاندا بێت، هەروەك چۆن ئەسیل نجێفی لە لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان لیستی برایەتی نەینەوا بە نوێنەری کورد نازانێت!! کە ١١ ئەندامی ئەو لیستە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتمانی کوردستانن، ئاماژە بەوە دەکات کورد لە موسڵ نییە بە دارو دەستەکەی ئەرشەد زێباریشەوە، ئێستا دەنگ وباسێکی وا هەیە کە لیستی حەدبا دڵدار دەپاڵێوێت بۆ ئەوەی بیکاتە جێگری پارێزگاری موسڵ یان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە سەیرە یەکێك لە رۆژنامە کوردیەکان بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە پەیوەندی بە ئەرشەد زێبارییەوە و کردووە و پاکانە بۆ جاشێتی ئەرشەد زێباری دەکات، لەبەر

ئـــەوەی ئەرشـــەد زێبـــاری دوژمنایەتی لەگـــەڵ بنەماڵەی بارزانی هەیە وئەمەش باجی ئەو ناکۆکیە عەشـــائیریانەیە کە هەبووە، بە هەرحاڵ کەســـێك کەبووە جاش و خۆ فرۆش حەتمەن پاکانەکانیشـــی بە هەر جۆرێك بێت یەك فلسی سووتاو ناکات، بەڵام تەرویجکردن بۆ پاکانەکەی ئەمەیان جێگەی هەڵوەســـتە کردنـــە، بۆیە هەر بۆ ئەم راپۆرتە بەدواداچوونمان لەســـەر ئەو هەواڵە کردو لەبەرێز (هەرێم کەمال ئاغا) بەرپرســـی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانیمان پرسی،بۆچی دڵدار زێباری خۆی لەگەڵ لیســـتی حەدبا پالاوتووە، لەوەڵامدا پێی گوتین ئەو بنەماڵەیە مێژوویان دیارە، پاشـــان لێمان پرســـی گریمان ئەو پاکانەیەی ئەرشەد زێباری دەیکات راستەو دوژمنایەتیان لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی هەیە، خۆ ئێســـتا بێجگە لە لقـــی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، ئەوە مەڵبەندی یەکێتی نیشـــتمانی کوردستان و حزبە کوردســـتانیەکانی دیکەش لە موسڵ هەن،لە ناوەراستی حەفتاکانیشـــەوە لە قۆناخی خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردســـتان لە شاخ تا ســـاڵی ١٩٩١ چەندین حزب و لایەنی سیاسی لە شاخ و لە ســـەنگەری کوردایەتی بوون، بۆچی نە ئەو کات و نـــە دوای راپەرین و تەنانـــەت دوای لەگۆڕنانی بەعسیش لە عێراقدا پەیوەندی بە حزبێکی دیکەی کوردستانی یان ئەو حزبە ئیســـلامیانەی لە کوردســـتاندا هەن نەکردووە، لە وەلامدا بەرێز هەرێم کەمال ئاغا پێی راگەیاندین، قسە لەگەڵ دڵدار کراوە (بەڵام ئێمە نازانین کێ قســـەی لەگەڵ کردووە)ئەو گوتوویەتی بەرژەوەندی ئێمە لەگەڵ لیستی حەدبا دەپارێزرێت. باشـــە پرسیار لێرەدا ئەوەیە دەبێت بەرژەوەندی ئەرشەد زێباری و دارو دەســـتەکەی لەگەڵ لیســـتی حەدبا چی بێت کە ئەسیل نجێفی بەزاری خـــۆی لە لێدوانێکیدا بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان بوونی کورد لە موســـڵ رەتدەکاتەوە؟ ئێمە لە روانگەی ئەوەی بڕوامان بەوەیە ئەوەی دوژمنایەتی لەگەڵ گەلی کوردســـتان نەبێت هیچ کێشـــەیەکی لەگەڵ پارتی و رێبازی بارزانی نییە، ئەو خوا دەکات دەگەڕێتەوە باوەشـــی میللەتی خۆی و ســـوود لە لێبوردنی ســـەرکردایەتی سیاسیی کوردستان وەردەگرێت، با ســـوود لە لێبوردنی گەلی کوردســـتان وەر بگرێت و بچێتە ناو حزبێکی دیکەی کوردستانیەوە، هەربۆیە بە پێویستمان زانی بۆ ئەم راپۆرتە لەگەڵ دڵداریش قسە بکەین، بۆئەوەی لێی بپرسین باشـــە تۆ بۆچی لەگەڵ حزبێکی دیکـــەی غەیرە (پ.د.ك) دانەبەزیت...، بەداخەوە نەمانتوانی دڵدارمان دەســـت بکەوێت و قسەی لەگەڵدا بکەین، وەك پێشـــیان راگەیاندین هیچ یەکێك لە دارودەســـتەکەی ئەرشەد زێباری نە لە لق نزیکدەبنەوە نە لە مەڵبەند،ئەوان بەدیدی عەفلەقیەکان و بەعسیەکان وتیرۆریستەکان سەیری بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و تێکرای پارت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانیان کردووەو دەکەن، کەواتە ئەرشەد ودڵدار زێباری خۆیان ئەو شـــوێنەیان قابیلە و حاشایان لە لە نەتەوە و مێژووی خۆیان کردووە،بۆیە ناشـــتوانرێت بە کورد سەیربکرێن، بۆیە هەر پاساو هێنانەوەیەك بۆ ئەو خۆفرۆشانە و، بە هەرمێن کردنیـــان لە ناو میدیای کوردیدا، بمانـــەوێ و نەمانەوێ ئەو رۆژنامەیەش دەکەوێتە ناو ئەو پرۆسەیەی کە بەربەرەکانی کورد دەکات و، لەگەڵ ئەو خۆفرۆشـــانە یەکدەگرنەوە کە حاشایان لە کوردبوونی خۆیان کردووە و لەوەش زیاتر دەیانەوێ چارەنووسی نەتەوەیـــەك بەرەو هەڵدێر ببەن. تەرویجکردن بۆ قســـەی خائین و خۆفرۆشـــێکی کورد، کە ئێســـتاش هەر داردەستی بێگانەو بەعســـیەکانی لـــە گەرانەوە بۆ ناو مێـــژوو و میللەتی خۆی پێباشـــترە، شایســـتەی ئەوە نییە بە چاوی خائینیش سەیری بکرێ.

**دڵدار زێباری برازای ئەرشەد زێباری یە، لەوەتەی شۆرشی کوردستان دەستی پێکردووە لەدژی شۆرشی کوردستان، شۆرشی ئەیلوول و دوای ئەیلوولیش دژی هەموو لایەنە سیاسیەکانی گۆرەپانی سیاسیی کوردستان هەر لە نۆکەری بۆ رژێمی بەعس بەردەوام بووە**

## یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەرشەدزێباری و لیستی حەدبا

باسی ئەوە ناکەین رژێمە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق و رژێمی پێشـــووی بەعس و ســـەدام حوسێن چۆن ئەرشـــەد زێباری و بنەمەڵەکەیانی بۆ دژایەتی شۆرشـــی کوردستان و پێشێلکردنی مافەکانی کورد بەکارهێنـــاوە، بەڵکو لەدوای رووخانی رژێمی بەعس وسەدامیشـــەوە، بەعسییەکان ئەرشـــەد وبنەماڵەکەیان بە باشـــترین کارتی دەســـتی خۆیان زانیوە بۆ ئەوەی دژایەتی مافەکانی کورد و دەسکەوتە دەستووریەکانی گەلی کوردستانی پێبکەن، وەك ئیعترافکردن بە هەرێمی کوردستان،دامەزراندنەوەی عێراق لەسەر بنەمای فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی و پێکەوە ژیانـــی ئارەزوومەندانە، هەربۆیە لەو کاتەی پیلانێك لە لەلایەن کۆنەبەعســـیەکانەوە بۆ کودەتاکردن بەســـەر حکومەتی عێراق بەدەســـتەوە بوو، ئەرشـــەد زێباری ئەو کەســـە بوو کە لەلایەن کۆنەبەعســـیەکانەوە دوای کۆنگرەی قاهیرە کرابوو، بۆ ئەوەی وەك کوردێك پیشانی بدەن و بڵێن کوردیکیشمان لەگەڵدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەرشـــەدیش و ئەوانەش کـــە لە کۆنگرەی قاهیرە بەشداربوون هیچ شـــەرعیەتێکی گەلانی عێراقیان نەبوو بۆیە هەوڵەکەیان پووچەڵ بووەوە و ســـەری نەگرت،ئەرشەد زێباری کە بەداخەوە بنەماڵەکەشی هەر بەهەمان شێوازی بیرکردنەوەی خـــۆی پەروەردەکـــردووە، بەرژەوەندی خۆیان لەســـەر و هەموو بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی، نیشـــتمانی، مۆیی، ســـەیردەکەن و بڕوایان بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان نییە، ئێستا کە جارێکی دیکە خۆیان خزاندۆتەوە ناو لیســـتی حەدبا، کە لە بەشـــێکی دیکەی ئەم راپۆرتە بەدرێژی لەسەر ئامانجەکانی لیستی حەدبا هەڵوەســـتە دەکەین،خۆیان نایشـــارنەوە کە بەرژەوەندی ئەرشەد زێباری و بنەماڵەکەی لەگەڵ ئـــەو بەرنامەیە پارێزراو دەبێت کە لیســـتی حەدبا بۆ بەرێوەبردنی شاری موسڵ دایرشتووە و بەشێکی ئەو بەرنامەیەش بە خودی بنەماڵەی ئەرشەد زێباری جێبەجێ دەکات.

**ئێستا دەنگ وباسێکی وا هەیە کە لیستی حەدبا دڵدار دەپاڵێوێت بۆ ئەوەی بیکاتە جێگری پارێزگاری موسڵ یان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە سەیرە یەکێک لە رۆژنامە کوردیەکان بۆ بەدواداچوونی ئەم هەواڵە پەیوەندی بە ئەرشەد زێبارییەوە و کردووە و پاکانە بۆ جاشێتی ئەرشەد زێباری دەکات**

## بەرنامەی لیستی حەدبا بۆ بەرێوەبردنی پارێزگای نەینەوا

پارێزگای نەینەوای ئێســـتا ئەو ویلایەتی موســـڵە نییە کە لە ئیمپراتۆریەتی عوســـمانیدا هەبوو،لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ولایەتی موســـڵ هەموو ناوچە کوردســـتانیەکانی کوردستانی عێراقـــی دەگرتەوە بێجگە لـــە خانەقیـــن و بەدرە،کەواتە وەك ویلایـــەت ناســـنامەیەکی کـــوردی هەبووە، بۆیـــە لە دوای رێککەوتنی لۆزان و لکاندنی کوردســـتان بە عێراقەوە، بڕیاربووە پاش ســـاڵێك راپرسی بکرێت و چارەنووسی ئەم ویلایەتە دیاری

بکرێت،هەربۆیە هەتا ساڵی ١٩٥٧یش لە ٪٤٠ی ناو شاری موسڵ کوردبوون،لەسەر ئاستی پارێزگای موسڵیش زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کەواتە وێڕای ئەو هەموو شێواندنە دیموگرافیە و وێڕای سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی ئێزدی وناو شاری موسڵ لە ٪٤٠ی دانیشتوانی موسڵ کورد بوون، هەربۆیە حزبی بەعس لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە هەوڵیداوە بەهیچ جۆرێك کورد لە موسڵدا نەهێڵێت و بۆ ئەوەی رێژەی عەرەبیش لەسەر ئاستی پارێزگای موسڵیش بەرزبکاتەوە دەستکاری سنووری ئیداری پارێزگای موسڵیشی کردووە، ئێستاش لیستی حەدبا وەك لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیشەوە دەرکەوت،کە بە کوشتنی بەکۆمەڵی برا کریستیانەکان دەستیان پێکرد، بە هەمان شێوە ئێستا دەیانەوێت بە رێگەی سندووقی هەڵبژاردن و زیندووکردنەوەی ترس و تۆقاندن بەرنامەی بەعس بۆ درێژە پێدانی تەعریبکردنی سەرتاسەری پارێزگای نەینەوا درێژە پێبدات و، ئەمەش ناشارێتەوە کە نابێت ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردییەکانی موسڵ بۆ سەرهەرێمی کوردستان و مافی کریستیانەکانی کوردستان بەو ناوچانەش کە لە ناو موسڵن بۆ ئۆتۆنومی پێشێل بکات.

## سنووری ئیداری پارێزگای نەینەوا

سنووری ئیداری پارێزگای نەینەو ا بەمجۆرەیە:

١- قەزای مەرکەز واتە ناو شاری موسڵ دەگرێتەوە. دانیشتوانی کورد لە ناو شاری موسڵ لە لای چەپی رووباری دیجلە چڕبوونەتەوە و هەتا ئێستاش ئەو گەڕەکانەی لەم ناوچەیەن زۆربەیان کوردن.

٢- قەزای شێخان

٣- قەزای ئاکرێ

بێگومان دەتوانین بڵێین ئەم دوو قەزایە زۆربەی زۆری کوردن و بەتەنها ئاکرێ ٣/٢ی دهۆك دەبێت،هەروەها قەزای شێخانیش شتێکی ئەو تۆی لە قەزای ئاکرێ کەمتر نییە، هەندێك پێیان وابوو، دەکرا وەك قەزای دەربەندیخان، قەزای ئاکرێ بکرایە ناوەندی پارێزگای نەینەوا هەتا ماددەی ١٤٠ بەتەواوەتی جێبەجێ دەکرا.

٤ - شەنگار قەزایەکە ٪١٠٠ی کوردە و کوردی رەسەن و ئایینەکەشیان کە ئێزدیە کوردییە، حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ناسنامەی نەتەوەیی ئەم کوردە رەسانەیان گۆڕی وکردیان بەعەرەب، واتە حزبی بەعس رازی بوو ئێزدیەکان عەرەب بن و ئایینەکەیان کوردی، بەڵام رازی نییە لە کەرکوك کورد هەبێت و ئاینەکەیان عەرەبی بێت، ئەمە فەلسەفەی بەعسە دژی بوونی کورد، هەر بۆیە کە دەڵێین کێشەی ئێمە نەتەوەییە -ئایینییە، ئەوە رەفتارە شۆڤێنییەکانی بەعس و پاشماوەی بەعس و شۆڤێنی عەرەبیە مێژوو تۆماری کردووە و بۆ نەوەکانی ئاییندە دەبێت وەك پەندێك بیگێڕینەوە، چەوسانەوەی ئێزدیەکان باشترین وانەی مێژوویین بۆ نەوەکانی ئاییندە، باشترین میکانیزمی نووسینەوەی مێژوون بەدەستی کورد، ئەوە چەوسانەوەی ئێزدیە فێرمان دەکات کە پێویستە سەرلەنوێ بیری نەتەوەیی هاوچەرخی کورد بنووسرێتەوە، لەسەر بنەمای کورد بوون و کوردستانیبوون، پایەکانی مێژووی کوردستان لە ناخی مێژووی مرۆڤایەتیدا دابکوتین.

٥- تلکیف ئەم قەزایەش زۆربەی کوردە.

٦- حەمدانیە،ئەم ناوچەیە زێدی کوردی شەبەکە، کوردی شەبەکیش دوای ئێزدی ئەو توێژەی کۆمەڵگەی کوردستانن کە زۆر بە دڕندەیی چەوسێنراونەتەوە و تەنانەت هەتا رووخانی رژێمی سەدام حوسێنیش لە ٢٠٠٣ کوردی شەبەك مافی موڵکداریەتی نەبووە و ئەگەر بیانویستایە تەنها ١٠٠مەتر زەوی لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن دەبوو یان ناسنامەی کورد بوونی خۆیان بگۆڕن بۆ عەرەب یان دەبوو واز لەو مافە سروشتیەی خۆیان بهێنن، ئەمە ئەو سیاسەتە دڕندانەیە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ناوچەی حەمدانیە بەرژەوەندی عەرەبی موسڵی تێبکەوێت و کەسێکی وەك حەنیین قەدۆ بڵێت شەبەك عەرەبن وکوردنین، بۆ راستی و هەقیقەتی ئەم مەسەلەیە، لە ژمارەکانی پێشووی گوڵان راستەوخۆ ئەو پرسیارەمان لەبەڕێز سالم شەبەك کردبوو، خێرە حەنیین قەدۆ خۆی کردووە بە نوێنەری کوردی شەبەك ؟ لەوەڵامدا پێی گوتین، هەموو کەس دەزانێت نازناوی قەدۆ لە موسڵ بۆ چ بنەماڵەیەك دەگەڕێتەوە و هەموو ناوی محەمەد قەدۆمان بیستووە و دەشزانین خانووەکەی محەمەد قەدۆ لە موسڵ لە چ شوێنێکدایە، باشە ئەگەر کوردی شەبەك، ناسنامەی راستەقینەیان کورد و کوردستانی نەبێت،بۆچی ئامادەبوون واز لە هەموو مافێکی خۆیان بهێنن، بەڵام ئامادەنەبوون، واز لە کوردبوونی خۆیان بهێن.

بەداخەوە شۆڤێنیەتی عەرەبی لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بە زۆر کۆتایەکی جیاوازیان بۆ کوردی شەبەك دانا، بەڵام دەنگدانی شەبەك دەریخست کە کوردی شەبەك بەو کۆتا دەستکردە رازی نییە، هەروەك چۆن کوردی ئێزدیش سەلماندی بە کۆتاکەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رازی نیین و سەیری لیستی برایەتی نەینەوا بکەن چۆن شەبەك و ئێزدی بە سندووقی دەنگدان سەلماندیان، هیچ هێزێك ناتوانێت ناسنامەی کوردبوونیان لێ وەربگرێتەوەو ئەوان بەشە راستەقینەکەی کۆمەڵگەی کوردستانن.

٧-مەخمور ئەم قەزایەیە کە لە هەولێریان دابڕیوە و بە موسلەوەیان لکاندووە و مەخموور خۆی مێژووی زانراوە و پێویست بەوەنییە قسەی لەسەر بکرێت وقەزایەکی هەولێر بووەو هەر دەبێت بشگەڕێتەوە سەر سنووری ئیداری هەولێر کە بەشێکە لە کوردستان و بێجگە لەو ماڵە عەرەبانەی هێنراون بۆ مەخموور، هەمووی کوردە.

٨-تەلەعفەر ئەم قەزایە زۆربەی تورکمانن و بەشێکی کوردە.

٩-بەعاج

١٠ — حەزەر

١١- شەرگات

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد لە کۆی ١١ قەزا کە پارێزگای موسڵ پێکدەهێنن وزیاتر لە ٦-٧ قەزای یان هەمووی کوردە یان زۆربەی کوردە،ئەو قەزایانەی دیکەش کە ئاماژەمان پێنەکردون و وەك بەشە عەرەبیەکەی موسڵ هێشتوومانەتەوە لەوانەش

●●●

**کەسێک کەبووە جاش و خۆ فرۆش حەتمەن پاکانەکانیشی بە هەر جۆرێک بێت یەک فلسی سووتاو ناکات، بەڵام تەرویجکردن بۆ پاکانەکەی ئەمەیان جێگەی هەڵوەستە کردنە**

●●●

●●●

**دەبێت بەرژەوەندی ئەرشەد زێباری و دارو دەستەکەی لەگەڵ لیستی حەدبا چی بێت کە ئەسیل نجێفی بەزاری خۆی لە لێدوانێکیدا بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان بوونی کورد لە موسڵ رەتدەکاتەوە؟**

●●●

ڕێژەیەکی باشی کورد هەیە و یان یەکێك یان دوان لە ناحیەکانی سەربەو قەزایە کوردن،ئەوەی پارسەنگی عەرەبی لە پارێزگای نەینەوا راســتکردۆتەوە، خودی ناو شــاری موسڵ یان قەزای مەرکەزە، لەم شارەدا ڕێژەی کورد لەعەرەب زیاترە، بۆیە ئەگەر وەك رووپێوی ســنووری جوگرافی سەیری بکەین دەبێت کورد زۆرینەی جوگرافیای پارێزگای نەینەوای بەردەکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی چڕی دانیشــتوانی مەرکەز لە چڕی دانیشتوانی قەزاکانی دەوروبەر کەمترە، هەست دەکرێت کورد بەپێی هەڵبژاردن ٣/١ پارێزگای نەینــەوا وەك دانیشــتوان پێکدەهێنێت،کەواتە ئەسیل نجێفی دەیەوێت بە ڕێژەی دانیشتوان فێڵ لە جوگرافیا بــکات، بۆیە هەوڵــدەدات پێش ئــەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا پێکبێت پشتگوێ خستن یان هەڵوەشانەوەی ماددەی ١٤٠ بکاتە مەرجێکی پێشینەو بەشــێکی فراوانی جوگرافیای کوردستان داگیر بکاتەوە.

ئەگــەر لەم خاڵەوە کە گرنگترین بەرنامەی لیســتی حەدبایە بۆ ئەنجوومەنــی داهاتووی پارێزگای نەینــەواو لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییانەی ئەرشــەد زێباری بەراوردی بکەین کەلەگەڵ لیســتی حەدبا هەیەتی و بۆی دەپارێزرێــت، ئەوکات دەبینن ئەو کــەس بیروبۆچوونەکانی چەند بۆگــەن و دژ بە کورد و ئایندەی کوردستانەو، بەرادەیەك بۆگەنە کە مرۆڤ حەز ناکات قەپاخەکــەی هەڵبداتەوە لەبەر ئەو بۆگەنەی لەو بیرو بۆچوونە دێتە دەرەوە، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

- ئەرشــەد ودڵدار زێباری کە خۆیان خســتۆتە ناو لیســتی حەدبا، پێش ئەوەی بچنە ناو لیستەکە ئەو راستیەیان زانیوە کە لیســتی حەدبا بڕوای بە بوونی کورد نییە و ئەگەر کوردێك لە موســڵیش هەبێت دەبێت لە ئایندە ناسنامەی خۆی بگۆڕێت، بۆیــە کە چوونە ناو لیســتی حەدبا، بەبێ ئــەوەی ئێمە بەوە تاوانباریان بکەین ئەوان کورد نین و ناســنامەی کوردیان نیە، خۆیان ناسنامەی کوردبوونی خۆیان توڕداوە و خستوویانەتە ژێر پێیانەوەو، بە ناسنامەی بەعسی و عەفەلەقی پێناسەی خۆیان دارشتۆتەوە.

- دڵدار کە بێگومان ڕێنماییەکانی ئەرشــەد زێباری جێبەجێ دەکات و لەبــری دڵدار لێدوان بۆ رۆژنامەکان دەدات، بێگومان، ئەرشەد لە زەمانی بەعسیشدا پۆستی پارێزگاری لە کوردستان بەڕێوە بردووە و شــارەزایە چۆن ناســنامەی کورد بســڕێتەوە هەروەك چۆن لەو کاتەی پارێزگاری ســلێمانیش بووە، هەموو


**ئەوەی دوژمنایەتی لەگەڵ گەلی کوردستان نەبێت هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پارتی و ڕێبازی بارزانی نییە**



**هەر پاساو هێنانەوەیەک بۆ ئەو خۆفرۆشانە و، بە هەرمێن کردنیان لە ناو میدیای کوردیدا، بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو ڕۆژنامەیەش دەکەوێتە ناو ئەو پرۆسەیەی کە بەربەرەکانی کورد دەکات و، لەگەڵ ئەو خۆفرۆشانە یەکدەگرنەوە کە حاشایان لە کوردبوونی خۆیان کردووە**

هەوڵی بۆ سـڕینەوەی ناسنامەی کورد و خەڵکی شۆڕشگێڕی سـلێمانی بووە، بۆیە لەم ڕووە، ئەسـیل نجێفی و هاوشێوەکانی زۆر باش لە ناخی ئەرشەد زێباری و بنەماڵەکەی تێگەیشتوون و ئەوەی سـەدام حوسێن بۆ سـڕینەوەی ناسنامەی کورد پێی نەکراوە بە ئەرشەد زێباری سپاردووە و ئێستاش دڵدار بێجگە لە دومییەك بەدەستی ئەرشـەدەوە شتێکی دیکە نییە، بۆیە ١٠٠ جار لە عەرەبێکی شـۆڤێنی موسڵاوی باشتر سیاسەتی کۆنە بەعسیەکان و عەرەبە شۆڤێنیەکان جێ بەجێ دەکات.

- دڵدار و ئەرشـەد زێباری و بنەماڵەکەیان بۆ عەفلەقیەکانیان سـەلماندووە، ئەوان بوونە بەشـێك لە بیری بەعس و شۆڤێنی عەرەبـی، ئەوان ئامادەن هەموو شـتێك بن بـەس کورد نەبن، بۆئەمەش ئەرشـەد زێباری بەهەقی خۆی دەزانێت ناز بەسەر بەعسـیەکاندا بکات و بەرژەوەندی و سـەر وسـامانەکەی بۆ بپارێزن،لەبەر ئەوەی لە دوو لێبوردنی سـەرکردایەتی سیاسیی کوردسـتان نەگەڕاوەتـەوە بۆ باوەشـی میللەتەکەی، لەمەش زیاتر لەو کاتەی هەموو دراوسـێکان ئەوە بەگوێی دنیادا دەدەن، هەرێمی کوردسـتان هەنگاو بۆ بونیادی قەوارەیەکی سیاسیی بۆ کورد هەڵدەگرێت، ئەرشـەد لە کۆنگرەی قاهیرە دڵسـۆزی



بۆ بەعسـیەکان و دژایەتی بۆ ئەم ئەزموونە نەشـاردۆتەوە و لەم ڕۆژگارەدا کە دەکرێت بۆ گەیشـتن بـە مافەکانمان وەك سـەردەمێکی زێڕین سـەیری بکەین، دەبینین هێشـتا ئەرشەد زێباری بەعسیەکان هەڵدەبژێرێت نەك میللەتی خۆی، بۆیە زۆر گرنگە ئەو ڕاسـتیە لای میللەت ئاشـکرا بێت، ئەوە میللەتی کورد و شۆڕشی کوردستان نییە ناسنامەی کوردبوون لە ئەرشەد زێباری و بنەماڵەکەی دەسـەنێتەوە، بەڵکو ئەوە خودی ئەرشەد زێبـاری وبنەماڵەکەیەتـی، کە لە نێوان ڕەش و سـپی، ڕەش هەڵدەبژێرن و لەنێوان بەعس و کورد، بەعس هەڵدەبژێرن.

- بیـرو بۆچوونی ئەرشـەد زێباری و بنەماڵەکـەی بەتەنها دژی گەلی کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان نییە،بەڵکو بیرو بۆچوونەکانی دژی هەر عێراقیەکە کە دەیەوێت بەشـداری بکات لـە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ، ئەرشـەد وبنەماڵەکـەی ناکەونە ناو پرۆسـەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێ بەڵکو دەکەونە بەرەی ئەو کەسـانەی کەدژی پرۆسـەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێن، ئەوانەشـی وەك ئەسیل و ئوسامە نجێفیش لـەو بەرەیـەدان دژی دیموکراتی و پێکـەوە ژیانی ئارەزوومەندانـەن و فرەیی و هەمەڕەنگـی نەتەوەیی و ئایینی عێراق ڕەتدەکەنەوە، بڕوایان وایە ئەوەی بەعسـی نیە، مرۆڤ نییە، لەبەر ئەوەی بیروبۆچوونی بەعس بەوجۆرەیە، ئەوەی بوو بە بەعسـی دەبێت بڕوای بە عروبە بێت،بەڵام ئەو عەرەبەشی بـڕوای بە عروبە نەبێت بەعسـی نییە، کەواتە بیری بەعس و ئەوانەشـی بە بیری بەعس پەروەردەکـراون، دژی هەموو ئەو شتانەن کەدەکەوێتە دەرەوەی بازنەی بەعسیزمەوە، بێگومان وەك هەڵبژاردنەکانی عێراقیش دەریانخستووە ئەمڕۆ زۆربەی عەرەبی عێراق بە عەرەبی سونەشـەوە دژی بەعسـیزمن و لەدەرەوەی بازنەی بەعسـن، بۆیە ئەرشەد زێباری و ئوسامە نجێفی دژی زۆربەی عەرەبی عێراقیش و زۆربەی عێراق بەدوژمنی خۆیان دەزانن،لەبـەر ئـەوە دەکرێت لەگەڵ زۆربـەی عەرەبی عێراق هاوخەبات وهاوپەیمان بین، هەروەك چۆن ئێسـتا هاوپەیمانیمان لەگەڵ زۆرینەی عەرەبی سـونەو شیعەی عێراق هەیە، بەڵام ناتوانین لەگەڵ بەعس هاوپەیمان بین، ئەرشـەد زێباریش بۆیە لە ناو ئەم بازنەیـە نایەتە دەرەوە، لەبەر ئەوەیە هەرگیز لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی ئاشتنەبێتەوە.

## تێروانینی لیستی برایەتی نەینەوا بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگا

ئەسـیل نجێفی پێش ئەوەی لیسـتی حەدبا و لیستی برایەتی نەینـەوا بەرەسـمی کۆبوونەوەیـان کردبێـت بـۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، دەڵێت لیستی برایەتی نەینەوا مەرجیان هەیە بۆ چۆنیەتی دروستکردنی ئەنجومەنی پارێزگا وئێمـە دەمانەوێت پارێـزگای نەینەوا ناوەندێکـی بڕیاردانی بەهێزی هەبێت وبڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ بن،بەڵام لیستی برایەتـی دەیەوێـت بڕیارەکان بە تەوافوق بـن و بڕیاری لاواز بن ئەمەش واتە لیسـتی برایەتی نەینەوا هەوڵدەدات ناوەندێکی دیکەی بڕیاریش هەبێت.

ئەگەر سەیری ئەم پێکەوە گرێدانەوەی سەرۆکی لیستی حەدبا

هەتا ساڵی ١٩٥٧یش لە ٪٤٠ی ناو شاری موسڵ کوردبوون

شەنگار قەزایەکە ٪١٠٠ی کوردە و کوردی ڕەسەن و ئایینەکەشیان کە ئێزدیە کوردییە، حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ناسنامەی نەتەوەیی ئەم کوردە ڕەسانەیان گۆڕی وکردیان بەعەرەب، واتە حزبی بەعس ڕازی بوو ئێزدیەکان عەرەب بن و ئایینەکەیان کوردی، بەڵام ڕازی نییە لە کەرکوک کورد هەبێت و ئاینەکەیان عەرەبی بێت، ئەمە فەلسەفەی بەعسە دژی بوونی کورد

بکەین، دەبینین پێش ئەوەی وتوێژ لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکە بکرێت، دەیەوێت دەستووری عێراق پێشێل بکرێت و کار بەدەستووری عێراق نەکرێت هەر بۆ نموونە:

١- وەك لە پێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردووە، پارێزگای نەینەوا دەقا ودەق عێراقییە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بەڵام لە جوگرافیایەکی بچووکدا، ئەگەر سەیری رێژەی نێوان نەتەوە وئایینە جیاوازەکانی ناو پارێزگای نەینەوا بکەین دەبینین، رێژەی گەلی کوردستان لە پارێزگای موسڵ ٪٣٠ی ئەو پارێزگایە پێکدەهێنێت، ئەگەر ناوچەدابڕاوەکان بگەڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان ئەوا رێژەی گەلی کوردستان لە عێراقیشدا ٪٣٠ کەمتر نابێت، کەمتریش بێت لە ٪٣٠ زۆر کەمتر نابێت، ئەگەر سەیری رێژەی تورکمان بکەین لە پارێزگای نەینەوا، دەبینین ئەو رێژەیەی تورکمان لە نەینەوا هەیەتی، زیاترە لەو رێژەیەی لە عێراقدا هەیەتی، بێگومان کریستیانیش بەهەمان شێوە،ئەوجا ئەگەر بپرسین مەبەست لەم بەراوردکارییە چییە؟ بێگومان دەڵێین هەموو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (لەبەر ئەوەی لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا نوێنەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشداریان کردووە) گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی عێراق بە زۆرینە و کەمینەی سندووقەکانی دەنگدان بەڕێوە ناچێت وئەگەر ئەو سیستەمە رێگە چارەیەکی بۆ نەدۆزرێتەوە وەك لە دەستووری عێراقدا رێگە چارەی بۆ دەستنیشانکراوە ئەوا عێراق نەك هەر دەبێتە گۆمی خوێن بەڵکو عێراق وەك یوگسلافیا لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە، بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە روونەدات هاتوون چەند میکانیزمێکیان داناوە بۆ ئەوەی زۆرینە نەتوانێت مافی کەمینە پێشێل بکات وەك:

> هەتا رووخانی رژێمی سەدام حوسێنیش لە ٢٠٠٣ کوردی شەبەک مافی موڵکداریەتی نەبووە و ئەگەر بیانویستایە تەنها ١٠٠مەتر زەوی لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن دەبوو یان ناسنامەی کورد بوونی خۆیان بگۆڕن بۆ عەرەب یان دەبوو واز لەو مافە سروشتیەی خۆیان بهێنن

- بۆ هەموار کردنی دەستوور میکانیزمێك دانراوە زۆرینە ناتوانێت مافی کەمینە پێشێل بکات، بۆئەمەش لە بەر ۆشنایی واقیعی پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق کەبریتین لە کورد وشیعەو سونە،هەریەك لەم ٣ پیکهاتەیە کە زیاتر لە ٣ پارێزگا زۆرینەی رەهان،بۆیە هاتوون ئەو ٣ پارێزگایەیان کردووە بە پێوەر و ئەگەر ٢/٣ ی ٣ پارێزگا هەموارکردنی دەستووری رەتکردەوە با زۆرینەش هەموارکردنەکە پەسەند بکات،ئەوا ئەو هەموارکردنە رەتکراوەتەوە، ئەمە بۆ دانراوە ؟ بۆ ئەوەی مافی کەمینە پارێزرا و بێت، شیعە نەتوانێت مافی سونە پێشێل بکات وعەرەب نەتوانێت مافی کوردستان پێشێل بکات، ئەم دەستوورە دەبێت بەهەمان شێوە و بنەماش بێت بۆ نووسینەوەی دەستووری هەرێمەکان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش پیادەبکرێت، هەروەك چۆن لیستی برایەتی لەکەرکوك زۆرینەیەو پیادەشی دەکات، ئەسیل نجێفی هەوڵدەدات ئەم بنەما دەستوورییە پێشێل بکات ولیستی برایەتی نەینەوا هەوڵدەدات بیپارێزێت.
- دەستووری عێراق بۆ رێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی زۆرینە، لە بریارە هەستیارەکاندا مەرجی داناوە دەبێت بریارەکە بە زۆرینەی رەها بدرێت واتە ٢/٣ نەك ٥٠+١، وەك لیستی حەدبا دەیەوێت لە هیچ بریارێکدا کار بەزۆرینەی رەها نەکرێت بەڵکو بریارەکان بەزۆرینەی ئاسایی بێت کە ٪٥٠+١ ە.
- لیستی حەدبا بە بانگێشەی بۆ یەکەی پارێزگای نەینەوا وەك ئەو یەکە جوگرافیەی ئێستا هەیە، واتە رێگە لەوە دەگرێت کە قەزا کوردستانیەکانی پارێزگای بگەڕێنەوە سەرهەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە پیرۆزکردنی تەعریبی سیاسەتی بەعس و پێشێلکردنی دەستووری عێراق، لیستی برایەتی نەینەوا داوادەکات دەبێت بەپێی ماددە ١٤٠ ی دەستووری عێراق خەڵکی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە سەرهەرێمی کوردستان یان لە ناو پارێزگای نەینەوا بمێننەوە.

> ئەرشەد لە زەمانی بەعسیشدا پۆستی پارێزگاری لە کوردستان بەڕێوە بردووە و شارەزایە چۆن ناسنامەی کورد بسڕێتەوە هەروەک چۆن لەو کاتەی پارێزگاری سلێمانیش بووە، هەموو هەوڵی بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کورد و خەڵکی شۆرشگێری سلێمانی بووە





## کێشەی لیستی برایەتی لەگەڵ لیستی حەدبا کێشەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەبێت

گەلی کوردستان سەبارەت بە جێبەجێکردنی دەستوور راشکاوانە رای خـــۆی بە عێراقیەکان وهاوپەیمانـــان و جیهانی عەرەبی و ئیســـلامی بەتایبەتی و جیهان بەگشـــتی راگەیاندووە (ئەگەر دەســـتووری عێراق وەك ئەوەی دارێژراوە جێبەجی نەکرێت، ئەوا هیچ پابەند بوونێکی بە عێراقەوە نامێنێت) ئەمەش واتە رایەڵی گرێدانەوەی گەلی کوردســـتان بە عێراقەوە ئەو دەســـتوورە کە ٪٨٠ زیاتـــری گەلانی عێراق دەنگیان پێـــداوە و ٣/٢ی هیچ ٣ پارێزگایەکیـــش رەتینەکردۆتەوە،بۆیە ئەگەر ئەم دەســـتوورە هەمواریش بکرێت دەبێت بەو شـــێوەیە هەموار بکرێت کە گەلی کوردستان پێی رازی بێت، بێگومان گەلی کوردستانیش ئەو کاتە بەو هەموارکردنـــە رازی دەبێت کە هەموار کردنەکە کاریگەری لەسەر ناوەرکی ئەو ماف ودەستکەوتانە نەبێت کە لەو دەسکەوتەدا بۆ گەلی کوردستان دابینکراون، یان نابێت کاریگەری لەسەر ئەو دەسەڵاتانە هەبێت کە دەســـتووری عێراق بەحکومەتی هەرێمی کوردستانی داوە، بۆیە لە هەر حاڵەتێکدا باسی دەستوور بکەین، لەدیدی گەلی کوردستاندا نابێت ئەو لایەنەی بگۆڕێت کە ئێستا هەوڵدەدرێت،بونیادنانەوەی عێراقـــی پێرێکبخرێت، بە تایبەتیش مەسەلەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و تەوافقی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، کەواتە شـــەڕی ئێستای لیســـتی برایەتی نەینەوا لەگەڵ لیستی حەدبا ئەوەنیە پارێزگار دەدرێت بەکێ و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا کێ دەبێت، ئەوەی لای لیســـتی برایەتی کێشە نەبێت ئەم مەسەلەیە و پێشتریش ئەم راستیەی سەلماندووە، کە گرنگ نییە کێ پارێزگاری موســـڵ دەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوەی دەبێتە پارێزگاری موسڵ دەبێت دەستوور جێبەجێ بکات،ئەگەر دەستووری جێبەجێ کرد، ئەوا هیچ شتێك گرفت نابێت،هەرکـــەس پارێزگار دەبێت با پارێزگار بێت،بەڵام ئەو کاتە زەنگی ترســـناك لێدەدرێت کە دەستوور جێبە جێ نەکرێت، ئەمە دەقاودەق وەك بونیادنانەوەی عێراق وایە، گرنگ نییە کێ دەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق،شیعەیەکی عەلمانیە و ئەندامێکی حزبی دەعوەیە، یان ئەندامێکی مەجلیسی ئەعلایە،یان رێکخراوی بەدرە یان تەیاری سەدر، بەڵکو ئەوەی گرنگە هەرکەس سەرۆك وەزیران بێت،دەبێت پەیڕەوی لە دەســـتووری عێراق بیکات، کورد کە وەك لیستی هاوپەیمانی کە داوای کرد دەبێت د.ئیبراهیم جەعفەری بگۆڕدرێت،لەبەر ئەوە نەبوو ئیبراهیم جەعفەری شیعەیە و ئێمە پێمان باشـــە سونە بێت، لەیەر ئەوەنەبوو،برایم جەعفەری سەر بە پارتی دەعوەیە و ئێمە دەمانەوێت ئەندامێکی مەجلیســـی ئەعلا بێت، نەخێر کێشـــەی ئێمە وەك لیســـتی هاوپەیمانی کوردستان ئەوەبوو د.ئیبراهیم جەعفەری ئەوە بوو،کە دەســـتووری پێشـــێل کردبوو، ئەگەرنـــا دوای ئیبراهیم جەعفەری، د.نوری مالیکی هـــات ئەویش هەر لە حزبی دەعوە بـــوو، لەبەر ئەوەی ئەوکاتی دەســـتووری پێشـــێل نەکردبوو، هەوڵیشـــیاندا کودەتا لە دژی پیادەبکەن، کورد هۆکارێـــك بوو بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکە، بۆیـــە دەبێت لیســـتی حەدباش بـــاش بزانێت کـــە هاوپەیمانی کوردستان یان لیســـتی برایەتی نەینەوا، کێشەی لەگەڵ هیچ کاندیدکراوێکی ناو لیســـتی حەدبا نییە کە دەبێتە پارێزگار یان دەبێتە ســـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، بەڵکو بەدیدی لیستی برایەتی نەینەوا ئەو کاتە کێشـــە دروست دەبێت، کە ئەو کەسەی ئەو پۆستەی پێدەرێت دەستوور جێبەجێ نەکات،کە دەستووریش جێبەجـــێ نەکرا، ئاکامی جێبەجی نەکردنەکەی لەســـەر عێراق چـــۆن دەبێت، ئەوا دەبێت لیســـتی حەدبا باش بزانێت لە نەینەوا باشتر نابێت.

●●●

**ئەرشەد زێباری بەهەقی خۆی دەزانێت ناز بەسەر بەعسیەکاندا بکات و بەرژەوەندی و سەر وسامانەکەی بۆ بپارێزن،لەبەر ئەوەی لە دوو لێبوردنی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان نەگەراوەتەوە بۆ باوەشی میللەتەکەی**

●●●

●●●

**عێراق بە زۆرینە و کەمینەی سندووقەکانی دەنگدان بەڕێوە ناچێت وئەگەر ئەو سیستەمە رێگە چارەیەکی بۆ نەدۆزرێتەوە وەک لە دەستووری عێراقدا رێگە چارەی بۆ دەستنیشانکراوە ئەوا عێراق نەک هەر دەبێتە گۆمی خوێن بەڵکو عێراق وەک یوگسلافیا لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە**

●●●



ئەسیل نجێفی سەرۆکی لیستی حەدبا لە موسڵ بۆ گوڵان:

# پێشبینی ئەوە ناکەم بەتەوافق بڕیار و یاساکان دەرکەین،ئەوەی لای ئێمە گرنگە بڕیارەکان بەهێز بن

**ئەسیل نجێفی سەرۆکی لیستی حەدبایە لە پارێزگای نەینەواو ئەم لیستە لە کۆی ٣٧ کورسی پارێزگای موسڵ ١٩ کورسی بەدەستهێناوە، ئەمەش واتە ڕێژەی ٥٠+١٪ی دەنگەکانی ناو ئەنجوومەن لەبەرژەوەندی لیستی حەدبایە، دوای ئەم لیستە لیستی برایەتی نەینەوایە کە ١٢ کورسی بەدەست هێناوە، کە دەکاتە ٣/١ دەنگەکانی پارێزگای نەینەواو ٣/١ کورسیەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا،تائێستا ئەم دوو لیستە نەکەوتونەتە وتوێژی فەرمی بۆ ڕێککەوتن لەسەر پێکهینانی ئەنجوومەن و پێکهێنانی ئیدارەیەکی نوێ بۆ موسڵ، بەڵام هەر لایەك بە شێوەیەکان لە شێوەکان بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ئایندەی ئیدارەی موسڵ دەردەبڕێت و دروشمەکانی خۆی بە وشەو بیانووی جیاواز دەڕازێنێتەوە، هەربۆیە لە قسەکانی ئەسیل نجێفی وا دەردەکەوێت کە لیستی حەدبا ئامادەباشی ئەوەی تێدانەبێت لەگەڵ لیستی برایەتی نەینەوا ڕێکبکەوێت و ئیدارەی شارەکە بە هاوبەشی ببەن بەڕێوە هەربۆیە، وەك لەم لێدوانەی ئەسیل نجێفی بۆ گوڵان دەردەکەوێت، ئەوان ئامادەنیین کار بە تەوافق بکەن و هەوڵدەدەن بڕیارەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بە زۆرینەو کەمینەی سادە بەڕێوە بچێت، لەم حاڵەتەشدا واتە هەموو ئەو بڕیارانەی کە لیستی حەدبا مەبەستییەتی ئەمەش دەقی لێدوانەکەی ئەسیل نجێفیە بۆ گوڵان:**

**●ئێوە وەك لیستی براوە لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە موسڵدا، سەرقاڵی پێکهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگان لەو شارەدا، پێمان خۆشە راوبۆچوون و تێڕوانینی ئێوە بزانین لەم رووەوە؟**

-ئەوەی پەیوەندی بە ئەنجوومەنی پارێزگاوە هەبێت ئەوا ئەم ئەنجوومەنە لە تێکرای لیستە براوەکان پێکدێت و بنەما و بناخەی هاوکاری کردنیش لە ئارادایە لەگەڵ یەکدا، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە پیکهێنانی حکومەتی مەحەلیەوە هەبێت لە پارێزگای موسڵدا، ئەوا لەم رووەوە لیستی حەدبا دیارترین و گەورەترین رۆڵی دەبێت.

**●ئایا گفتوگۆ و دانوستانتان کردووە لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا لەسەر پێکهێنانی پارێزگا؟**

-نەخێـــر لەم ڕووەوە گفتوگۆمان نەكـــردووە بۆ پێكهێنانی پارێزگا، بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا ئێمە چەند مەلەفێكی گرنگمـــان خســـتەڕوو بۆ ئـــەوەی لەگـــەڵ هاوپەیمانی كوردســـتانیدا گفتوگۆی لەســـەر بكەین، ئەگەر هەل و مەرجەكەیـــان بـــە گونجاو زانی بۆ ئەوەی لـــە بارەیانەوە دانوســـتان بكەین، بەڵام پێش چەند ڕۆژێك خەسرەو گۆران لە ڕۆژنامەكاندا باسی ئەوی كردبوو كە ئێمەش مەرجمان هەیە، لەبەرئەوەی تا ئێســـتا ڕێگایەكمان نەدۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا گفتوگۆ بكەین.

**• ئایا مەرجی هاوپەیمانی كوردستانی چیە، ئەوان داوای ســـەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگا یان جێگـــری پارێزگار دەكەن؟**

-ئەمانـــە بەلای ئێمەوە گرنگ نییە، ئەوەی ئێمە گرنگی پێدەدەیـــن ئەوەیە لە ناو پارێزگای موســـڵدا یەك ناوەندی بڕیار هەبێت كە پشـــت بەو دەســـەڵاتە ببەستێ كە لە ناو پارێزگای موسڵدا هەیە، نەك چەند ناوەندێكی دەسەڵات، ئەوەی لیســـتی برایەتی موسڵ داوای دەكات ئەوەیە ببێتە ناوەندێكی دیكەی دەســـەڵات لە موسڵدا، كە ئێمە پێمان وایـــە بوونی چەنـــد ناوەندێكی بڕیار لەم شـــارەدا دۆخی ئەمنی شارەكە ناسەقامگیر دەكات و دەسەڵاتێكی بەهێزی مەحەلیش لەم شارەدا دروست نابێت.

**•ئەزموونـــی عێراق لە مـــاوەی چەند ســـاڵی ڕابردوودا ئەزموونـــی كاركردن بووە بە بنەمـــای تەوافوق، ئایا ئێوە نییەتی ئەوەتان نییە لەسەر ئەم بناغەیە كاربكەن بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا پێكبهێنن؟**

-هەموو لیســـتە سەركەوتووەكان بەشداری لە ئەنجوومەنی پارێزگادا دەكەن و بڕیارەكانی ئەم ئەنجوومەنەش لە لایەن ئەندامانـــی ئەم ئەنجوومەنەوە دەدرێـــن. من پێموایە هیچ لایەك ناكۆكیان نابێت لەســـەر بڕیارێك ئەگەر ئەو بڕیارە خزمەت بە بەرژەوەندی دانیشـــتوانی موسڵ بكات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشـــبینی ئەوە ناكەم كە تەوافوق لەسەر تێكڕای بڕیار و یاساكان هەبێت، گرنگ ئەوەیە بڕیارەكان بڕیاری بەهێزبن و خەڵكی پارێزگای موسڵ هەست بكەن كە دەســـەڵاتێكی بەهێز هەیە و توانای تێپەراندنی كێشە و تەنگژەكانی هەیە.

**•لیســـتی هاوپەیمانی كوردســـتانی یەك لەســـەر سێی دەنگەكانی شاری موســـڵی بەدەستهێناوە، ئایا بەرنامەی ئەوەتـــان هەیە بە پێـــی دەرئەنجامەكانـــی هەڵبژاردنەكان هەڵبستن بە دابەشكردنی پۆستەكانی پارێزگای موسڵ؟**

- ئێمـــە دەبێت ئەوە بزانین كە لیســـتی برایەتی موســـڵ تەنانەت یەك كەســـایەتی كوردی تێدانییە لە كوردەكانی پارێزگای موســـڵ، ٨ ئەندامی لیســـتی برایەتی موسڵ ســـەر بە گەلی ئێزیدین، ٢ ئەندامـــی دیكەیان عەرەبن، كەسایەتیەكی گەرگەری و ئافرەتێكی كوردیشیان تێدایە، بەو پێیە لیســـتی برایەتی كەســـایەتیە كوردیە ناسراوەكان لەخۆناگرێت، بۆیە لیستی برایەتی جێی قەناعەتپێهێنانی كوردەكانی پارێزگای موسڵ نین.



●●●

**ئێمە پێمان وایە بوونی چەند ناوەندێكی بڕیار لەم شارەدا دۆخی ئەمنی شارەكە ناسەقامگیر دەكات و دەسەڵاتێكی بەهێزی مەحەلیش لەم شارەدا دروست نابێت**

●●●



هەریم کەمال ئاغا بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە موسڵ:

# سەرکەوتنی لیستی حەدبا
# ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی بەعسییەکان لە موسڵ

**هەرێم کەمال ئاغا بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە لە شاری موسڵ وسەبارەت بە بارودۆخی ئێستای پارێزگای نەینەوا و بارودۆخی ناوشاری موسڵ بە تایبەتی دوای سەرکەوتنی لیستی حەدبا لە موسڵ و بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، پەیوەندیمان بە بەڕێز هەرێم کەمال ئاغاکرد و سەبارەت بەرەوشی ئێستای موسڵ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

●●●

**هەر بەڵێندەرێک لە موسڵ ئەگەر لە سەدا ١٠٪ی داهاتی پرۆژەکەی نەدەبوایە رێکخراوی ئەلقاعیدە نەیدەتووانی پرۆژەکەی جێبەجێ بکات**

●●●

**● سەرەتا ئەگەر پرسیارەکەمان شێوازێکی گشتگیر بە خۆیەوە بگرێ و بپرسین ئایا بارودۆخی موسڵ چۆن دەبینیت؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باسی رەوشی شاری موسڵ بکەم، ئەوا ئەم شارە لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی، لە سەرەتادا بێدەنگییەك باڵی کێشا بەسەر ئەم شارەدا، کە لە بێدەنگی پێش گەردەلول دەچوو، ئەم بێدەنگیە درێژەی کێشا تاوەکو مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣ . بەڵام شاری موسڵ لەبەر ئەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراقی لە ناوخۆیدا کۆکردۆتەوە بۆیە لەشارەکانی دیکە ئاڵۆزترە، هەروەها بەهۆی هەڵکەوتە جیوپۆلەتیکیەکەیەوە کە کەوتۆتە سەر سنووری دوو وڵات کە بەرژەوەندی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە لەگەڵیاندا.

**● موسڵ لە مێژووی دووردا مەڵبەندی ئاشووریەکان بوو، بەڵام دواتر ئاشوورییەکان دووچاری شاڵاوی دەرکردن بوونەوە. بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمە بێت ئەوەیە لە دوای ٢٠٠٣ەوە لەم شارەدا چی روویداوە؟**

- هەموو لایەك ئاگادارن دوای ساڵی ٢٠٠٣ئەم شارە و دامودەزگاکانی دووچاری هێرشی کوشندە بوونەوە لەلایەن رێکخراوی ئەلقاعیدەوە کە لە پشت پەردەوە کۆنە بەعسییەکان رۆڵیان دەبینی و توانیان لەو ماوەیەدا رێکخستنەکانی بەعس زیندووبکەنەوە و هێرشی تیرۆریستی ئەنجام بدەن و دامودەزگاکانی شارەکە پەکبخەن، بۆ نموونە هەر بەڵێندەرێك لە موسڵ ئەگەر لە سەدا ١٠٪ی داهاتی پرۆژەکەی نەدایە بە رێکخراوی ئەلقاعیدە نەیدەتوانی پرۆژەکەی جێبەجێ بکات،

ئەمەش کاریگەرییەکی سـلبی و خراپی هەبوو لەسـەر ئەدا و سەرکەوتنی ئیدارەی شـارەکە کە بەهۆی بەشدارینەکردنی سوننەکان،کورد بەسەریدا باڵادەستبوون. هەروەها موسڵ یەکێك بوو لەو شارانەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعسدا خەڵکەکەی رێژەیەکی بەرچاوی دەزگا داپڵۆسێنەر و شوێنە هەستیارەکانی بەعسییان بەدەستەوەبووە.

هەروەها لە موسـڵدا نەزعەیەکی بەهێزی شۆڤێنی قەومیەی عەرەبـی بوونی هەبووە و مۆرکی عروبە بە بەر ئەم شـارەدا کـراوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبـووە کە زۆرێك لە دەوڵەتە عەرەبییەکانیش هەوڵی ئەوە بدەن ئەم مۆرکەی لێ دانەماڵرێت. بە هەمان شـێوە یەکەم شـانە و گرووپی ئیخوان موسلمین لە عێراقدا لە موسـڵ دروسـت بووە، کە لە دوای شکستهێنانی سەددام حوسـێنەوە عەرەبە قەومییەکان زیاتر پەرەیان بەم رەتە داوە.

**• ئـەی سـەبارەت بـە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمسـاڵ و سـەرکەوتنی لیستی حەدبا، ئایا سـەرکەوتنی لیستی حەدبا گۆڕانکارییەکی چۆن دروست دەکات ؟**

- ئێستاش دوای ئاشـکرابوونی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لیستی حەدبا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی بەعسییەکان بە شـێوازێکی دیکە، بە دڵنیاییـەوە ئەمەش گۆڕان و رووداوی نوێ لەگـەڵ خۆیدا دەهێنێت، هەروەها کوردیش سـەنگ و قەبارەی راستەقینەی خۆیان بۆ دەرکەوت، ئەمەش بە مانای دۆڕاندنی کوردەکان نایەت، بەدەستهێنانی ١٢ یان ١٣ کورسی بە مانای کەمبوونەوەی دەسـەڵاتی کـوردەکان نایەت، لەبەر ئەوەی لە رابردوودا بەهۆی بەشـداری نەکردنی سوننەکانەوە کورد باڵادەست بوون و لە موسڵدا یەك لەسەر سێی دانیشتوانی ئەو شارە پێکدەهێنن. هەروەها سەرکەوتنی ئەم لیستەش رەنگە سەربکێشێت بۆ دروسـتبوونی گیروگرفت کە ئێمە هیوادارین روونەدات، لەبـەر ئەوەی تاکە خاڵـی لاواز لە ئەنجوومەنی پێشـوی پارێزگادا بریتی بوو لـەوەی رەنگدانەوەی تێکرای پێکهاتەکانی شـارەکە نەبوو، لەبەر ئەوە ئومێدەوارم لیسـتی حەدباش لەم راسـتییە تێبگات و ئەگەر لە داهاتووش هەمان کەلێن و کەموکوڕی هەبێت ئەوا کێشەکان بەردەوام دەبن.

**• ئایـا بەرای ئێوە لیسـتی حەدبا توانـای چارەسەرکردنی کێشـەکانی دەبێت یان ئامادەباشـی هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێن؟**

- موسـڵ کێشەی سیاسـی هەیە و ئومێدەوارم بە تەوافوق و تەبایی سەرکەوتن بۆ ئەم شارە بەدەست بهێنین. بەڵام ئەوەی لە لیستی حەدبا دەخوێنرێتەوە ئەوەیە ئەسیل عەبدولعەزیز نوجەیفی جڵەوی تەواوی ئەم لیسـتەی بەدەسـتەوە نییە، لەبەر ئەوەی خەڵکانێك لەم لیسـتەدا هەن کە پێشتر لەگەڵ بەعسدا کاریان کردووە، رابردوویەکی بەعسییانەیان هەیە و سەرکردەبوونە لەناو بەعسدا، واتە من پێموایە ئەجێندا و بیروباوەڕی بەعسییەکان بەشـێك دەبن لەم لیسـتە. چونکە بەرنامە و ئەجێندای ئەم لیسـتە، یاخود ئەو تەوەرانەی ئەم لیسـتەی دەیەوێت کاریان لەسەر بکات، یەکێکیان بریتییە لە پاراستنی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای موسـڵ، واتە مەبەستیان ئەوەیە پارێزگای موسڵ بە هەمـان ئەو یەکە ئیدارییانەی ئێسـتا هەیەتی وەك خۆی بمێنێتـەوە، ئەوان مەبەسـتیان ئـەو قـەزا و ناحییانەی کە مەشـمولن بە مادەی ١٤٠ وەك مەخمور و شەنگال و زوممار و هتـد کە زۆرینەی دانیشـتوانەکانیان کـوردن- هەروەك لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانـەوە دەرکەوت کە ئەوەش پەیامێك بوو بۆ دۆسـت و دوژمنەکانمـان- وەك خۆیان بمێننەوە. واتە ئەوان جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە رەت دەکەنەوە و گەڕاندنەوەی ئەو قەزا و ناحیانە بۆ سـەر هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە و مەترسییەك بۆ سەر عروبە و پێگەی شاری موسڵ لێکدەدەنەوە، کە ئەمەش پێشێلکردنی دەسـتووری عێراقە. هەروەها یەکێك تر لـە مەلەفەکان کە لیسـتی حەدبا کاری لەسـەردەکات، گەڕاندنـەوەی ئەو عەرەبانەیە کە کاتـی خۆی بە ئامانجی تەعریبکردنـی ناوچەکانی دەوروبەری موسـڵ هاوردەکران و لەو شـوێنانەدا نیشـتەجێکران دوای ئەوەی کوردەکانیان لێ راگوێزرا، چونکە ئەم عەرەبانە لە دوای سـاڵی ٢٠٠٣وە ئەم ناوچانەیان چۆڵکرد و خەڵکی ئەسڵی ناوچەکە گەڕانەوە، لە راستیدا ئەمە پێشـێلکردنی بنەما ئینسانی و ئەخلاقییەکانە و ئەسـڵەن قابیلی قبوڵکردن و قسەلەسەرکردنیش نیە، بەڵام هەر بۆ روونکردنەوە بۆ ئێوەی باس دەکەم. یەکێکی دیکە لەو مەلەفانەی کاری لەسەر دەکەن، مەسەلەی دەستگیرکراوەکانە لە هەرێمی کوردسـتاندا، واتە ئەو کەسە گومانلێکراوانەی بە هەڕەشـە دادەنران بۆ سـەر ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچە و قەزا و ناحییەکانی نێوان هەولێر و موسـڵ پێویسـت بوو رووبەڕوویان ببینەوە، چونکە، یاخود ئەو کەسە خۆکوژەی سـلێمانی پاڵاسـی کردبووە ئامانج خەڵکـی تەلەعفەر بوو. ئەگەرچی ئێسـتا زۆرێك لەو کەسانە ئازادکراون، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵێك لە خەڵکی موسڵ کۆبووەوە. هەروەها یەکێکی دیکە لە مەسەلەکان مەسەلەی پەروەردە و رۆشنبیرییە کە باسی لێدەکەن، مەبەستی ئەوان ئەو قوتابخانانەیە کە لە ناوچەکانی شەنگال، بەعشیقە و شـێخان کراونەتەوە و خوێندن تیایاندا بە زمانی کوردییە، دوای ئەوەی لە رابرووددا بەهۆی سیاسەتی بەعسەوە رێگە لە خوێندن بە زمانی کوردی گیرابوو لەم ناوچانەدا، واتە ئەوان ئەمەیان پێ کارێکی قەدەغەیە و پێیان هەرس ناکرێت، ئەگەرچی ئەمە پێشـێلکردنی زەقی دەسـتووری عێراقە، لەبەر ئەوەی زمانی کوردیش زمانێکی رەسمییە لە عێراقدا.

**• ئەسـیل نوجەیفی دەڵێت لیسـتی برایەتی مەرجی هەیە ، ئێمەش مەرج قبوڵ ناکەین، ئایا مەرجی کورد چییە؟**

- تاکە مەرجی ئێمە ئەوەیە لیسـتی حەدبا رێز لە دەستووری عێـراق بگرێت، ئێمە لەمە زیاتر هیـچ مەرجێکی دیکەمان نییە، چونکە دەبێت حەدبا بزانێت کە دەسـتوورێك لە عێراقدا هەیە و ١٢ ملیـۆن کەس دەنگی بۆ داوە و دەبێت هەموومان پێوەی پابەندبین. ئێستا عێراقێکی نوێ لە ئارادایە و سەددام و بەعسییەکان رووخاون و سەردەمێکی نوێ دروست بووە.

●●●

**یەکەم شانە و گرووپی ئیخوان موسلمین لە عێراقدا لە موسڵ دروست بووە، کە لە دوای شکستهێنانی سەددام حوسێنەوە عەرەبە قەومییەکان زیاتر پەرەیان بەم رەتە داوە**

●●●

●●●

**زۆربەی تەقینەوە و کارە خۆکوژییەکانی لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک ئەنجامدراون، لە شاری موسڵەوە پلانی بۆ دانرابوو، بۆ نموونە شانەی بچوک بچوک لە ناوچەکانی حەمام عەلی و گەیارە تا دەگاتە ناو شاری موسڵ بەرپرس بوون لە رێکخستنی ئەو کردەوانە، بە تایبەتی تەقینەوەکەی هەولێر و مەخمور**

●●●

●●●

**ئەسیل نوجێفی کە چاوی بڕیووەتە ئەوەی پۆستی پارێزگار بەدەست بهێنێت دەبێت ئەو راستییەی لەبەرچاو بێت کە بێ رەزامەندی تێکرای لیستەکان و بێ تەوافوق سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت**

●●●

**ئەو کوردەی بە ناوی دڵدارەوە لە لیستی حەدبایە کە بۆ چەواشەکاری دایان ناوە نوێنەری کورد نییە و گوزارشت لە کوردەکانی ئەو شارە ناکات، تەنیا ٧٠٠٠ دەنگی هێناوە، ئێمە لە موسڵدا و لە ناو شاردا نزیکەی ١٠٠،٠٠٠ دەنگدەرمان هەیە**

**کاتێک لە شاری موسڵدا ٣،٠٠٠ کورد تەنیا لەسەر کوردبوون کوژران دڵدار زێباری رایگەیاند یەک کورد لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی نەکوژراوە، لەبەر ئەوە ئەو نە نوێنەرایەتی کوردی پێدەکرێت و نە دەشتوانێت نوێنەرایەتی کورد بکات**

**هێشتا ئیرهاب لەم شارەدا باڵادەستە، تەنیا لە ماوەی دوو هەفتەی رابرووودا ٨ سەیارە تەقێنراوەتەوە**

دواتر کوردەکان نەتەوەی دووەم و لیستی دووەمن لەم شارەدا و دەبێت دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان بە تەوافوق بێت، بۆچی عەرەب لە کەرکوکدا داوای دابەشکردنی دەسەڵات و هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتدا دەکەن ئەمە لە شاری موسڵدا پیادە ناکەن، بۆچی لەوێ بۆ ئەوان رەوا بێت لێرە بۆ کورد ئەمە رەوا نەبێت، ئەمە سیاسەتی بانێکە و دوو هەوایە، ئەسیل نوجێفی کە چاوی بڕیووەتە ئەوەی پۆستی پارێزگار بەدەست بهێنێت دەبێت ئەو راستییەی لەبەرچاو بێت کە بێ رەزامەندی تێکڕای لیستەکان و بێ تەوافوق سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

**● ئەسیل بە گوڵانی راگەیاند کە کوردەکانی ناو شاری موسڵیش دەنگیان بۆ لیستی حەدباء داوە، مەبەستی زێبارییەکانە؟**

- ئەمە دوورە لە راستییەوە، ئەو کوردەی بە ناوی دڵدارەوە لە لیستی حەدبایە کە بۆ چەواشەکاری دایان ناوە نوێنەری کورد نییە و گوزارشت لە کوردەکانی ئەو شارە ناکات، تەنیا ٧٠٠٠ دەنگی هێناوە، ئێمە لە موسڵدا و لە ناو شاردا نزیکەی ١٠٠،٠٠٠ دەنگدەرمان هەیە، ئەگەرچی زۆرێك لە کوردەکان ئاوارە بوونە بۆ شارەکانی هەولێر و دهۆك، بۆ نموونە تەنیا لە دهۆکدا ١٠٥،٠٠٠ ئاوارەی کوردی موسڵمان هەیە (نەك دەنگدەر)، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا و لەگەڵ ئەوەی کە سوپا و پۆلیسی نیشتمانی کە لەناو موسڵ بوونیان هەیە و رۆڵێکی خراپیان هەبوو و ترس و دڵەڕاوکێیان لای دەنگدەری ئێمە دروست دەکرد و بوونە لایەنێك لە بەرژەوەندی لیستی حەدبا، ئێمە لە ناو شاردا توانیمان ٣٠،٠٠٠ دەنگ بەدەست بهێنین، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەوە دوورە لە راستییەوە.

**● بۆچی دڵدار لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو حزبە کوردییە لە ئارادایە دەچێتە پاڵ لیستی حەدبا؟**

- ئێمە دەبێت لە مێژووی ئەوان بڕوانین، ئەوان هەر لە ساڵانی شەستاکانەوە لە بەرەی کورددا نەبوونە، بەڵکو لە بەرەی دوژمنی کورددا بوونە، ئەمە هەقیقەت و واقیعەکەیە و دەبێت خەڵکی ئێمە بیزانن. هەروەها کاتێك لە شاری موسڵدا ٣،٠٠٠ کورد تەنیا لەسەر کوردبوون کوژران دڵدار زێباری رایگەیاند یەك کورد لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی نەکوژراوە، واتە کەسێك کە لە رۆژی هەینی بە جلوبەرگی کوردیەوە لە مزگەوت هاتۆتەدەرێ و تەنیا لەبەر جل و بەرگەکەی کوژرابێت و دواتر حاشابکەیت کە لەبەر کوردبوونی نەکوژراوە تەنها بۆ دڵڕازیکردنی شۆڤێنییەکان، چۆن دەتوانێ نوێنەرایەتی کورد بکات و نوێنەرایەتی کوردی پێدەکرێت، لەبەر ئەوە ئەو نە نوێنەرایەتی کوردی پێدەکرێت و نە دەشتوانێت نوێنەرایەتی کورد بکات و نە کوردیش ئەو بە نوێنەری خۆی دەزانێت. لەبەر ئەوە _کە رەنگە خۆشیان ئەم قسەیە دووپات بکەنەوە- بۆ ئەوەی بتوانن لە موسڵدا بژین دەبێت بچنە پاڵ لیستی حەدبا کە خەڵکی بەعسی و شۆڤێنی تێدایە.

**● ئەسیل نوجێفی باسی ئەوە دەکات کە ئەوان کار بە بنەمای زۆرینە و کەمینە دەکەن لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵدا، ئەمەش بە مانای گەڕانەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتی زۆرینە دێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە چۆن دەتوانن بگەنە رێککەوتن و تێگەیشتنێك لەگەڵ ئەم لیستەدا؟**

- تا ئێستا ئێمە دانیشتنی رەسمیمان نەبووە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان بکەین، بەڵام ئەوان لە رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان چەند مەسەلەیەك دەوروژێنن کە بە مانای دورخستنەوە و بەیەکنەگەیشتن دێن. دواتر ئەگەر باسی مەسەلەی زۆرینە و کەمینە دەکەن، ئەوا من دووبارە بۆ مەسەلەی کەرکوك دەگەڕێمەوە کە ئەگەرچی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی زۆرینەی هەیە لەو شارەدا بەڵام رازی بووە بە دابەشکردنی پۆستەکان و هەماهەنگی کردن لەگەڵ عەرەبە رەسەنەکان و تورکمانەکاندا، راستە عێراق دەستوری هەیە، بەڵام بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی دەبێت هەموو لایەك کار بە بنەمای تەوافوق بکەن، تا ئەو کاتەی حکومەتی عێراق وەك عێراقی لە هەموو هاووڵاتییان دەڕوانێت و هەموو عێراقییەکانیش خۆیان بە هاووڵاتی وڵاتەکە دەزانن. بەڵام ئێمە لە لیستی برایەتی لیستی دووەم و نەتەوەی دووەمین و هیچ کێشەیەکیش بەدی ناکەین لەوەی تەنانەت رۆڵی بەرهەڵستکاریش ببینین بۆ داکۆکیکردن و بەرگریکردن لە مافە شەرعییەکانی خەڵکی موسڵ.

**● بەڵام لیستی برایەتی بڕیاری بەشداری یان بەرهەڵستکاریش بدات هەر دەبێت لەگەڵ لیستی حەدبا رێکبکەوێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیچ ئاسۆیەك بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لە ئارادایە؟**

- لیستی حەدبا حزبێك نییە تا پەیڕە و پرۆگرامی ناوخۆی ئەو حزبە بخوێنمەوە، هەروەها خەلفیەتێکی سیاسیشی نییە و تەنها دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێشینەی سیاسی ئەو کەسانەی لە ناو حەدبادان، من دەڵێم ئەگەر ئەسیل نجێفی بڕیاڕ و دەسەڵاتی تەواوی هەبێت لە ناو ئەم لیستەدا ئەوا دەگەینە رێککەوتن، چونکە ئەسیل واقیعی موسڵ دەخوێنێتەوە و دەزانێت بە هەماهەنگی هەموولایەك دەکرێت کێشە ئابووری و ئەمنی و سیاسییەکانی ئەم شارە چارەسەربکەین، لەبەر ئەوەی هێشتا ئیرهاب لەم شارەدا باڵادەستە، تەنیا لە ماوەی دوو هەفتەی رابرووودا ٨ سەیارە تەقێنراوەتەوە، ئیرهاب گوزری خراپی لەم شارە سرەواندووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەسیل بە تەنها نیە و خەڵکی تر لەم لیستەدا هەیە و ئەجێندای دیکەیان هەیە.

**● بەڵام ئەگەر بەشداریتان نەکرد و نەگەیشتنە رێککەوتن ئەوکاتە چ رێگاچارەیەك دەگرنەبەر؟**

- ئێمە بەشداری لە ئەنجوومەنی پارێزگا دەکەین و بوونمان دەبێت و لەم حاڵەتەدا وەك بەرەیەکی بەرهەڵستکار رۆڵ دەبینین و ئاماژە بە هەموو کەم و کوڕی و ناتەواوییەکان دەکەین و دەست هەڵناگرین و هەوڵ دەدەین رێگری لەو ناهەقییانە بکەین کە ئەوان دەیانەوێت دەربارەی شاری موسڵ بکەین، چونکە ئێمە پێشتر لە ئەنجومەنی پارێزگا نائومێد نەبووین و دەستمان هەڵنەگرت ئەگەرچی هەڵمەتێکی زۆر توندیشمان لەسەر بوو کە بووەهۆی شەهیدبوون ١٤ ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە.



خسرۆ گۆران جێگری پارێزگاری موسڵ بۆ گوڵان:

# ئێمە كێشەمان لەگەڵ كەسدا نییە،بەڵام سوورین لەسەر بنەماكانی دەستووری ئەنجوومەنی پارێزگا پێكبهێنرێت و ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بكرێت

**خەسرۆ گۆران بەرپرسی لقی ١٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان و جێگری پارێزگاری موسڵەو لێدوانەكانیشی وەك لێدوانی وتەبێژی فەرمی لیستی برایەتی نەینەوا لە میدیاكان ئاماژەی پێدەكرێت، بۆ قسەكردن لەسەر چۆنییەتی وتوێژكردن لەگەڵ لیستی حەدبا و مەرجەكانی لیستی برایەتی نەینەوا، بەڕێز خسرۆ گۆران لە لێدوانێكی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هات دوان.**

*** هەڵبژاردنی پارێزگاكان تەواو بوو، ئێستا لیستی برایەتی نەینەوا ١٢ كورسی هەیە و سێ یەكی ئەنجوومەنی پارێزگا پێكدەهێنیت، ئایا لەمبارەوە كۆبوونەوە و وتوێژتان لەگەڵ لیستی حەدبا كردووە بۆ پێكهێنانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا؟**

- تا ئەم ساتەوەختەش هیچ ڕێككەوتنێك نییە بۆ پێكهێنانی ئیدارەیەك بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی پارێزگای موسڵ، چونكە تا ئێستا لیستەكان لەگەڵ یەك كۆنەبوونەتەوە، ئەوەی هەیە تەنیا دەنگ و باسی ئەوەیە لیستی حەدبا دەیەوێت بە تەنیا ئیدارەی شارەكە بكات، ئێمە دژی هیچ كەسێك نین بە دیاری كراوی، كاری ئێمە بەرنامەیەكی سیاسی و كۆمەڵێك بنەمایە كە لە سەری دەڕۆین، واتە دژایەتی و دوژمنایەتیمان لەگەڵ هیچ كەسێكدا نییە وەكو شەخس، ئەوەی ئاشكرایە لە عێراقی نوێدا هیچ لیستێك ناتوانێت بە تەنیا و بە سەركەوتوویی ئیدارەی وڵاتەكە یان پارێزگایەك یان هەرێمێك بكات، بۆ نموونە لە شاری كەركوك كە لیستی برایەتی زۆرینەیە لەو شارەدا بەڵام ناتوانێت بە تەنیا و بە بێ كێشە ئیدارەی ئەو شارە بكات، بەڵگەش ئەوەیە لەم دواییەدا سازشیان لەسەر پۆستی سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگا كرد بۆ لیستەكانی دیكە كە بچوكتر بوون، لە موسڵیش راستە حەدبا ١٩ كورسی هێناوە لە كۆی ٣٧ كورسی، بەڵام لیستی ئێمەش ١٢ كورسی بەدەست هێناوە كە دەكاتە یەك لەسەر سێی كورسیەكانی ئەنجوومەنی پارێزگا واتە ئێمە نوێنەرایەتی یەك لەسەر سێی دانیشتوانی شاری موسڵ دەكەین، كە دانیشتوانی شاری موسڵ نزیكەی ٣ ملیون كەس دەبێت، واتە ئێمە نوێنەرایەتی ١ ملیون كەسی

**لە شاری كەركوك كە لیستی برایەتی زۆرینەیە لەو شارەدا بەڵام ناتوانێت بە تەنیا و بە بێ كێشە ئیدارەی ئەو شارە بكات، بەڵگەش ئەوەیە لەم دواییەدا سازشیان لەسەر پۆستی سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگا كرد بۆ لیستەكانی دیكە كە بچوكتر بوون**

**ئێمە نوێنەرایەتی یەک لەسەر سێی دانیشتوانی شاری موسڵ دەكەین، كە دانیشتوانی شاری موسڵ نزیكەی ٣ ملیون كەس دەبێت، واتە ئێمە نوێنەرایەتی ١ ملیون كەسی ئەم شارە دەكەین**

ئەم شــارە دەکەین، رەنگە لیســتی حەدبا لە رووی یاسایییەوە بتوانێــت بە تەنیا حکومەتی مەحەلی لە پارێزگای موســڵدا پێکبهێنێت، بەڵام پرســیارەکە ئەوەیــە ئایا لە رووی واقیعی و عەمەلیەوە چەند ســەرکەوتوو دەبێت؟ ئایا دەتوانێت خواست و ویســتی ١ ملیون کەســی ئەم شــارە فەرامۆش بکات؟ ئایا دەتوانێت دژی خواســتی ئەو کەسانە بوەســتێتەوە کە دەنگیان بۆ لیســتی برایەتــی داوە؟ ئایا دووچــاری گیروگرفت نابن لەگەڵ ئەو ناوچانەی کە لە کوردستان دابڕاون و ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە؟ ئایا دووچاری کێشــە نابێتەوە لەگەڵ ئەو قەزا و ناحیانەی کە لیستی برایەتی بەسەریاندا زاڵە؟ لەبەرئەوە ئەگەر ئەوان عاقڵانە بیربکەنەوە دەبێت بێن و تکامان لێبکەن بۆ ئەوەی دەست لە ناو دەست هەڵبستین بە چارەسەرکردنی کێشەکان و زاڵ بوون بەسەر کۆســپەکاندا بۆ ئەوەی ئیدارەیەکی سەرکەوتوو لە شارەکە پێکبهێنین، چونکە ئێمە دەتوانین هاوکارێکی باش بین، لەبەر ئەوەی هەم حکومەتی هەرێمی کوردســتان و هەم پارتە کوردیەکان لە رابردوودا هاوکارێکی باشی خەڵکی موسڵ بوونە لە هەمو لایەنێکەوە. راستە رەنگە هەندێ لایەن هەبن هەڵبستن بە هاندانی لیســتی حەدبا بۆ ئەوەی هــاوکاری ئێمە نەکەن، لەوانە پاشــماوەکانی ئەلقاعیدە و بەعسیەکان، یاخود ئەو لایەنە دەرەکــی و ئیقلیمیانەی خوازیاری کەمکردنەوەی دەســەڵاتی کوردەکانن، یاخــود ئەو لایەنە ناوخۆییانەی دیکە کە هەڵگری هزری شــۆ ڤێنییەت و مەرکەزیەتی بەهێزن، من پێموایە ئەگەر لیســتی حەدبا کار بە ئەجێندای ئــەم لایەنانە بکەن ئەوا نەک کێشەکان چارەسەرنابن، بەڵکو ئاڵۆزتریش دەبن.

**تا ئەم ساتەوەختەش هیچ رێککەوتنێک نییە بۆ پێکهێنانی ئیدارەیەک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پارێزگای موسڵ، لیستی حەدبا دەیەوێت بە تەنیا ئیدارەی شارەکە بکات**

*** دەنگ و باسی ئەوە لە ئارادا گوایە دڵدار زێباری کە برازای ئەرشەد زێباریە پاڵێوراوە بۆ پۆستی جێگری پارێزگاری موسڵ، یان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، ئایا ئەسڵی مەسەلەکە چیە و تا چ رادەیەك راستە؟**

- لە راســتیدا ناو لای ئێمە گرنــگ نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە کێشەی شەخسیمان لەگەڵ هیچ کەسێکدا نییە، ئێمە بەرنامەی سیاسی خۆمان هەیە، کێشەی ئێمە دەستوورییە و پەیوەندی بە هیچ کەســێکی دیاری کراوەوە نییە. ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە ئایا بەشــداری دەکەین لە پێکهێنانی ئیدارەی شــاری موسڵ یان نا، ئەگەر بەشداری بکەین، ئەوا بە بەشداریەکی لاواز رازی نابین، بەڵکو دەبێت بەشداریەکی بەهێز و کارامان هەبێت و وەك ئیســتیحقاقی هەڵبژاردنەکانیش بە حوکمی ئەوەی لیستی دووەمین ئێمە داوای دووەم پۆستی گەورەی ئەو ئیدارەیە دەکەین، بەڵام ئەگەر بەشــداری نەبین ئەوا بەرپرسیاریتی شکستهێنانی ئیدارەی شارەکەش لە ئەستۆ ناگرین. لەبەرئەوە هەروەك ئاماژەم پێکرد کێشەی ئێمە کێشەی شەخسی نییە، بەڵکو ئێمە ئامادەی کارکردنین لەگەڵ هەر لایەنێکدا کە باوەڕی بە عێراقی فیدراڵ و سیستەمی دیموکراسی و دستوری عێراق هەبێت.

**دانیشتوانی شاری موسڵ نزیکەی ٣ ملیون کەس دەبێت، ئێمە نوێنەرایەتی ١ ملیون کەسی ئەم شارە دەکەین، رەنگە لیستی حەدبا لە رووی یاساییەوە بتوانێت بە تەنیا حکومەتی مەحەلی لە پارێزگای موسڵدا پێکبهێنێت**

*** بەڵام هەندێ لە دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان باس لەوە دەکەن لەبەرئەوەی زێبارییەکان کێشەیان هەیە، بۆیە دڵدار چۆتە پاڵ لیستی حەدبا؟**

- ئێمە لێرە نوێنەرایەتی عەشــیرەت ناکەین، بەڵکو نوێنەرایەتی



پارتێکی سیاسی گەورە و مێژووی عێراق و کوردستان دەکەین و گرنگی بەو مەســەلانە نادەین، ئەگەر ئێمە بەشــداریمان لە حکومڕانێتی ئەم شــارەدا نەکرد، کــێ حوکم دەکات با بیکات کێشەمان لەگەڵیدا نییە.

*** بەڵام ئایا هیچ کۆبوونەوە و دانیشــتنتان لەگەڵ لیســتی حەدبا کردووە بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێك؟**

- لە راســتیدا ئێمە تەنیا یەك جــار کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەم لیســتەدا کردووە، ئەویش تەنیا بۆ یەکتری ناسین بوو زیاتر، کە لەسەر داوای هێزەکانی هاوپەیمانان و قونسوڵخانەی ئەمەریکا بــوو، وا دەرکەوت کە ئەوان ئەوەندە پەرۆشــی رێککەوتن نین لەگەڵ ئێمەدا و پێدەچوو فشارێکی زۆریان لەسەر بێت.

*** هەندێ پێیانوایە ئەوە تەنیا کەف و کوڵی هەڵبژاردنەکان بوو و ئێستا ئاراستەی ئەوان گۆڕاوە؟**

- لەراستیدا دەبێت چاوەڕێ بکەین و رۆژانی داهاتوو دەردەکەوێت ئایا نییەتیان باشە لەگەڵ ئێمەدا یان نا.

*** ئەسیل نجێفی دەڵێت لیستی برایەتی لە ناو شاری موسڵدا دەنگیان نەهێناوە، ئێوە لەم رووەوە چی دەڵێن؟**

- زیاتــر لە ١٠٠,٠٠٠ ئاوارەی شــاری موســڵ لە هەردوو



پارێزگای هەولێر و دهۆکدا نیشتەجێن، ئێمە تەنیا لە ناو ئاوارەکانی ئەم شارەدا ٣٥,٠٠٠ دەنگمان هێناوە، هەروەها لە ناو شاری موسڵ و دەوروبەری ٤٥,٠٠٠ دەنگمان هێناوە، لە شنگار و تەلەعفەریش ١٠٠,٠٠٠ دەنگمان هێناوە، لە شێخانیش زیاتر لە ٣٠,٠٠٠ دەنگ و لە مەخموریش ٢٠,٠٠٠ دەنگ، کە کۆی گشتی دەکاتە ٢٧٤,٠٠٠ دەنگ و ئێمە ١٢ کورسی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵمان بەدەست هێناوە کە دەکاتە یەك لەسەر سێی کۆی کورسیەکانی ئەم ئەنجومەنە، بەڵام کە ئەوان دەڵێن ئێزیدی و مەسیحی و چی دیکەی تێدایە، ئەوا ئەمە کێشەی ئەوانە کێشەی ئێمە نییە، لای ئێمە هیچ جیاوازیەك نییە، هەر ١٢ کورسیەکە هی کوردن. هەرچەندە ئێمە ئەم دابەشبوونە ناکەین و ئێمە داوامان کرد دەنگ بە لیست بدرێت، بەڵام کۆنترۆڵ نەدەکرا و دەرفەتی ئەوە هەبووە خەڵك دەنگ بە شەخس بدات.

*** بەڵام ئەسیل نجێفی دەڵێت خەسرەو گۆران مەرجی هەیە لەسەر ئێمە و دەیەوێت دەسەڵاتی پارێزگا دەسەڵاتێکی یەکگرتوو نەبێت، بەڵکو دوو ناوەندی دەسەڵات و بڕیار لە ناو پارێزگادا دروست بکات؟**

- ئەمە بە هیچ شێوەیەك راست نییە، تەنیا مەرجی ئێمە رێزگرتنە لە دەستوری عێراق و دانپێدانانە بەم دەستورە و بە سیستەمی دیموکراسی لە عێراقدا، ئێمە دەستی هاوکاری درێژدەکەین و دەرگامان کراوەیە بۆ هاوپەیمانێتی، بە پێچەوانەوە ئەوان چوار مەرجیان داوناوە، کە ئێمە مەرج لە هیچ لایەك قبوڵ ناکەین.

***مەرجەکانیان چیە؟**

- ئەوان پێیانوایە دەبێت سنووری ئیداری پارێزگای نەینەوا وەك خۆی بمێنێتەوە، واتە دژی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستوری عێراقن، خاڵی دووەمیان ئەوەیە ئەو عەرەبە هاوردانەی پێشتر لە ناوچەکانی شێخان و زومار نیشتەجێکرابوون لە دوای رزگارکردنی عێراقەوە بەجێیان هێشتبوو دووبارە بگەڕێنەوە، مەرجی سێیەمیان ئەوەیە دەبێت قەبارەی پارتە سیاسیە کوردیەکان لە ناو شاری موسڵدا بچووك بکرێنەوە و چالاکیەکانیان بەرتەسك بکرێنەوە، بەڵام لە عێراقدا ئازادی هەیە و هەر لایەك لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەدا بێت دەتوانێت کاربکات. مەرجی چوارەمیان ئازادکردنی ئەو زیندانیانەیە کە لە هەرێمی کوردستاندان، کە ئەمەش مەسەلەیەکی یاساییە و ئەگەر ئەو کەسانە هیچ شتێکیان لەسەر نییە ئەوان دەتوانن سکاڵا بەرزبکەنەوە ئازادیان بکەن.

*** ئەسیل نجێفی باسی ئەوە دەکات کە ئەوان کار بە بنەمای زۆرینە و کەمینە دەکەن لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵدا؟**

- مەبەستی ئەوان ئەوەیە کە لەبەرئەوەی لیستی حەدبا ١٩ کورسیان هێناوە لە کۆی ٣٧ کورسی ئەوا ئەوا رێژەی ٥٠+١ هەیە و لە رووی یاساییەوە دەتوانن بە تەنیا حکومڕانی موسڵ بکەن، رەنگە ئەمە لە رووی یاساییەوە راست بێت، بەڵام لە واقیعێکی وەك عێراق و لە شارێکی وەك موسڵ کە هەزارەها کێشەی هەیە ئەمە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بۆ نموونە بڕوانە شاری کەرکوك کە لیستی برایەتی زۆرینەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سازشی کردووە دەستی لە دووەم بەرزترین پۆستی ئەو شارە هەڵگرتووە، بۆچی بۆ ئەوان رەوایە کە داوای دابەشکردنی یەکسانی پۆستەکان بکەن لە کەرکوکدا، کە بۆ هەر یەکە لە کورد و عەرەب و تورکمانەکان رێژەی لە سەدا ٣٢ یان هەبێت، بۆچی بۆ ئێمە رەوانییە داوای بەشێکی دەسەڵاتی ئەم شارە بکەین. دواتر ئێمە بینیمان کە ئیئتیلافی شیعەکان لە سەدا ٥٥ی دەنگەکانی عێراقیان بەدەست هێنا، بەڵام لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان و بەرەی تەوافوق حکومڕانێتیان کرد، بنەمای زۆرینە و کەمینە لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیادا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت نەك لە واقیعێکی وەك عێراقدا.

*** بەڵام ئەو دەڵێت ئێمە دەمانەوێت بڕیارەکانی پارێزگا بڕیاری بەهێزبن، کەچی خەسرەو گۆران لێدوانی داوە و رای گەیاندووە دەبێت بڕیارەکان لاوازبن؟**

- بە هیچ شێوەیەك من لێدوانی لەم چەشنەم نەداوە، من گوتومە تەنیا مەرجی ئێمە ئەوەیە پابەندبین بە دەستوورەوە و بە پێی دەستور رەفتار بکەین، جا پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا هەر کەسێك بن.

●●●

**بۆچی بۆ ئەوان رەوایە کە داوای دابەشکردنی یەکسانی پۆستەکان بکەن لە کەرکوکدا، کە بۆ هەر یەکە لە کورد و عەرەب و تورکمانەکان رێژەی لە سەدا ٣٢ یان هەبێت، بۆچی بۆ ئێمە رەوانییە داوای بەشێکی دەسەڵاتی ئەم شارە بکەین**

●●●


●●●

**بنەمای زۆرینە و کەمینە لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیادا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت نەك لە واقیعێکی وەك عێراقدا**

●●●

جۆن دۆک ئەنتۆنیۆ راوێژکاری وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا بۆ گوڵان:

# ئەو ٥٠ هەزار چەکدارەی ئەمەریکا لە عێراقدا دەمێننەوە هاوشێوەی مانەوەی دەبێت لە ئەڵمانیا کە ماوەی ٦٠ساڵە



پرۆفیسۆر جۆن ئەنتۆنیۆ دامەزرێنەری ئەنجوومەنی نیشمانی پەیوەندیەکانی نێوان عەرەب و ئەمەریکایە و ئوستادی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشە لە کۆلیژی بەرگری هەواڵگری و هەروەها یەکێکە لە راوێژکارەکانی وەزارەتـــی بـەرگری ئەمەریکا بۆ دەوڵەتانی کەنداو، پرۆفیسۆر جۆن دۆك سەبارەت بە سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**●بارودۆخی ئێستای عێراق چۆن دەبینیت و ئەو بەرەوپێشچوونە ئەمنییەی بەدیهاتووە چۆن هەڵدەسەنگێنیت، لە کاتێکدا ئۆباما نییەتی خۆی ئاشکراکردووە بۆ کشاندنەوەی هێزەکان؟**

-لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا، ئۆباما نەك هـــەر بە بەردەوامی نییەت و پلانی خـــۆی بۆ پێداچونەوە بە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق و دەرئەنجام و ئاکامەکانی هەڵمەتی داگیرکاری عێراق لە ســـاڵی ٢٠٠٣دا راگەیاند، بەڵکو جەختی لەسەر گرتنەبەری هەمو ئەو رێگا و شێوازانە کردووە کە مومکین بوون بۆ کەمکردنەوە و کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، کە بە بێ ئەم کشـــاندنەوەیە نەك تەنیا لە مەودای نزیك یان مام ناوەندیدا عێراقییەکان ناتوانن ســـەروەری نیشـــتمانی، سەربەخۆیی سیاســـی و یەکپارچەیی خاکەکەیان بەدەســـت بهێننەوە، بەڵکو گەلی ئەمەریکاش ناتوانێت کۆتایی بەو شـــەڕە بهێنێت کە بارگرانییەکی زۆری لەســـەر باجدەرانی ئەمەریکا دروســـت کردووە، لەبەرئەوە پێموایە لەرووی سیاسی و ئەخلاقیـــەوە پابەندە بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی کە لە کاتی هەڵمەتـــی هەڵبژاردنەکاندا بە خەڵکـــی ئەمەریکای داوە، بە گوزارشتێکی دیکە هیچ رێگاچارەیەکی واقیعیتری نییە جگە لە خستنەگەڕی تەواوی هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە. لە لایەکی دیکەوە دەبێت مەسەلەی کەمکردنەوە و کشاندنەوەی هێزەکانـــی ئەمەریکا و ئەرکی نوێی ئەو هێزانەی لە وڵاتەکەدا دەمێننەوە روون بکرێتەوە بۆ گەلی ئەمەریکا، دەبێت ئەوە روون بکرێتەوە کە ئەرکی نوێـــی ئەم هێزانە یارمەتیدانی حکومەتی مەرکەزی و حکومەتە مەحەلیەکانە بۆ دابینکردنی ئاســـایش و یارمەتیدانیان لەم رووەوە. ئەمە مەســـەلەیەکی گرنگە لەبەر ئەوەی رەنگە سەربکێشێت بۆ چەواشەکردنی خەڵکی ئەمەریکا بە تایبەتی ئەوانەی تایبەتمەند نین لە سەر بارودۆخی عێراق یاخود لەسەر ستراتیژیەتی سەربازی وڵاتەکەیان لە عێراقدا، بە تایبەتی ئەگەر ئاگاداری وردەکاریەکانی مەرجەکانی مانەوەی هێزەکانـــی ئەمەریکا نەبن، یاخود ئـــاگاداری گرتنەبەری ئەو هەوڵ و کۆششـــە پێویســـتانە نەبن کە لە کاتی هەڵکشـــانی توندوتیژی و شەڕدا بۆ رێگەگرتن لە پەرینەوەی پریشکی ئەو پشـــێویە بۆ وڵاتانی دەوروبەر دەدرێن، یاخود پوچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە بۆ دووبارە دروســـتکردنەوەی بنکـــە و مۆڵگەکانیـــان لە عێراقدا، من پێموایـــە ئۆباڵەکە لە ئەســـتۆی دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمەریکایە و دەبێت ئەوان ئـــەم رۆڵە ببینن و ئـــەوە روون بکەنەوە کە ســـەرەڕای ئەوەی ئۆباما بڕیاری کشاندنەوە یان کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکای داوە لە عێراقدا، بەڵام ئۆباما بە شێوەیەکی حەسری باسی لە هێزە جەنگاوەرەکانی سوپای ئەمەریکا کردووە، ئەوانەی ئەرکی شـــەڕ و رووبەڕوبوونەوەیان لە ئەستۆیە، چونکە لەگەڵ ئەو پاشەکشەیەشـــدا، هێشـــتا نزیکەی ٣٠،٠٠٠ بۆ ٥٠،٠٠٠ ســـەربازی دیکە لە عێراقدا دەمێننـــەوە. ئەمەش ژمارەیەکی گەورە و گرنگە. رەنگە ئەگەر ئەمە بەراورد بکەین بە تێکڕای ژمارەی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رێژەیەکی کەم بێت، بەڵام ئەگەر بـــەراوردی بکەین بە ژمارەی ئەو هێزانەی ئەمەریـــکا کە لە ئەڵمانیا یان کۆریای باشـــوور، یاخود یاباندا جێگیرکـــران، رێژەیەکی بەرزتر بێت، کە لە یابان و ئەڵمانیادا بۆ ماوەی نزیکەی ٦٠ ســـاڵە جێگیرکراون. ئەمەش سێ پرسیاری گەورە دەوروژێنێت، یەکەمیان ئایا گەلی ئەمەریکا هۆشـــیارە بەوەی کە ئێســـتا من ئاماژەم پێکرد؟ ئایا باجدەرانی ئەمەریکا ئامادەییان هەیە کە دارایی و ئاکامەکانی دیکەی هێشتنەوەی ئەم ژمارەیە لە سەربازانی ئەمەریکا بۆ ئایندەیەکی دیاری نەکراو لە ئەســـتۆ دەگرن؟ ئەمەش تەنیا پەیوەست نییە بە خەمساردی گەلی ئەمەریکاوە بە مەســـەلەکانی سیاســـەتی دەرەوە، یاخود بایەخنەدانی بە کێشە و کاروبارەکانی گەلانی دیکە، بەڵکو پتر پەیوەستە بە دۆخە ئابووریەکەی وڵاتەکە و ئەو قەیرانە داراییەی ســـەریهەڵداوە، بە دواداچوونی دەرئەنجامەکانی ئەم مشتومڕە مەسەلەیەکی گرنگە. هەروەها یەکێك لە مەسەلەکانی دیکە لە روانگەی سەقامگیری سیاسی و ئەمنییەوە، بریتیە لە نیگەرانییە رەواکانی خەڵکی عێراق، پێویستی و بەرژەوەندییە رەواکانیان لەم رووەوە، لەبەرئەوەی سەرەڕای ئەوەی ئەمەریکییەکان دەیلێن لەم رووەوە، ئـــەوا رەنگە بوون و مانـــەوەی ئەمەریکا لە عێراقدا بە پێشێلکردنی ســـەروەری نیشتمانی و سەربەخۆیی و سیاسی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکە لێکبدرێتەوە، بۆ نموونە رەنگە هەر سەرکردەیەکی عێراقی نەرمی بنوێنێت لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا وەك سەرکردەیەکی شەرعی و نیشـــتیمانپەروەر لێی نەڕوانرێت و بەو شێوەیە ســـەیریان بکرێت کە هاوکاری دوژمنی وڵاتەکە دەکەن، لەگەڵ دەسەڵات و دەوڵەتی داگیرکاردا. مەسەلەیەکی دیکە بریتیە لە وێنـــەی عێراق و عێراقییەکان لە چاوی وڵاتە

عەرەبی و موسـلمانەکاندا، لەبەر ئەوەی رەنگە بەو شێوەیە لە عێراق بڕوانن کە سەردەمێك پایتەختی جیهانی ئیسلامی بووە بە تایبەتی لە سەردەمی عەباسییەکاندا، کە دابەش و داگیرکراوە، سوکایەتی پێکراوە و سـەروەری و سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکەکەی پێشـێلکراوە، ئەمە هەستێکی تاڵە لای نەتەوەخوازە عەرەبەکان. لە لایەکی دیکەوە نەتەوەخوازی کوردمان هەیە، کە ئەجێندا و سـتراتجیەتی جیاوازیان هەیە، حاڵی حازر کوردەکان سـەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی ئەمری واقیعیان هەیە و کوردەکان لـەم رووەوە دەبێت خۆشـحاڵبن. کوردەکان هەوڵـی ئەوە دەدەن خۆیان کۆنترۆڵی چارەنوس و کاروبارەکانی خۆیان بکەن، بەڵام ئەم مەسـەلەیە دەبێت کوردەکان خۆیان بڕیاری لە بارەوە بدەن، ئایا قەناعەت بەو ئۆتۆنۆمی و سـەربەخۆییەی ئەمری واقیع دەکەن یاخود هەوڵ دەدەن بە شـێوەیەکی رەسمی دابەش ببن و جیاببنەوە.

**●وا لێکدەدرێتەوە کە لە ١٠٠ رۆژی یەکەمی سەرۆکایەتیەکەیدا ئۆباما رەهەندەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا دیاری دەکات، ٥٠ رۆژی ئەو سـەرۆکایەتیە تێپەڕیوە، ئایا پێشبینی دەکرێـت لە مـاوەی ٥٠ رۆژەکەی دیکـەدا رواڵەتەکانی ئەم سیاسـەتە بە تەواوەتی دەربکەون، ئایا ئیدارەکەی ئۆباما بایەخ بە پاراستنی دەستەکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەدات؟**

-من پێموایە رواڵەتەکانی سیاسـەتی ئیدارەکەی ئۆباما تەواو روونە، بەڵام دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن دەقا و دەق پێناسـەی کشـانەوەی کارا و بەرپرسـیارانە بخەنەڕوو و مەرجەکانی ئەو پاشەکشەیە روون بکەنەوە و جیاوازی بکەن لە نێوان پاشەکشەی یەکجاری و گۆڕینی ئەرکەکاندا. لەبەر ئەوەی ئەم مەسـەلانە بۆ رای گشتی ئەمەریکا تەواو روون نییە، بە تایبەتی ئەوانەی بەدواداچوونیـان نییە بۆ کاروبـارە نێودەوڵەتیەکان، پەیوەندی ئەمەریکا و وڵاتە عەرەبییەکان، یاخود پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و کوردەکان، یـان ئەو گرژی و ئاڵۆزیەی لە نێوان کوردەکان و حکومەتی مەرکەزیدا هەیە، من هیچ لێدوان و نوسینێکم بەرچاو نەکەوتووە کە پشتگیری و بانگەشەی دابەشکردنی عێراق بکات بەسەر پێکهاتەکانیدا، لەنێویاندا دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەنی سەروەری بۆ کوردەکان، چونکە دەبێت لەم رووەوە نیگەرانییەکان وڵاتێکی وەك تورکیا لەبەرچاو بگرین کە ژمارەیەکی گەورەی کوردەکانیش لەو وڵاتەدا دەژین.

**●لـە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنـی پارێزگاکان ئەو راستیە دەرکەوت کە هیچ لایەك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنـا، هەر ئەمەش هـۆکاری ئەوەیە مالیکـی هەوڵی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵات بدات، کە سوپا هەڵبستێت بە بەرگری لێکردنی، ئایا ئەمە مەترسـی ئەوەی لێناکرێت دەسـەڵاتێکی دیکتاتۆری دروست بێت، هەروەها تا چ رادەیەکی نائامادەگی ئۆباما بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەی کەرکـوك دەبێتە هۆی دروسـتبوونی گرژی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مەرکەزیدا؟**

-ئەمە پرسـیارێکی زۆر باشە، پرسیارێکی زۆر گرنگە، بەڵام من ناتوانم وەڵامی ئەم پرسـیارە بدەمـەوە لەبەر ئەوەی ئەمە پرسـیارێکی گریمانەییە و رەنگە کەس نەتوانێت پێشبینی ئەوە بکات لە ئایندەدا ئۆباما پشـتگیری لە چ سیاسەتێك دەکات و بەرهەڵستی چ سیاسـەتێك دەکات، چونکە ئەمە پەیوەستە بە رەوتی بەرەوپێشچوونی رووداو و بارودۆخەکەوە.

●●●
**ئایا باجدەرانی ئەمەریکا ئامادەییان هەیە کە دارایی و ئاکامەکانی دیکەی هێشتنەوەی ئەم ژمارەیە لە سەربازانی ئەمەریکا بۆ ئایندەیەکی دیاری نەکراو لە ئەستۆ بگرن؟**
●●●

●●●
**رەنگە کەس نەتوانێت پێشبینی ئەوە بکات لە ئایندەدا ئۆباما پشتگیری لە چ سیاسەتێک دەکات و بەرهەڵستی چ سیاسەتێک دەکات، چونکە ئەمە پەیوەستە بە رەوتی بەرەوپێشچوونی رووداو و بارودۆخەکەوە**
●●●



جۆن میوللر بۆ گوڵان:

# ماوەیەکی دووردرێژە ئۆباما ڕایگەیاندووە کە بەرەی ڕاستەقینەی ڕووبەڕووبوونەوە عێراق نییە، ئەفغانستانە



پرۆفیسۆر جۆن میوللر سەرۆکی سەنتەری میرشۆنە MERSHON بۆ دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی و یەکێکە لە پسپۆرە دیارەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، پسپۆرو تایبەتمەندە لەسیاسیەتی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی بەرگری، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و ئایندەی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا بەڕێز پرۆفیسۆر جۆن میوللر بەمجۆرە رای خۆی بۆگوڵان دەربڕی.

**● بارودۆخی ئێستای عێراق چۆن دەبینیت و ئەو بەرەوپێشچوونە ئەمنییەی بەدیهاتووە چۆن هەڵدەسەنگێنیت، لە کاتێکدا ئۆباما نییەتی خۆی ئاشکراکردووە بۆ کشاندنەوەی هێزەکان؟**

-من پێموایە دوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکا نابێت عێراقییەکان چاوەڕوانی یارمەتیەکی زۆر لە ئیدارەی ئەمەریکا بکەن، واتە دوای ئەم کشانەوەیە بایەخ و گرنگیدانی ئەمەریکا بە عێراق بەرەو داکشان دەچێت. هەروەها ئەگەر لە دوای جێهێشتنی عێراق شەڕی ناوخۆیی سەرهەڵبدات لەم وڵاتەدا، ئەوا ئەمەریکا پاڵنەرێکی کەمی دەبێت بۆ ئەوەی دووبارە دەستێوەردان بکاتەوە و هەڵبستێت بە سەرکوتکردنی ئەم شەڕە ناوخۆییە، تەنانەت ئەمە لە سەردەمی ئیدارەی بۆشدا ڕاست بوو، بەڵام لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا ئەگەرێکی بەهێزترە.

**●ئایا عێراق توانای بەردەوام بوون و مانەوەی دەبێت ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا پاشەکشە بکات؟**

-بەڵێ، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، ئایا بڕیاری ئەوە دەدەن وڵاتێکی وەك سۆمال بن، یان وڵاتێکی وەك پۆڵەندە، هێز و دەوڵەتە دەرەکیەکیان لەم ڕووەوە کارێکی زۆریان لەدەست نایەت، لە نێویاندا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بۆ نمونە ئەگەر عێراق وەك وڵاتی سۆمالی لێبێت، ئەوا هەوڵ دەدرێت ئیحتیوای توندوتیژی و ئاکامەکانی بکرێت بۆ ئەوەی نەپەڕێتەوە بۆ دەوڵەتە دراوسێکان و دەوروبەر، بۆ نمونە لە بۆسنیادا هەمان سیاسەت پیادەکرا، واتە کۆشش کرا بۆ ئەوەی توندوتیژیەکە لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بمێنێتەوە. هەروەها ئەگەر عێراق بەرەو شەڕی ناوخۆیی بخزێت ئەوا نابێت چاوەڕوانی یارمەتیەکی گەورە لە هێزە دەرەکیەکان بکات، بە پێچەوانەوە ڕەنگە وڵات و لایەنگەلێك هەبن دەستێوەردان بکەن و ئەوەندەی دیکەی بارودۆخەکە ئاڵۆزبکەن، بە چەشنی ئەوەی لە لوبناندا ڕوویدا.

**●وا لێکدەدرێتەوە کە لە ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی سەرۆکایەتیەکەیدا ئۆباما ڕەهەندەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە ئاست عێراقدا دیاری دەکات، ٥٠ ڕۆژی ئەو سەرۆکایەتیە تێپەڕیوە، ئایا پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ٥٠ ڕۆژەکەی دیکەدا ڕواڵەتەکانی ئەم سیاسەتە بە تەواوەتی دەربکەون؟**

-ئەگەر بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکی باش یان خراپدا بڕوات ئەوا ئەمەریکا مەیلی کشاندنەوەی هێزەکانی دەبێت لە عێراقدا، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە مەترسی ئەوە لە ئارادابێت کە ئەلقاعیدە بنکە لە عێراقدا دادەمەزرێنێت. لەبەر ئەوی بایەخدان و پشتیوانییەکی ڕاستەقینە نییە بۆ ئەو شەڕەی لە عێراقدا هەیە. هەروەها بۆ ماوەیەکی دوردرێژە ئۆباما ڕای گەیاندووە کە بەرەی ڕاستەقینەی ڕووبەڕبوونەوە عێراق نییە، بەڵکو ئەفغانستانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵە ئەمەریکا بتوانێت بە ڕەوتێکی خێرا لە عێراقدا بکشێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم ئاکامی ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە و پرۆسەی پاشەکشەکە کاتی دەوێت، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەمەریکاش خوازیاری ئەوەبێت سبەینی بکشێتەوە ناتوانێت، بە تایبەتی لەبەر هۆکارە لۆجیستیەکان. بەڵام ئەگەر بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزبوون و پشێوی ئاراستەی گرت، ئەگەر شەڕ لە نێوان لایەنە عێراقییەکاندا بەرپابوو، ئەوا کاردانەوەی سەرەکی ئەمەریکا و هێزەکانی دیکە بریتی دەبێت لە هەوڵدان بۆ ئیحتیواکردنی لە چوارچێوەی عێراقدا. بەڵام ئەگەر بارودۆخی عێراق بە ئاراستەیەکی باشدا ڕێڕەوی گرت، ئەوا ئەمە لە بەرژەوەندی هەموو لایەکدا دەبێت هەر لە دەوڵەتە دراوسێکانەوە تاوەکو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بە دڵنیاییەوە لە بەرژەوەندی خودی عێراقییەکان خۆشیاندا دەبێت.

**● لە ماوەی ٥٠ ڕۆژی سەرۆکایەتیەکەیدا، ئۆباما بە تەواوەتی پشتگیری لە حکومەتەکەی مالیکی کردووە بێ ئەوەی بایەخ بە پرۆسە سیاسیەکە بدات، هەروەها ئۆباما باسی لە کشانەوەی بەرپرسیاریانە کردووە، ئایا پاشەکشەی بەرپرسیارانە بەدەست دەهێنرێت ئەگەر پرۆسە سیاسییەکەی عێراق شکست بهێنێت؟**

-ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە شکست بهێنێت ئەوا کاردانەوەکە بریتی دەبێت لە ڕاگەیاندنی ئەوەی با لەم وڵاتە بکشێینەوە، تەنیا ئەگەر نیگەرانی ئەوە لە ئارادا بێت کە ئەلقاعیدە لە عێراقدا جێ پێی خۆی قایم دەکات، لە ڕابردوودا ئەمەریکا لوبنانی جێهێشت، لە سۆماڵ کشایەوە، هەروەها لە ڤێتنام ئەم کارەی کرد، کاتێك بارودۆخەکە بە یەکجاری هەرەسی هێنا بڕیاری کشانەوەی دا لەو وڵاتەدا.

**●لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەو ڕاستیە دەرکەوت کە هیچ لایەك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی داهاتوو بڕوانین، ئەوا حکومەتێکی ناسەقامگیر لە عێراقدا دروست دەبێت، ئەمەش هەمیشە مەترسی ڕوودانی کودەتای**

**سەربازی لێدەکرێت بە حوکمی مێژووی عێراق، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

-فەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریکا بۆ ماوەی چەند ساڵێکە باس لە ڕوودانی کودەتا دەکەن، بە دڵنیاییەوە ئەم ئەگەرە لە ئارادایە. حاڵەتی حکومەتی ناسەقامگیر لە زۆرێك لە وڵاتاندا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە ئیسرائیلدا، بەڵام ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم، ئەوا لە حاڵەتی ڕوودانی کودەتای سەربازی ڕوویدات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بایەخێکی کەمی پێ دەدات.

**●مالیکی هەوڵی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵات دەدات، کە سوپا هەڵبستێت بە بەرگری لێکردنی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئایندەی وڵاتێك چی دەبێت ئەگەر تێکەڵکردنی لایەنی سیاسی و سەربازی تێدا ڕوویدات؟**

-ڕەنگە هەندێ جار پشت بەستنی زیاد لە پێویست بە دامەزراوەی سوپا لە لایەن حکومەتەوە بۆ لاوازی ئەدای هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بگەڕێتەوە.

**●چاودێران لە ئاست ئایندەی عێراقدا گەشبین نین، بۆ نموونە ئاین و سیاسەت تێکەڵکراون، ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە بۆتە ناکۆکی لەسەر دەسەڵات، حزب و حکومەت تێکەڵکراون، وەك حزبی دەعوە، هەروەها سوپا و سیاسەتیش تێکەڵکراون، ئایا بێ یارمەتی ئەمەریکا و بێ بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکرێت ئەم لایەنانە لێکجیابکرێنەوە؟**

-لە ڕاستیدا بینینی ڕۆڵێکی گرنگ لە لایەن سوپاوە لە سیاسەتەدا یاخود ئاین یان ئایدۆلۆژیا لە سیاسەتدا شتێکی زۆر نائاسایی نییە، بۆ نمونە، ڕەنگە لە وڵاتێکدا پارتی کۆمۆنیستی هەبێت (تێکەڵکردنی سیاسەت و ئایدولۆژیا) و سوپاش ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لەم سیاسەتی ئەو وڵاتەدا (تێکەڵکردنی سوپا و سیاسەت) بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەمە حاڵەتێکی باش بێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەمە حاڵەتە حاڵەتێکی باوە و ڕوودەدات. ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەوڵبدرێت جیاوازیەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە یەکلابکرێنەوە بێ پەنابردنە بەر توندوتیژی.

**●خەڵکی کوردستان نیگەرانن لە ئاست کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئایا تا چ ڕاددەیەك دەستکەوت و ئاسایش و سەقامگیری ئەم هەرێمە بەم پاشەکشەیە دەکەوێتە مەترسیەوە، ئایا ئیدارەکەی ئۆباما بایەخ بە پاراستنی دەستەکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەدات؟**

-من پێموایە ئۆباما پتر بایەخ بە پاراستنی یەکێتی عێراق و ڕێگەگرتن لە هەڵوەشاندنەوەی دەدات، ئەگەرچی حاڵی حازر لە ڕووی ئەمری واقیعەوە دابەش بووە. من لەو باوەڕەدانیم جارێکی دیکە ئەمەریکییەکان گیانی سەربازییەکانیان بکەنە قوربانی لە کاتی بەرپابونی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان عێراقییەکاندا جا ئەو شەڕە لەسەر هەر بنەمایەك بێت، بە هەمان شێوە بۆ هەرێمی کوردستانیش، پێشبینی من ئەوەیە کاردانەوەی ئەمەریکا هەوڵدان دەبێت بۆ ئیحتیواکردنی دەرئەنجامەکانی ئەو شەڕە.

**●حکومەتی عێراقی نایەوێت بە ئاسانی کێشەی کەرکوك چارسەربکات، بە تایبەتی مالیکی هەوڵی دروستکردنی بەربەست دەدات لەم ڕووەوە بۆ نمونە لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دا، ئەمە لە کاتێکدا ئەمە گرنگترین پرسە لای کورد و سەرکردایەتی کورد، ئایا بارودۆخەکە بەم شێوە درێژە بکێشێت ئایا پێشبینی بەرپابونی شەڕ لە نێوان و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکەیت؟**

-من نازانم ڕوودەدات یان نا، بەڵام لە حاڵەتی ڕوودانیدا ئەوا ئەمەریکا گرنگی زۆری پێنادات، لەبەر ئەوەی لە سەردەمی ئیدارەی بۆشدا و لە کاتی سەرهەڵدانی شەڕی نێوان شیعە و سوننەکاندا کاردانەوەی گەلی ئەمەریکا ئەوەبوو دەبێت لەو وڵاتە بکشێینەوە، لەبەر ئەوە من پێموایە لە حاڵەتی شەڕی نێوان و کورد و عەرەبەکانیشدا هەمان کاردانەوە بەدی دەکەین.

**●دوا وتەت چیە؟**

-نابێت بەو شێوەیە لە دیموکراتی بڕوانین کە بێ کەموکوڕی و کێشەیە، لەبەر ئەوەی دیموکراتی دەرفەت بە دەربڕینی بیروبۆچونی جیاواز دەدات، ئەوا زۆرجار ناسەقامگیری و پشێوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام گرنگە ئەوەیە هەمو لایەك پابەندبن بە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی جیاوازیەکانیانەوە و پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن.



●●●

**ئەگەر عێراق وەک وڵاتی سۆمالی لێبێت، ئەوا هەوڵ دەدرێت ئیحتیوای توندوتیژی و ئاکامەکانی بکرێت بۆ ئەوەی نەپەڕێتەوە بۆ دەوڵەتە دراوسێکان و دەوروبەر، بۆ نمونە لە بۆسنیادا هەمان سیاسەت پیادەکرا**

●●●

●●●

**لەو باوەڕەدانیم جارێکی دیکە ئەمەریکییەکان گیانی سەربازییەکانیان بکەنە قوربانی لە کاتی بەرپابونی شەڕی ناوخۆیی لە نێوان عێراقییەکاندا جا ئەو شەڕە لەسەر هەر بنەمایەک بێت، بە هەمان شێوە بۆ هەرێمی کوردستانیش**

●●●

مایکل بۆیڵ بۆ گوڵان:

# حکومەتەکەی مالیکی بە تەواوەتی نوێنەرایەتی خەڵکی عێراق ناکات و حکومەتێکی ناسەقامگیرە



پرۆفیسۆر مایکل بۆیڵ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی سات ئەندریۆس لە سکۆتلاند و یەکێکە لە شرۆڤەگەرە دیارەکانی بارودۆخی عێراق لە بەریتانیا وپسپۆرو تایبەتمەندە لە توندوتیژی سیاسی، تیرۆریزم، دەستێوەردانی مرۆیی، بونیادنەوە لە دەوڵەتی فاشیلدا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بۆ قسەکردن لەسەر پرسە پەیوەندەرەکان بە عێراق و ئایندەی عێراق، پرۆفیسۆر مایکل بۆیڵ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

**• ئایا پێشبینیەکانت بۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا چییە ؟**

- ئەوەی ئاشکرایە کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە بواری توندوتیژی تائیفیدا بەدی دەکرێت، ئەگەرچی هێشتا چەندین تەحەددی ئەمنی مەترسیدار لە ئارادان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی و بە بەراورد بە دوو ساڵ پێش ئێستا بارودۆخە ئەمنیەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشچووە و ژمارەی هێرشەکان کەم بوونەتەوە.

**•ئایا بێ بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا حکومەتی عێراق دەتوانێت کۆنترۆڵی بارودۆخە ئەمنییەکە بکات؟**

-ئەوەی گومانی تێدانییە ئەوەیە لە کاتی بوونی هێزەکانی ئەمەریکادا حکومەتی عێراقی توانای ئەنجامدانی ئەم ئەرکەی هەیە، بەڵام من هیچ هۆکارێك نابینم عێراق نەتوانێت رەوشی ئەمنی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکات لە دوای کشانەوەی تێکرای هێزە جەنگاوەرەکانی سوپای ئەمەریکا لە ساڵی ٢٠١١دا هەروەك ئۆباما رایگەیاندووە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت بە باشی سوود لەو ماوە ئینتیقالییە وەربگرێت بۆ پەرەپێدانی توانای هێزە ئەمنییەکانی.

**•وا نزیکەی ٥٠ رۆژی بەسەر سەرۆکایەتی ئۆباما تێپەڕدەبێت، ئایا پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ٥٠ رۆژەکەی دیکەدا رواڵەتەکانی ئەم سیاسەتە بە تەواوەتی دەربکەون؟**

- بەڵێ، من پێموایە ئۆباما سەرمایەیەکی سیاسی گەورەی هەیە و سیاسەتی بوێرانە دەگرێتەبەر، ئەگەرچی هەلومەرجێکی دژواریش لە ئارادایە بەهۆی ئەو قەیرانە ئابووریەی دووچاری ئەمەریکا هاتووە. ئۆباما لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیەکاندا، بەڵێنی پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی ئەمەریکای لە عێراقدا بە خەڵکی ئەمەریکا دا و من پێموایە بەردەوام دەبێت لەسەر پیادەکردنی سیاسەتی کشاندنەوە لە ماوەی داهاتووشدا تێڕوانینی تەواوی خۆی بۆ ئایندەی ئاشکرا دەکات، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکاوە. ئەگەر پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا رووبەڕووی گرفتی جیددی و مەترسیدار ببێتەوە، بۆ نموونە حکومەتەکەی مالیکی لە ئاستێکی بەرزی گەندەڵیەوە تێوەبگلێت، یاخود پەنا بۆ توندوتیژی ببات، ئەوا هەمو ئەمانە دەبنەهۆی تێکدانی پلانەکانی ئۆباما، لەبەر ئەوەی پلانەکانی ئۆباما پشت بە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی دەبەستن، بەو پێیە ئەگەر ئەم پرۆسەیە شکست بهێنێت ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو پلانانە.

**• لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەو راستییە دەرکەوت کە هیچ لایەك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا، ئەگەر لەم روانگەیەوە بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی داهاتوو بڕوانین، ئەوا حکومەتێکی ناسەقامگیر لە عێراقدا دروست دەبێت، ئەمەش هەمیشە مەترسی روودانی کودەتای سەربازی لێدەکرێت بە حوکمی مێژووی عێراق، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- هەمیشە روودانی کودەتای سەربازی یەکێکە لە ئەگەرەکان، بەڵام من پێموانییە ئەمە ئەگەرێکی نزیك بێت بە تایبەتی لە ئایندەی نزیکدا، راستە حکومەتەکەی مالیکی بە تەواوەتی نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی خەڵکی عێراق ناکات و حکومەتێکی ناسەقامگیرە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی دۆخە ئەمنیەکە ئەمە دەرئەنجامێکی نائاسایی نییە، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد هەمیشە ئەم مەترسیە لە ئارادایە بە تایبەتی کە حکومەتەکە گرفتارە بە دەست بێ متمانەی لە سەر بنەمای تائیفی و ئاستی بەرزی گەندەڵیەوە، ئەگەرچی ناتوانین بڵێین روودانی کودەتای سەربازی لە ئان ساتدایە. ئەو کاتە مەترسی روودانی کودەتای سەربازی لە ئارادا دەبێت ئەگەر سوپای وڵاتەکە رۆڵێکی گەورە ببینێت لە ژیانی سیاسی ئەو وڵاتەدا، لەبەر ئەوە دەبێت هەمیشە دەسەڵاتی مەدەنی باڵادەست بێت بەسەر سوپادا. حاڵی حازر مالیکی دووچاری تەنگژەیەك بۆتەوە، لەبەر ئەوەی لە لایەك پێویستە پەرە بە ئەدا و توانای هێزە ئەمنیەکان بدات بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەددیە ئەمنیەکان، لە لایەکی دیکەوە دەبێت رێگە نەدات باسکی سوپا ئەوەندە ئەستور بێت ببێتە هەڕەشە بۆ سەر حکومەتەکە.

*** بەڵام ئایا بەهێزبوونی حکومەتی مەرکەزی بە بیانووی باشترکردنی رەوشی ئەمنی سەرناکێشێت بۆ دروستبونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بە سەرۆکایەتی مالیکی؟**

- من پێموایە لە حاڵەتی بوونی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزدا هەمیشە مەترسی روودانی کودەتای سەربازی و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە ئارادایە، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم لەم قۆناخەی ئێستادا ئەمە لە عێراقدا رووبدات.

*** چاودێران لە ئاست ئایندەی عێراقدا گەشبین نین، بۆ نموونە ئایین و سیاسەت تێکەڵکراون، ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە بۆتە ناکۆکی لەسەر دەسەڵات، حزب و حکومەت تێکەڵکراون، وەك حزبی دەعوە، هەروەها سوپا و سیاسەتیش تێکەڵکراون، ئایا بێ یارمەتی ئەمەریکا و بێ بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکرێت ئەم لایەنانە لێکجیابکرێنەوە؟**

- ئیدارەی ئەمەریکا هەوڵ دەدات دەستێوەردان لە ژیانی سیاسی عێراقدا نەکات، چونکە ئەمە بە کار و ئەرکی خۆی نازانێت و بە پێی سیاسەتی ئۆباما ئەمەریکا ئەوە بەسەر عێراقیەکاندا

ناســـەپێنێت کە چ ڕەوتێك بگرنەبەر لە پرۆسە سیاسییەکەدا، واتە دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیار لە ئایندەی سیاســـی خۆیان بدەن، نەك ئەمەریکییەکان. ئەرکی ســـەرەکی ئەمەریـــکا دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری دەبێت بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە ئینتیقالییە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت، بە چەشنێك لە عێراقدا حکومەتێکی دیموکراتی و کارا هەبێت.

*** ئێمـــە دەزانین لە دوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا عێراق جارێکی دیکە بەرەو عەسکەرتارییەت دەڕوات، پرسیارەکە ئەوە ئایا لـــە بنەڕەتدا ئامانجی ئەمەریکا ئەوەبـــوو دووبارە عێراق لە لایەن دەسەڵاتێکی سەربازیەوە حوکم بکرێت؟**

- بـــە دڵنیاییـــەوە ئامانـــج و بەرژەوەندی ئەمەریـــکا ئەوە نەبوو دەســـەڵاتێکی ســـەربازی حوکمی عێراق بکات، ئـــەوەی حاڵی حازر بەدی دەکەین کە مالیکی ســـەرقاڵی بنیاتنانی سوپایەکی بەهێـــزە بۆ ڕووبەڕبوونەوەی ئەو گرفـــت و تەحەددیە ئەمنییانەی لـــە ئارادان، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیـــدا گرفت نییە ئەگەر ئەم سوپایە دەستێوەردان لە ژیانی سیاسی وڵاتەکەدا نەکات و باڵادەست نەبێت بەســـەریدا، بە چەشنی ئەوەی لە پاکستاندا بەدی دەکەین. مەترســـییەکە لە ئەگەری ڕوودانی کودەتای سەربازیدایيە، بەڵام لەم ساتەوەختەدا ئەم ئەگەرە لە عێراقدا لە ئارادانیە. دواتر ئەرکی ئەمەریکا دیاریکردنی ئەو ڕەوت و ئاڕاســـتەیە نییە کە پرۆسەی سیاســـی لە عێراقدا دەیگرێتەبەر، ئەمە بـــۆ عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە.

*** خەڵکی کوردســـتان نیگەرانن لە ئاست کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئایا تا چ ڕاددەیەك دەستکەوت و ئاسایش و سەقامگیری ئەم هەرێمە بەم پاشەکشـــەیە دەکەوێتە مەترســـییەوە؟ یاخود ئایا ئەمەریکا لەم ڕووەوە پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان دەکات؟**

- من پێموایە بە شـــێوەیەك لە شـــێوەکان ئەمەریکا ڕۆڵ دەبینێت بۆ پشـــتیوانیکردن لە کوردەکان بۆ ئـــەوەی کوردەکانیش هاوکاربن لە بنیاتنانی حکومەتێکی دیموکرات و تەندروســـت لە عێراقدا، بە دڵنیاییەوە لە دەستدانی دەستکەوتە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا نییە.

*** کوردەکان لەوە نیگەرانن کە وڵاتـــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەمتر بایەخ بە کێشـــە ناوخۆییەکانـــی عێراق دەدات، بە تایبەتی کێشـــەی کەرکـــوك، ئایا تـــا چ ڕاددەیەك ئەمەریـــکا ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، لە کاتێکدا کە خۆی ئامادە دەکات بۆ کشانەوە لە عێراقدا؟**

- دەبێت ئەو راســـتیە بزانین کە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لـــە عێراقدا بەو مانایە دێت کە چیتر ئەمەریکا ئەرکی شـــەڕ و ڕوبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆی یاخیبوون لە عێراقدا ئەنجام نادات، بەڵام ئەمە بە مانایە نایەت کە چیتر ئەمەریکا بایەخ بە بەرەوپێشچوونی بارودۆخە سیاسییەکە نادات، بە پێچەوانەوە ئەمەریکا بەرژەوەندی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقدا بە شێوەیەکی عادیلانە و ئاشتییانە بە تایبەتی گرژی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی مالیکی و مەسەلەی یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوك.

**• ئۆبامـــا تەرکیـــزی ئەمەریکای لە عێراقەوە بۆ ئەفغانســـتان گۆڕیـــوە، هەروەك هەندێ لە چاودێران پێیان وایە شـــەڕی عێراق شـــەڕی ئیدارەی بۆش بوو، لەبەر ئەوە ئۆباما بە هەر نرخێك بێت کۆتایی بەم شەڕە دەهێنێت، ڕاوبۆچوونی ئێوە چیە لەم ڕووەوە؟**

-سیاســـەتی ئۆباما گۆڕینی ئەرکی هێزەکانـــی ئەمەریکایە لە عێراقدا و کشاندنەوەی هێزە جەنگاوەرەکانی سوپای ئەمەریکایە بۆ ئەوەی لە سەقامگیرکردنی دۆخی ئەفغانستاندا بیانخاتەگەڕ کە بارودۆخەکە لەو وڵاتە بەرەو خراپی و ئاڵۆزبوون ئاڕاستەی گرتووە، بە پێچەوانەوەی عێراقەوە کە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەوشی ئەمنی بەرەوپێشـــچووە. بەڵام ئەگەر بارودۆخی عێـــراق بەرەو ئاڵۆزبوون بڕوات، ئەگەر مەترســـی ڕوودانی کودەتای ســـەربازی لە ئارادا بێت، ئەوا پێموایە ئۆباما بە سیاسەت و پلانەکانی خۆیدا دەچێتەوە، لەبەر ئەوەی پێشـــتریش ئۆباما ڕایگەیانـــدووە کە هەموارکردن لە پلانەکانیدا ئەنجام دەدات بەلەبەرچاوگرتنی پێشنیار و ڕاسپاردەکانی فەرماندە ســـەربازییەکان. واتە ئەگەر شەڕی ناوخۆیی ڕوبدات و حکومەت دیکتاتۆرانە ڕەفتار بـــکات، ئەوا ئەمەریکا پێداچونەوە بە سیاســـەتەکانییدا دەکات لە ئاســـت عێراقدا، ئەمەش بە مانای کۆتایهێنانـــە بە شـــەڕی عێراق بە شـــێوەیەکی بەپرســـیارانە و عادیلانە، لەبەر ئەوەی کشـــاندنەوەی بەرپرسیارانە هەروەك ئۆباما ڕایگەیاندووە بەو مانای دێت کە لە دوای پاشەکشەکە توندوتیژی و ناسەقامگیری بەرەو هەڵکشان نەچن.

**• ئێمە دەزانین بێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد عێراق سەقامگیر نابێـــت، گرنگە نییە چەند حکومەتی مەرکەزی بەهێزبێت، لەبەر ئەوەی لە ڕژێمی سەددام حوسێن بەهێزتر نابێت کە لەو سەردەمەشدا لەبەر ئەوەی کێشەی کورد چارەسەرنەکرا، عێراق ئارام نەبوو، ئایا یەکلانەکردنەوەی ئەم کێشـــەیە تا چەند مەترسیە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری عێراق؟**

بە دڵنیاییەوە دەبێت کێشـــەی کورد لە ڕێـــی گفتوگۆوە لەگەڵ حکومەتی مالیکیدا چارەسەر بکرێت، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە مالیکیش ڕوبەڕوی چەندین تەحەددی ئەمنی و ئابووری بۆتەوە و ڕەنگە لەم ڕووەوە پێویست بەوە بکات کاتێکی زیاتری پێبدەن.

**• حکومەتـــی عێراقی نایەوێت بە ئاســـانی کێشـــەی کەرکوك چارســـەربکات، ئەمە لە کاتێکدا گرنگترین پرســـە لای کورد و ســـەرکردایەتی کورد، ئایا بارودۆخەکە بەم شێوە درێژە بکێشێت، پێشـــبینی بەرپابوونی شـــەڕ لـــە نێوان و حکومەتـــی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکەیت؟**

- نەخێر ، من هیوادارم ئەمە ڕوونەدات، ڕاستە بێ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، بێ ســـەلماندنی مافی کوردەکان، لە مەودای دووردا عێراق ئاشـــتی و گەشەکردن بە خۆیەوە نابینێت، بەڵام من ئومێدەوارم کە شـــەڕ و توندوتیـــژی ڕوونەدات بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە.

**• دوا وتەت چییە؟**

- من دڵنیام ئەمەریکا هۆشیارە بەو ڕاستیەی کە کێشەیەکی زۆر لـــە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی مالیکیدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا من پێم وایـــە دەکرێت کار لەگەڵ حکومەتـــی مالیکیدا بکەن و لە ڕێی گفتوگۆ و دانوســـتاندنەوە بتوانن کێشەکان یەکلابکەنەوە و ڕێگە بە سەرهەڵدانی توندوتیژی نەدەن، کـــە ئەمەش لـــە بەرژەوەندی عێراقێکی ســـەقامگیر و گەشەکردودایە.

**●●●**

**کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بەو مانایە دێت کە چیتر ئەمەریکا ئەرکی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی یاخیبوون لە عێراقدا ئەنجام نادات**

**●●●**

**●●●**

**ئەگەر شەڕی ناوخۆیی ڕوبدات و حکومەت دیکتاتۆرانە ڕەفتار بکات، ئەوا ئەمەریکا پێداچونەوە بە سیاسەتەکانییدا دەکات لە ئاست عێراقدا، ئەمەش بە مانای کۆتایهێنانە بە شەڕی عێراق بە شێوەیەکی بەپرسیارانە و عادیلانە**

**●●●**

تۆماس ئەمبرۆسۆی بۆ گوڵان:

# بەبێ بوونی هێزەکانی ئەمەریکا ئایندەیەکی تاریک چاوەڕوانی عێراق دەکات



**پرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس داکۆتا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئتنییەکان و سیاسەتی نیودەوڵەتی و سەرۆکی بەشی سیاسەتە لە زانکۆی ناویراو، پرۆفیسۆر ئەمبرۆسۆی دەمێکە ئاگاداری بارودۆخی سیاسەتی ئەمەریکایە لە عێراقدا و هەروەها ئاگاداری بارودۆخی هەرێمی کوردستانیشە، بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسانە پرۆفیسۆر ئەمبرۆسۆی بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**

**• عێراق بە قۆناخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت، باری ئاسایشی لەرزۆکە و پرۆسەی سیاسیی لە بارێکی خراپدایە ئایا بەڕێزت چۆن ئەو واقیعە دەخوێنەوە؟**

- حاڵی حازر عێراق بە قۆناخێکی ئینتیقالیدا تێدەپەڕێت، ئیدارەی ئۆباما خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکایە و کەمتر تەرکیز و هەوڵەکانی لە عێراقدا چڕ دەکاتەوە، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا ئەو بەرەوپێشچوونەی ئەمنیەی بەدەستهاتووە درێژە دەکێشێت یان نا. هەروەها بەلەبەرچاوگرتنی ئەو هەلو مەرجە ئابوورییەی لە ئەمەریکادا هەیە، ئەوا کەمتر و کەمتر بایەخ بە سیاسەتی دەرەوە دەدەرێت، مەبەستم ئەوەیە لە کاتێکدا عێراق لە سەروی ئەولەویاتەکانی سەرۆك بۆشەوە بوو، بەڵام ئەم بایەخ و گرنگیپێدانە لای ئۆباما بەرەو داکشان چووە. گرنگە خەڵکی عێراق لەم راستیە تێبگەن و رەچاوی بکەن.

**• خەڵکی کوردستان نیگەرانن لە ئاست کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، ئایا تا چ رادەیەك دەستکەوت و ئاسایش و سەقامگیری ئەم هەرێمە بەم پاشەکشەیە دەکەوێتە مەترسیەوە؟**

- ئەوە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا عەرەبە شیعەکان کە باڵادەستن بەسەر حکومەتی عێراقدا هەوڵی درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتووی خۆیان دەدەن بۆ هەرێمی کوردستان یان نا، هەروەها دەوەستێتەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك. لە لایەکی دیکەوە وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا پلانی هێشتنەوەی نزیکەی ٣٠،٠٠٠ بۆ ٥٠،٠٠٠ سەربازی لە عێراقدا هەیە، مەسەلەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا ئەم هێزانە لە چ شوێنێکی وڵاتەکەدا جێگیر دەکات، ئایا لە کوردستاندا جێگیریان دەکات کە هەندێ لایەن پێیانوایە ئەمە بیرۆکەیەکی باشە، یاخود لە ناوەڕاست و باشووری وڵاتەکەدا، کە رەنگە ئەمە یارمەتیدەر نەبێت بۆ کوردەکان.

**• بۆچی سەرۆك ئۆباما بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ باردۆخی عێراق دەکات؟**

- ئەوەی دەبێت خوێنەرانی ئێوە لێی تێبگەن ئەوەیە، ئۆباما هەوڵ دەدات دژە- بۆش بێت، واتە ئەوەی سەرۆك بۆش کردویەتی ئەم پێچەوانەی بکاتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە خوازیارە گۆڕانێکی بنەڕەتی دروست بکات لەگەڵ سیاسەتەکانی بۆشدا، ئەمە نەك هەر لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی مەسەلە ناوخۆییەکان و ئابووری و چەندین مەسەلەی دیکەش.

**• کوردەکان لەوە نیگەرانن کە وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکا کەمتر بایەخ بە کێشە ناوخۆییەکانی عێراق دەدات، بە تایبەتی کێشەی کەرکوك، ئایا تا چ رادەیەك ئەمەریکا ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، لە کاتێکدا کە خۆی ئامادە دەکات بۆ کشانەوە لە عێراقدا؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەمەریکا کەمتر و کەمتر بایەخ بە مەسەلە ناوخۆییەکانی عێراق دەدات بە مەسەلەی کەرکوکیشەوە، ئیدارەی ئەمەریکا دەیەوێت عێراق ئەوەندە سەقامگیربێت بۆ ئەوەی زەمانەتی کشاندنەوەی هێزەکانی بکات لەو وڵاتەدا، ئۆباما بەڵێنی کشاندنەوەی هێزەکانی بە گەلی ئەمەریکا داوە و هەوڵی جێبەجێکردنیان دەدات، دووپاتی دەکەمەوە ئامانجی سەرەکی ئۆباما کشانەوەیە، ئەوەی پتر ئەولەویەتی ئۆبامایە مەسەلە ناوخۆییەکانە، واتە بایەخدانی سەرەکی و بنەڕەتی ئەو پەیوەستە بە مەسەلە ناوخۆییەکانەوە، ئەوەی پەیوەست بێت بە کشانەوەی بەرپرسیارانە. منپێم وایە ئەمە تەنیا لێدوانێکی سیاسییە و مەبەست لێی ئەوەیە لە کاتی کشانەوەکەدا عێراق ئەوەندە سەقامگیر بێت کە زەمانی سەرکەوتنی پرۆسەکە بکات، بەڵام ئەگەر دواتر بارودۆخەکە ئاڵۆز بوو، ئەوا ئۆباڵەکەی ناکەوێتە ئەستۆی ئۆباما، ئەمە مەزەندە منە و من نازانم بە راستی چی لە ناو ئەم ئیدارەیەدا دەگوزەرێت.

**• لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەو راستییە دەرکەوت کە هیچ لایەك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا، ئەگەر لەم روانگەیەوە بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی داهاتوو بڕوانین، ئەوا حکومەتێکی ناسەقامگیر لە عێراقدا دروست دەبێت، ئەمەش هەمیشە مەترسی رووداني کودەتای سەربازی لێدەکرێت بە حوکمی مێژووی عێراق، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- رەنگە لە حاڵی حازردا ئەمە ئەگەرێکی دوور بێت بە بەراورد بە بە ساڵانی پەنجاکان کە زنجیرەیەك کودەتا روویدا و ئەو کاتە سوپا زۆر بەهێزتر بوو بە بەراورد بە ئێستا، ئەوەی بەلای منەوە زیاتر ئەگەری روودانی لێدەکرێت ئەوەیە کە دابەشبوونێکی گشتی لە عێراقدا رووبدات کە رەنگ ئەمەش لە قازانجی کوردەکاندا بێت و کۆنترۆڵی حکومەتی بەغدا لاوازتر بێت و ئەو کاتە ناکۆکی لە نێوان سوننە و شیعەکاندا رووبدات

لەسەر کۆنترۆڵکردنی وڵاتەکە. ڕەنگە سوپا ئەوەندە بەهێز نەبێت بتوانێت دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی بەسەر تێکڕای وڵاتەکەدا بسەپێنێت، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەگەری دابەشبونی عێراق و سەرهەڵدانەوەی شەڕ و ناکۆکی شیعە و سوننە هەیە لەسەر کۆنترۆڵکردنی حکومەتی عێراقی، لەبەر ئەوەی هەر حکومەتێك شیعەکان باڵادەست بن بەسەریدا، ئەوا بەسەر سوپاشدا باڵادەست دەبن و ئەمەش ئەگەری یاخیبونی سوننەکانی لێدەکەوێتەوە. لە حاڵەتی ڕوودانی ئەم ناکۆکیەدا ڕەنگە پەیوەندی نێوان کوردەکانی باکوور و تورکیاش بەرەو ئاڵۆزی بچێت بە تایبەتی کە تورکیا بەرهەڵستی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات لەو ناوچەیەدا.

**• عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەند و بەشێکی گەورەی داهاتی وڵاتەکە بۆ لایەنی سەربازی تەرخانکراوە بە بیانوی سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە؟**

- واقیعەکە ئەوەیە سوپای عێراق لە باری پشێویدایە، ئەگەر عێراق سوپایەکی بەهێز و تۆکمەی هەبوایە وڵاتە یەکگرتووەکان بە ڕەوتێکی خێراتر پاشەکشەی دەکرد لە عێراقدا، بەڵام کێشەکە تەنها تەرخانکردنی داهات نیە بۆ سوپا، بەڵکو گرفتەکە لە سوپای عێراق ئاستی مەشق و تۆکمەی ئەم دامەزراوەیەیە.

**•چاودێران لە ئاست ئایندەی عێراقدا گەشبین نین، بۆ نموونە ئایین و سیاسەت تێکەڵکراون، ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە بۆتە ناکۆکی لەسەر دەسەڵات، هەروەها سوپا و سیاسەتیش تێکەڵکراون، ئایا بێ یارمەتی ئەمەریکا و بێ بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا دەکرێت ئەم لایەنانە لێکجیابکرێنەوە؟**

- لە ڕاستیدا بێ بوونی هێزەکانی ئەمەریکا ئایندەیەکی تاریك چاوەڕوانی عێراق دەکات وەك وڵاتێکی دیموکراسی و لیبراڵی، لێرەدا پێویستە دیموکراسی و لیبراڵیزم لێکجیابکەینەوە، لە ڕاستیدا لە سەرەتادا ئامانجەکە چەسپاندنی لیبراڵیزم بوو، وەك سەروەری یاسا و ڕێزگرتن لە بەرهەڵستکاری سیاسی و هتد، بەڵام کێشەکە ئەوەیە عێراق وڵاتێکی دابەشبووە، کە حاڵی حازر ئەم دابەشبونە سوپاشی گرتۆتەوە.

**• ئایا یەکلاکردنەوەی کێشەکانی کورد تا چەند مەترسیە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری عێراق، بە تایبەتی مالیکی هەوڵی دروستکردنی بەربەست دەدات لەم ڕووەوە، بۆ نموونە لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠دا؟**

- من پێموایە هەرچییەك لە عێراقدا ڕووبدات، ئەوا چارەسەرکردنی کێشەی کورد تا دوا ڕادە زەحمەتە تەنانەت لە باشترین هەلومەرجیشدا، ئەوەش دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا عێراق وەك وڵاتێکی یەکگرتوو دەمێنێتەوە، یان نا، هەروەها دەوەستێتەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داهاتی نەوتدا، لەبەر ئەوەی نەوت هەم داهات و هەم دەسەڵاتیشە، ئەو ناوچانەی ناکۆکیشیان لەسەرە لە نێوان کورد و سوننەکاندا سەرچاوەی نەوتیان تێدایە. هەروەها مەسەلەکە ڕەهەندێکی ئیقلیمیشی هەیە، بە تایبەتی وڵاتێکی وەك تورکیا کە بایەخ بە بارودۆخەکە دەدات، من پێموایە لە حاڵی حازردا چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە مەحاڵە، لەبەر ئەوەی لایەنەکان بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە کە قابیلی گفتوگۆکردن نین، لەبەر ئەوە من بە شێوەیەکی گشتی گەشبین نیم، بەڵام ڕەنگە بکرێت کوردەکان بتوانن بارودۆخی خۆیان ڕێکبخەنەوە لە کاتێکدا ناکۆکیە سەرەکییەکە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا بێت.

**• بەڵام حکومەتی عێراقی نایەوێت بە ئاسانی کێشەی کەرکوك چارەسەربکات، ئەمە لە کاتێکدا گرنگترین پرسە لای کورد و سەرکردایەتی کورد، ئایا بارودۆخەکە بەم شێوە درێژە بکێشێت ئایا پێشبینی بەرپابوونی شەڕ لە نێوان و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەکەیت؟**

- ئەگەر ئەمەریکا بکشێتەوە و وڵاتەکە بەرەو دابەشبون بچێت ئەوا ئەم ئەگەرە لە ئارادایە، بەڵام من پێموایە ناکۆکی و گرژیەکە زیاتر لە ناوەڕاستی وڵاتەکەدا چڕ دەبێتەوە، هەروەها من لەو باوەڕەشدانیم ئەمەریکا دووبارە دەستێوەردان بکاتەوە، بەلای کەمەوە لە ماوەی ساڵ و نیوێکی دیکەدا، ئۆباما پتر سەرقاڵە بە مەسەلە ئابووریە ناوخۆییەکانەوە، هەروەها لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠دا هەڵبژاردنی کۆنگریس لە ئەمەریکا دەکرێت، لەبەر ئەوە لەم مەسەلەیەدا زیاتر کێشە ناوخۆییەکان ڕۆڵ دەبینن. من هیوادارم کێشەکان چارەسەربکرێن، شتێکی باشە ئەگەر گەشبین بیت، بەڵام من لە ئاست بارودۆخی عێراقدا کەمتر گەشبینم.



●●●
**لە کاتێکدا عێراق لە سەرووی ئەولەویاتەکانی سەرۆك بوشەوە بوو، بەڵام ئەم بایەخ و گرنگیپێدانە لای ئۆباما بەرەو داکشان چووە. گرنگە خەڵکی عێراق لەم ڕاستیە تێبگەن و ڕەچاوی بکەن**
●●●

●●●
**ئۆباما هەوڵ دەدات دژە-بوش بێت، واتە ئەوەی سەرۆك بوش کردویەتی ئەم پێچەوانەی بکاتەوە**
●●●